# مۆزایکی خۆشەویستی و مردن

**نووسینی**
**ناتالیا ڤیکۆ**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

**ناوی کتێب: مۆزایکی خۆشەویستی و مردن**

**بابەت: چیرۆکی وەرگێڕدراو**

**و. لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

**دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١٧٤)**

**چاپخانە: کارۆ**

**چاپی یەکەم- ٢٠١٢**

**تیراژ: (٥٠٠)دانە**

## کورتە پێشەکییەک

لە ماوەی چەندین ساڵی ئیشکردنمدا لە بواری وەرگێڕاندا ئەمە یەکەمین ڕۆمانە وەریدەگێرم بۆ کوردی.. ئیش نەکردنم لە ڕۆماندا لەبەر بێتوانایی نەبووە لەو بوارەدا هێندەی ئەوەی بوارەکانی ترم بە پێویست زانیوە، بەتایبەتی هەندێ لەو بوارانەی دەبنە سەرچاوە بۆ خوێندکارانی زانکۆ و توێژەر و لێکۆڵەران. بەڵام یەکێك لەو ڕۆمانەی دوای خوێندنەوەی بە پێویستم زانی ئیشی تێدا بکەم ئەم ڕۆمانەی ژنە نووسەری ڕووسی (ناتالیا ڤیکۆ)یە.. هۆکاری بنچینەییم لە وەرگێڕانیدا ئەوەیە ئەم ڕۆمانە لەسەر ژیانی گەورە دەرهێنەری شانۆی ڕووسی (فسیفۆڵد مایرهۆڵدە)" دیارە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ ئەم کارەم پێشکەش کردنی زۆرترین زانیارییە لەسەر ژیان و میتۆدە شانۆییەکانی مایرهۆڵد.

ژنە نووسەر( نیهاد ئیبراهیم) پێشەکییەکی بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە کە لە دوو بەش پێکهاتووە.. بەشێکیان کورتە باسێکە لە ژیانی مایرهۆڵد و ئەو قۆناغە هەستیارەی ئەو تێدا ژیاوە، وێڕای باسکردنی شاعیری گەورەی ڕووسیا سێرجی یەسەنین و زینایدا



رایخ لە هەردوو قۆناغی ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ یەسەنین و دواتریش مایرهۆڵد کە هەموویان کارەکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانەن..بەشی دووهەمی پێشەکیەکە باس لە شێوازی نووسینی ڕۆماننووس ناتالیا ڤیکۆ دەکات..

بەشی یەکەمم بە پێویست نەزانی، چونکە لە کتێبی (ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد)ی دکتۆر فازڵ جاف کە بەندە و کاکە کامەران سوبحان کردوومانە بە کوردی و بە سوپاسەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە ساڵی ٢٠٠٣ دا چاپی کردووە.. بە شێوەیەکی فراوانتر باس لە ژیان و ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵدکراوە و خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو کتێبە بگەڕێتەوە..بۆیە تەنها بەشی دووهەمی پێشەکیەکەم وەرگێڕا کە بەناوی ( لە سیماکانی دەقی ڕۆمان) و تایبەتە بە شێوازی نووسین لای (ناتالیا ڤیکۆ). هیوادارم بەو دوو کتێبە توانیبێتم زۆرترین زانیاری لە بارەی ژیان و شانۆی مایرهۆڵدەوە بۆ خوێنەری کورد دەستەبەر بکەم.. زۆر سوپاس بۆ هەر کەسێك هاوکاری کردبێن..

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە
٢٠١١/١٠/١٦

## * له سیماكانی دەقی رۆمان

له گرنگترین خەسڵەتەكانی نووسەر ناتالیا ڤیكۆ كه له كتێبەكەی تریدا ( عناكب فی المصیده) ئاماژەمان پێداوه، ئیشكردنێتی له نێوجەرگەی كۆمەڵگەی رووسی و قسەكردنێتی له خەم و ناسۆر و هیواكانی هاوڵاتیانی له هەر بارودۆخێكدا بووبێت..بۆیه شتێكی نامۆ نابێت كه ئیشەكانی ئەم ژنه رۆماننووسه رووسیه سەرباری نووسینی نوێخوازانه و دەربڕینی گۆشەنیگاكانی بەو شێوازه نووسینه، هاوكات چێژێكی تایبەتی رووسیایی به خوێنەر ببەخشێت.

ئەگەر نووسەر له (عناكب فی المصیده) دا كه سێ رۆمانه له ژێر یەك ناونیشاندا، جەختی له كەسێتی رووسی كردبێتەوه له سەردەمی هاوچەرخدا، له رۆمانی (مۆزایكی خۆشەویستی و مردن) دا باس له كەسێتی تاكی رووسی دەكات له سەردەمێكی كۆنتردا كه سەردەمی دوای شۆڕشی بەلشەفیه..كەسێتی رووسی ئەو قۆناغه به هەموو بیروبۆچوون و كێشه و پێكهاته درامیه جۆراوجۆرەكانیەوه..لەم رۆمانەیشدا به هەمان شێوه چێژه رووسیه ناوخۆییەكه به هەموو كارەكتەر و كات و ژینگەی شوێن و كات و سایكۆلۆژیەوه بەدیدەكرێت.



هێشتا كۆمەڵگەی رووسی لەم رۆمانەدا لای نووسەر زۆر به سەركەوتوویی و تێگەیشتنێكی روون و لێكۆڵینەوەیەكی زانستییانه رۆڵی پاڵەوانی رەها دەبینێت، لەگەڵ دیاریكردنی ئامانجەكانی هەر لەسەرەتا و شێوازی تەعبیركردن لێیان. راسته نووسەر به بەراورد لەگەڵ كتێبەكەی تریدا كه كتێبی یەكەمێتی شێوازی نووسینی خۆی كەمێك هەموار كردووه، بەڵام وا پێدەچێت لەم رۆمانەدا ئەزموون رۆڵی خۆی گێڕاوه له سەقامگیریی پێكهاتەی كەسێتی نووسەر خۆی و پاراستنی كۆڵەكەی گشتیی میتۆدی فیكری و داهێنان..به ئاسانییش هەندێ لەسەرەداوه هاوبەشەكانی هەردوو ئیشەكەیدا بەدیدەكرێت..پەیبردن به هەمان بیرۆكەكان له هەردوو كارەكەدا ئاسانه، بەڵام كەمێك گۆڕانكاریی تێدا كردوون..به تایبەتی كه ئەم رۆمانه بۆ یەك بابەت تەرخان كراوه و ئەمەیش دەرفەتی زیاتر بۆ ئەنجامدانی وردەكاری و رووداو و راستیەكان رەخساندووه..

نووسەر دوای ئەوەی متمانه بەدەست دێنێت و دەروازەكانی ئەندێشەی بۆ دەكرێنەوه و وەك پێویست هان دەدرێت بۆ ئەوەی خۆی رابگەێنێت..ئیدی دەچێته نێو مەودایەكی وەها مەترسیدار و هەستیاری قۆناغی دەسەڵاتی ستالین و پەیوەندیی به تیرۆركردنی گەوره هونەرمەندانی ئەو سەردەمه..

لە کتێبکەی تریدا (عناکب فی المصیدە) چەند تەعبیرێکمان هەڵبژارد کە تیایدا ئەندرێ ئۆلیگۆفیچی خاوەن بانك قسە بۆ سفیتلانای خێزانی و یۆریکی برای دەکات، بەرلەوەی پێیان بڵێت ئەگەر شتێك روویدا دەتوانن قاسەکەی بکەنەوە.

– خۆتان دەزانن لە دۆخێکداین رووداانی هەموو شتێك چاوەڕوان کراوە..!

خوێندنەوەکەمان بۆ نووسینی ڤیکۆ لەسەر بنچینەی ئەم دەستەواژانەبووە..بەو حیسابەی کە کۆمەڵگەی رووسیای هاوچەرخ دوچاری نووشتانەوەیەکی توند هات دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت و گۆڕانی لە ناکاوی سیستمی کۆمۆنیزمیی بە سیستمی سەرمایەداری کە تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتە نە پێشبینییان کرد و نە خۆیشیان بۆ ئامادە کردبوو..ئەوەیش بووە هۆی رووداانی چەندین رووخان و ماکی ترسناك لە کەسێتی رووسی و ژێرخانی ئەو وڵاتە. هەر بەوهۆیەشەوە کار گەیشتە ئەوەی تەنانەت لە نێوان ئەندامانی خێزانێکدا متمانە بەیەکتری نەمێنێت، وەك ئەندرێ ئۆلیگۆڤیچی خاوەن بانك رایگەیاندووە.. بە ڕوانین بۆ رۆمانی (مۆزایکی خۆشەویستی و مردن)، هەمان تەعبیر دەبینینەوە لە سەر زمانی سێرجی یەسەنینی شاعیر کە دەڵێت:

**– لای ئێمە ئەگەر هەیە هەموو شتێك روودات !**



لێرەیشدا دەگەینە هەمان دەرەنجامی نێو ناخی کەسێتی رووسی کە بریتیە لە نەبوونی متمانە لە نێوان حاکم و مەحکوم و نێوان داڕێژەرانی سیستم و پەیڕەوکەرانی. ئەوەی دەرکی بەو هەقیقەتە تاڵەیش کردووە شاعیرێکی بلیمەتە کە دەتوانێت بە پێی بەهرە و دید و ڕوانین خۆی و توانای خوێندنەوەی رووداوەکان و شیکردنەوەی رابردوو و روانین بۆ ئایندە، لە دووریشەوە وێنەکان بە روونی ببینێت..سێرجی باس لەو ساتەوەختە ناکات کە تیایدان، بەڵکو باس لە ئایندەی نزید و دوور دەکات، چونکە ئەوەی لە سەردەمی ستالیندا روویان دەدا، ئاماژە بوو بەوەی کۆمەڵگەی رووسی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەستێکی پۆڵاینەوە و بە درێژایی چەندین نەوەی دواتر تووشی نەهامەتی و دەردەسەری دەبێت. هەرچەندە دۆزەکانی نێو رۆمانی مۆزایکی خۆشەویستی و مردن دۆزی رەسەنی رووسین و ئاماژەن بۆ دۆزە ناوخۆیەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام گەر لەدیدێکی دوورترەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین.. دەبینین خەباتی هونەرمەند بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی دەربڕین پرسێکی جیهانیی ئەزەلیە لە دەرەوەی سنوورەکانی شوێن و زەمەنەوە..بە تایبەتی کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی رژێمی دەسەڵاتداری رووس لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، هەموو جیهانی لە هەموو ئاستەکاندا گرتەوە.

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا ئیشی بە چیرۆك لە نێو چیرۆكدا كردووە كە میتۆدی "شانۆ لە شانۆ" مان دێنێتەوە یاد..چیرۆكێك دەكاتە چوارچێوەی گشتی و لەنێو ئەو چیرۆكەدا یەكێك لە كارەكتەرەكان خوێنەر دەباتە دنیای چیرۆكێكی ترەوە لە ژێر هەمان چەتری چیرۆكە سەرەكیەكەدا..ئەویش لە پێناوی بەردەوامیدان بە هەمان میتۆدی نووسینی ڕۆمانەكەی تری..جا ئەم كارە لە شێوەی خەونێكی درێژدا بێت لەنێو چوارچێوە واقیعیەكەدا، وەك ڕۆمانی "امرأە ڤی قلب السعادە"دا، یان وەك چەندین چیرۆكی تر كە لە یەك چیرۆك و فلاش باكی پچڕ پچڕ یان ساتەوەختی لەیادچوون وەرگێراوە..وەك هەردوو ڕۆمانی" لیلە أكتمال القمر ، عناكب ڤی المصیدە". بەڵام گەمەكە لەڕۆمانی " مۆزایكی خۆشەویستی و مردن"دا ڕوونتر، هونەریترە..بێ پەنابردنیش بۆ ساتەوەختە خۆكرد، یان ساتە دروستكراوەكان..لەم ڕۆمانەیدا "ئانا"ی ئەكتەر لەگەڵ برۆنسیلاڤ دەرهێنەردا خۆی بۆ بینینی ڕۆڵی پاڵەوان لە فیلمێكی سینەماییدا ئامادە دەكات، كە تیایدا ڕۆڵی ئەكتەری ناودار زینابییدا ڕایخ دەبینێت..ڕایخ هاوسەری مایرهۆڵد كە پیاوانی ستالین لە شوقەكەیدا دەیكوژن، تا لە سایەی پاكتاوی سیاسیدا خۆی و مایرهۆڵدی هاوسەریشی لەناوبەرن. ئەم پاڵەوانە وا هەستەكات لە سیناریۆی فیلمەكەدا دیمەنی كوژرانی زینابییدا



ڕایخ بە بێ هۆكارێكی دیار لابراوە..بۆیە دەچێت بۆ شوقەكەی تا بۆ خۆی هەست بە هەموو شتێك بكات و لە ڕێی هەستی شەشەمیەوە بۆن و بەرامەی ڕابردوو بكات. زۆر كەس ئەوپەڕی هەوڵ دەخەنە كار بۆ ئەوەی ئایندەی چاوەڕوان كراو بناسن و بۆ ئەو مەبەستە بەربەستەكانی میتافیزیك دەبڕن..بەڵام هەوڵدان بۆ چوونە نێوجەرگەی نهێنیەكانی ڕابردوو بۆ خۆی پرسێكە جێی سەرسوڕمان..لێ هاوكات ئەوەیشمان بۆ دەسەلمێنێت كە بە بێ ڕابردوویەكی ڕوون و دیار نە ئێستایەكی بێ كێشە و نە ئایندەیەكی دروستمان دەبێت. بۆیە دەبێ هەموو وردەكاریەكانی بزانین چەندە تا ئەو ڕادەیەش توند و شۆكدار بێت. بەوجۆرە نووسەر خوازەیەكی چڕ و جیهانێكی هونەری بۆ ژیانی كۆمەڵگە درووست دەكات..لە نێو ئەو دوو چەمكەیشەوە جیهانگەلێكی قووڵتری جێگرەوە دێنێتە ئارا كە بتوانێت لە نێو خۆیدا چەندین چینی پێكناكۆك و پێكداچوو بمژێت.

لەم لۆژیكەیشەوە كچە ئەكتەری هاوچەرخی ڕووسی دەچێتە ناو كارەكتەری زینابییداوە..گەیشتینە خاڵی كارلێك و قبوڵكردنی توانای یەككەوتنی تەواو لە نێوان كارەكتەری ڕاستەقینە لە واقیعدا و خودی پاڵەوانەكە لە فیلمەكەدا، هەرچەندە دەرهێنەری فیلمەكە ئەكتەرەكەی لەوە ئاگادار كردۆتەوە كە هێندە نەچێتە

نێو ڕۆڵەکەیەوە تا تووشی تێکچوون و بەڵکو شێت بوونیش نەبێت:

**– ئەگەر گەمەکە بە گەمەیی نەمایەوە ئیتر کەس ناتوانێت پەردەکە داداتەوە..**

ئەو گەمەیەش کە سەرباری ئاگاییدانە روونەکەی دەرهێنەر بەردەوام لێرە و لەوێ لەگەڵیدا دەڕۆین و چاویدەکەین، لە واقیعدا ئاگاییدانێکە بە درێژەدان بە ئیشکردن لەسەر میتۆدی ستانسلافسکی لە ئاوێتەبوونێکی تا رادەیەك پەرگیرانە و بانگەشەیەك بۆ رامان لە میتۆدی برێخت لە شکاندنی دیواری چوارەم و فریونەخواردن، تا دواجار پاڵەوانەکان بە دەردی ئەم پاڵەوانەی لێ نەیەت. لە چوارچێوەی چیرۆك لە نێو چیرۆکدا نووسەر هەندێجار پەنا دەبات بۆ بەرجەستەکردنی میتۆدی برێخت، ئەویش بە پێی توانا بڕینی ساتەکانی ئاوێتە بوون و گواستنەوە بۆ رەوتێکی جیاواز لەسەر ئاستی دەروونی، بەڵام بەبێ تێکدانی سیستمی گێڕانەوە، ئەویش لە میانەی گوێ گرتنەوە لە قسەی کارەکتەرەکان، یان کتوپڕ دەرچوون لە حاڵەتی گێڕانەوەی یادەرەوەریە داپچڕاو و جیاوازەکان لەو دەنگانەی رووداوەکان دەگێڕنەوە، سەرباری گێڕەرەوەکان..بەڵام دواجار هەموو ئەمانە دەڕژێنەوە نێو هەمان چوارچێوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ساتەکان، هەڵوێست و



کارەکتەرەکان روونا‌کتر دەبنەوە لە دەرەنجامی دوورکەوتنەوەی چەند هەنگاوێکی گونجاو لە رووداوەکان و ئاوێتەبوونیان، چونکە ڕوانین بۆ وێنەیەك لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بێگومان دیدێکی جیاوازیشی لێ دەکەوێتەوە.

**برۆنیشکا راستی کرد کە هۆشاری کردەوە لەوەی بەوجۆرە دوور نەڕوات ..مێژوو تا رادەیەك لە ئەبیلهۆلی بێدەنگەوە نزیکە کە نهێنیە ترسناکەکانی حەشار دەدات..نابێ هەڵکوتینە سەر شەیتان، باشتر وایە لێی نزیك نەکەوینەوە دەنا دەرەنجامەکان خراپ دەکەونەوە.**

گەر هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم بڕگەیەی رۆمانەکە بکەین، دەبینین ئەو مێژووەی نووسەر مەبەستێتی مێژوویەکی رابردووی زۆر دوور یان ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر نیە، بەڵکو مەبەستی لەوجۆرە رووداوە تایبەت و مەترسیدارانەیە کە دەشێت لە تویێ رۆژگارەکانەوە بخرێنە نێو کۆگای زەمەنی دوور و نزیك و حەشار بدرێن. بۆیە ئەم ئاماژەیە بۆ مێژوو لە رۆمانی مۆزایکی خۆشەویستی و مردندا ئاماژەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کەوتوونەتە سەرئاسۆی کۆمەڵگەی رووسیەوە..بۆیە نووسەر ئەو مێژووە پڕ لە نهێنیە ترسناکانە بە ئەبیلهۆلی بێدەنگ دەچوێنێ. لە رۆمانی "عناكب في المصيده"شدا هەمان شێوازی بەکارهێناوە، لەگەڵ جیاوازی

رەهەندی ئەبستراکت لە بەرانبەر رەهەندی بەڵگەنەویستدا.. لە رۆمانی "عناكب فى المصيده" قاسەی سووچێك لە سووچەکانی بانکەکە بووەتە چاودێری ئێستا و رابردوو و گەواهیدەری چەسپاندنی ئەو مێژووەی هەموو شتێك لە بارەی پاڵەوانەکانیەوە دەزانێت..تەنانەت لە کۆتاییدا بە قووتدانی بۆ ئەبەد سزای پاڵەوانەکەی دەدات. لە رۆمانی "أمرأە فى قلب السعاده" یادەوەری و نەستی پاڵەوان هەمان رۆڵ دەبینێت لە وەرگرتنی هەموو رووداوەکانی دەوروبەر لە ئاستی پێکداچوونی شوێن و کات، ئەویش بەپێی لۆژیکی خواوەندی گێڕەرەوەی بە ئاگا لە هەموو شتێك. بە هەمان شێوە تەلەفزیۆن لە رۆمانی "لیله اکتمال القمر" هەمان رۆڵ دەبینێت کاتێك دەبێتە هەمان ئامرازی تۆمارکردنی مێژوویی رووداوەکان، ئیتر ئایندە لە دەلالەتە راستەقینەکانی ئەودیوی رووداوەکانی تێگەیشتبێت یان نا.

بەلام گەر بە راستی بمانەوێت بڕوانینە ناواخنی مێژوو و هەڵبکوتینە سەر نهێنیەکانی ئەبیلهۆل، پێویستمان بە ئاوێنەیەکی ئەمین و راشکاو دەبێت راستیەکان و هەموو ئەوانەی ناخیمان نیشان بدات ئیتر بەهای ئەو کارە چەندە بێت و چەندەیش لە دەرخستنی راستیەکاندا دوا بکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر ئاوێنەی کەسانێك بێت لەگەڵ خودی خۆیان تەبا بن لایکەمی لە ئاستی بیروباوەڕە گشتیە نیشتیمانیەکانیان. وەك



لەکارەکتەرەکانی مایرهۆڵد و یەسەنین و زینابیدا رایخدا تێبنیی دەکەین. هەرچەندە ئەو کارەکتەرانەیش لە دەرەنجامی زیاد بلیمەتی لەسەر ئاستی کەسێتی و کۆمەڵایەتیدا دوچاری خورپەی دەروونیی کاریگەر هاتن..بەلام چەمکی سیاسی و عەشقی دڵسۆزانەیان بۆ نیشتیمان نەگۆڕا.. لە ڕاستیشدا مێژوو و ئاوێنەکانیشی قووڵترین و راستگۆترینی ئەو کۆگایانەن کە هەرگیز وێنەکانی ناخیان بەهەدەر نادەن.

لە رۆمانی "مۆزایکی خۆشەویستی و مردن" دا خۆشەویستیی وڵات و داوای ئازادی کۆمەڵگە و فیکر سزای قورسیان لە یاسادا هەیە. چەندین کارەکتەریشی لەوجۆرەیشی تێدا دەبینین کە وێڕای جۆری گۆڕانکاریەکان ئەوان لە پێکهاتەیاندا هەڵگری رۆشنبیری و زانست و هۆشیاری و ئەزموون و خواست و توانای کارلێکن لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان، بەلام بێ چوونە نێو کایەی بەرژەوەندیە تایبەتەکان و قازانجی کەسێتی کە دەبنە هۆی قوربانیدان بە ژێرخان لە پێناوی سەرخستنی توێژی دەسەڵاتدار، مایرهۆڵد یەکێکە لەو کارەکتەرانە..هەموویشیان ئەوەیان لەبیرچوو یان لەبیری خۆیانیان بردەوە کە ئەو هونەرمەندانە چ رۆڵێکیان بینی لە هەڵگیرسانی شۆڕش و رۆشن کردنەوەی ناوچە تاریکەکانی ناخی هاوڵاتیی رووسی، وێڕای هەوڵی داهێنانی میتۆدی نوێ بۆ هونەری ئەکتەر و رامان لە کولتوری شانۆیی و

هەوڵی تەواو بۆ یاخیبوون لەو کولتورە وەك ئامانجێك نەك وەك ئامرازێك بۆ هاوڕەوت بوون لەگەڵ مەرجەكانی سەدەی هاوچەرخدا..

**— ئەم هەموو شتەیش دەزانیت..كەواتە..ئەندامانی رێكخراوەكەتمان پێ بڵێ. لە پیلانی رووخاندنی حكومەتدا كێی تریشتان لەگەڵدایە ؟**

**— پیلانی رووخاندنی حكومەت ؟!!**

ئەم دیدەی كە مایرهۆڵد بەر لە مردنی پێیگەیشت ئاستی گەورەی عەشقی ئەومان بۆ نیشتیمان بۆ دەردەخات.. چونكە لەسەر هیچ ئیش و بیروبۆچوونێكی پەشیمانی دەرنەبڕیوە، بەڵام سەراسیمە بووە لە بەخراپ بەكارهێنانی هەموو ئەو قوربانیانە لەلایەن ژمارەیەكی كەم لە سیاسەتوانانەوە، وێڕای بەگەڕخستنی شۆڕش لە ئاسۆگەلێكی بەرتەسكی بەرژەوەندیی تاكە كەسی نەك كۆمەڵگەدا. جیاوازیی زۆری ئەو كارەكتەرانە لەگەڵ كارەكتەری سەدەی هاوچەرخی رووسیا بە هەموو گۆڕان و وەرچەرخانەكانی دوای رووخانی كتوپڕی یەكێتی سۆڤێتەوە لێرەدایە..با سەرنجێك بدەینە دیالۆگی پاڵەوانی رۆمانی "عناكب فی المصیدە" :

**— ناوبانگی بانك و وڵات و نیشتمانیش بۆ دۆزەخێكی سوور..ئەوەی دواجار بەلای منەوە گرنگە تەنها پارەیە و بەس.**



نووسەر جارێكی تریش فرەجۆری تووڕەیی هاوڵاتیی رووسیمان نیشان دەداتەوە، بەڵام پاڵنەر و رواڵەت و ئامانجەكانی تووڕەیی هاوڵاتیی ئێستا و جارانی رووسیا چەندە جیاوازە ؟ لەگەڵ ئەوەیشدا كە ململانێكە هەمیشە لەنێو سیستمی ترسدا بووە كەچی بەهۆی نامۆیی و خەم و ناسۆری نێو دڵی كارەكتەرەكانیشەوە كە ناچاریان دەكات یەك رێبژاردەیان هەبێت :" تەنها خۆم و بەس !"، دوالیزمێكی خۆپەرستانە بەرهەم نایەت.. هەموو ئەو دوالیزمانەی نێو رۆمانەكە بەرمەبنای خۆشەویستیەكی بكوژن كە لە زۆرینەی بارەكاندا پەیوەندە بە مردنی مەعنەوی یان جەستەییەوە..لێرەدا مەبەستمان لە جۆرەها خۆشەویستیی نێوان تاكەكان لەلایەك و لە نێوان تاكەكان و چەمكە فیكری و ئایدیۆلۆژیەكان و عەشقی نیشتیمانە لەلایەكی ترەوە. هەموو ئەو خۆشەویستیانەیش تەنها لە سایەی بوونی ئەو كارەكتەرە ئاوێتانەدا گەشە دەكەن كە بە شێوازی خۆیان خوویان بەخۆشەویستیی وڵات و ئەوانی تریشەوە گرتووە..بە تایبەتی كە ئەوانی تر لە رەگەزی مێینەی ئەفسووناویی توندی وەك زینایدا رایخ بن كە تەنها كەسانێكی بلیمەتی وەك یەسەنین و مایرهۆڵد دەركی پێدەكەن..بۆیە ئەوجۆرە مێیانە وەك خواوەندێكی بچووكن و كەسانێكی زۆر بە بێ هۆكاری لۆژیكی دەیپەرستن كە تەنها كەسانی بلیمەتی وەك

زینابیدا رایخ و هەموو مێینە پاڵەوانەکانی تری ڕۆمانی "عناکب فی المصیدە" لێی تێدەگەن..لەگەڵ جیاوازیەکدا..کە دواجار دەبێتە هۆی درووستکردنی تۆوی ئەفسوونی گەمەکە..چونکە ڕۆمانی "مۆزایکی خۆشەویستی و مردن" ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئیشەکانی تری نووسەر، گەمەیەکە بووکەڵەی شەترەنجی کردۆتە درووشم..ئەم گەمەیە سەرباری فرەجۆریی ململانێکانی ئێرە و ئەوێ، دواجار دەکەوێتە سەر ژیریی گەمەکاران..لە گەمەیشدا هەمیشە براوە و دۆڕاوێك هەیە، لەسەر ئاستی رابردووی نزیك بێت یان دوور.

ئەم گەمە پڕ فێڵەیش پەندێکی دێرینی پڕ حیکمەتی رووسیمان دێنێتەوە یاد کە دەڵێت :" تاجی پاشایەتی ناتوانێت قەیسەر لە ژانەسەر بپارێزێت".

نیهاد ئیبراهیم

هاندەری بەردەوامیی ژیانی یەکتری بوون..هەمیشە گفتوگۆیان بە نیو وشە دەستپێدەکرد، وەك ئەوەی تەنها دوێنێ لەیەکتری جیا بووبێتنەوە. کەچی ئەمڕۆ قسەی نوێیان هەبوو..ئەم ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، لە کاتێکدا هەندێ وردە چەوی خڕی خستبووە نێو لەپی و نووقاندبووی..هەرچەند جدیەتێکی تەواو باڵی بەسەر چاوە خۆڵەمێشیە تۆخەکانیدا کێشابوو، گەرچی بە تەوسێکەوە تەماشای دەکرد. بەڵام ئەو ڕوانینەی زۆری نەخایاند..لەوە دەترسا نهێنی هەستەکانی دەربکەون.
ئەویش چاوی بڕیبووە برۆنسیلاف ئۆ برۆنیچکا وەك بە بێدەنگی بەو ناوە بانگی دەکرد..چونکە برۆنیچکا تاکە کەسی بوو دەمەتەقێیەکی لە تەکدا بکات..ئەو فەیلەسووف..شاعیر..شارەزای تەواو بوو لە نهێنی و سرووتەکانی چا بۆ هێنان لەسەر شێوازی چینیەکان. دیقەتی دابوە جووڵاندنی ئەفسووناویی سینیە بچووکەکەی دەستی و چۆنێتی لێنانی ئەو چایەی ماوەیەك لەوەوبەر لە هەرێمی تیبتەوە هێنابووی.
سەمای تیشکی مۆمەکان لە دەنکە کریستالیەکانی پەردە هەڵواسراوەکەوە دەدروشایەوە..دارعودەکانیش بە هێمنی



دەمردن و خۆڵەمێشیان دەڕژانە سەر مێزە تەختەکە..ژوورەکەیش بۆنی دووکەڵی لێدەهات. تەنها سەدای نەغمەی هوزاری نێو قەفەسێکی گەورەی نادیار بێدەنگیەکەی دەبڕی و وەك ئەوەی چێژ لە ئازدی وەربگرێت دەیخوێند. (ئانا) لەبەرخۆیەوە زەردەخەنەی دەهاتێ..برۆنیچکا دەیتوانی ئاماژەی بداتێ بەوەی هوزارەکە لە نێوجەرگەی قەفەسەکەیدا شەیدای ئازادیە و ئەویش ئامادەیە هەموو خواستەکانی بۆ بەدیبێنێت.
برۆنیسلاف کوپە چاکەی خستە بەردەمی ئانا و بە نیازەوە چاوی تێبڕی.. بەڵام لە ناکاودا کەوتە گۆرانی وتن:"پەشیمانی دەرنابڕم..کەس بانگ ناکەم.. ناگریم...". ئانا بە زەردەخەنەوە گوێی لێدەگرت..گۆرانیەکی خۆش لە گازینۆی چای چینییەوە دەهات! چ ئەفسوونێکە! ئای خودایە دەبێ ئەفسوون بێت..ئێستا دەتوانین قسە لە پرسە گرنگترەکان بکەین..
ئانا کوپەکەی بەرز کردەوە و قومێکی لە چایەکە دا.. لە ناخی خۆیەوە و بە هۆیەکەوە چاوەکانی نوقاند..
–دەزانیت؟ دەمەوێ سبەینێ بڕۆم بۆ ئەوێ..بۆ شوقەکەی.
بە شلەژانەوە لێی پرسی:
– بۆ کوێ ؟

– بۆ شوقەکەی مایرهۆڵد لە شەقامی برۆسۆفسکی..لەوێ زینابیدا رایخیان کوشت کە ئێستا من لە تازەترین فیلمدا رۆڵی ئەو دەبینم.

چایەکی تری بۆ تێکرد:

– بۆچی؟

– کاتێك مەسەلەکە پەیوەند دەبێت بە کەسایەتیی ناوداری وەك یەسەنینی شاعیر و زینابیدا رایخ و مایرهۆڵدەوە، نابێ لە خۆمانەوە هیچ شتێك بخەینە سەر دەق و هیچ جوانکاریەکی تێدا بکەین..ئەوان بە پێی قەدەری خۆیان ژیان.. کە سیناریۆکەم خوێندەوە هەستەکەم بەر لە کۆتایی هێڵێکی پچڕاوە..پێدەچێت سیناریست ترسابێت و بڕیاری دابێت هەموو شتێك تا کۆتاییەکەی نەگێڕێتەوە..بۆیە لە نیوەیدا وەستاوە..دەمەوێ بزانم لە خۆیەوە چیی بۆ زیاد کردووە.

بە جدییەوە تێڕوانی و وەرەقە کۆچینە چینیەکەی هەڵگرت تا بەختی خۆی بخوێنێتەوە..

– جا پێویست بەوە دەکات؟

– بێگومان.

برۆنسیلاف چاوی بڕییە پەڕەکان کە لای کچە هاوڕێکانی هێنابوونی و ئیتر ئاگای لە دەوروبەری نەما؟



– کچە ئەکتەرە..هەموویان تێکچوون.. بە تایبەتی ئەگەر بەهرەمەند بن..ئەیانەوێ بەسەرهاتی ژیانی کەسانێکی نەناسراو بەرجەستە بکەن، رۆحی خۆیان لە هەموو هەست و سۆزی ئەو کارەکتەرانەدا سەرف بکەن. ئەگەر دواجار نەشتوانن لەو رۆڵانە خۆیان رزگار بکەن.. شێت دەبن.

– لای من..گرنگترین شت ئەوەیە رۆڵی کاراکتەر کۆنترۆڵت نەکات..رۆڵی خۆت ببینە و هەموو شت کۆتایی هات...تێگەیشتی؟

ئانا بە بایەخەوە تەماشای کرد و بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات..ئەویش بەردەوام یاری دەکرد..بەڵام یاریی تایبەتی خۆی..هەرگیز رێگە نادات کەس لە ئیشی کەسێکی تردا تووشی بکات..

– گەر دەتەوێ یاریم لەگەڵ بکە.. گەر حەزیش ناکەیت خۆت ئازادیت.. بەڵام بیرت نەچێت یاریی خۆم تایبەتە بە خۆم..

برۆنسیلاف ژنی زۆری دەناسی و ئەوانیش دەیانناسی..ئەفسوون و سۆزی ئەو عەقڵی تێکدابوون. ئەوان نەیاندەزانی هەموو شتێك لەسنووری گەمە تایبەتەکەیدا مەحکومە و ئەوانیش بەشێکن لەو گەمەیەی. ئەوانەیش کە توانییان لە جیهانی خۆیان بخەنە سەر جیهانەکەی ئەو ..بوونە هاوڕێی.

–هەوڵ بدە سەرەڕۆیی نەکەیت.

یەك وەرەقەی كۆچینەكەی لە نێو وەرەقەكانی تردا شاردەوە. ئەگەر گەمەكە بە گەمەیی نەمایەوە.. رەنگە كەس نەبێت پەردەی كۆتایی دابداتەوە.

ئانا لە نێوەڕاستی شەقامی پڕ هەراوزەنای تفرسكۆیەوە پەڕییەوە بۆ لای دەرگایەكی گەورە كە دەچووە سەر شەقامێكی لاوەكی، دواتر سەیری لای چەپی كرد، ئەوە ماڵەكەیە. ئێستا دەچێتە ژوورەوە، بەسەر قادرمەكەدا سەردەكەوێت و زەنگ لێدەدات..بەڵام دەبێت كەمێ خۆی هێور بكاتەوە. لەبەر ئاوێنە بچكۆلە خڕەكەی تۆزێك سپیاوی دا لە دەموچاوی. لەبەرخۆیەوە وتی: جوانم..زۆر كەس پێم دەڵێن جوانی. جارێكی تریش دەیڵێمەوە.. من گەمژە نیم..ئەی بۆ بەخت بەڕوومدا ناكرێتەوە؟

" تا ئێستایش تێناگات بۆچی سێرجیی هاوڕێی باوەڕ ناكات؟ ئەی ئەو نمایشە هیچە چی بوو لەو كاتەدا كردی؟ بەلایەوە لە هەموو شۆكەكانی تری ناخۆشتر بوو. دوای ئەوەیش هەندێ جار لە شانۆ و ئێوارانیش لای هاوڕێیان بەیەك دەگەیشتن. ئەو هەمیشە ژنێكی لەگەڵدا بوو.. جارێك یەكێك لەم هاوڕێیانە و جارێكی تر لەگەڵ ژنێكی تری جیاواز لەمانە.

بەڵام خۆی.. وەك هەمیشە پیاوی ناسیاوی لەگەڵدایە..زۆرجار بە تیلەی چاوەكانیدا وا هەستی دەكرد ئێستا نا تۆزێكی تر بانگی



دەكات..ئەمیش لەبەرچاوی هەموو خەڵكییەوە رادەكات بۆ لای..بەڵام قەت بانگی نەكرد ".

ئانا چووە تەلارەكە و بە قادرمەكەدا سەركەوت بۆ نهۆمی دووەم و لەبەردەم دەرگای شوقەكەدا وەستا. هەر لەم جێگەیەوە یەكێك لە بكوژانی زیناییدا رایخ هەڵاتووە، دواتر ئەوی تریشیان، ئاسەواری دەستیان بە خوێنەوە لەسەر دیوارەكەیان جێ هێشتبوو. لە ناكاو دەرگاكە كرایەوە، ژنێكی پرچ سپیی كراس شینی یەخە سپی بینی بە تەنیا وەستاوە..بە توڕەیەوە تەماشای كرد:

– لەكەیەوە چاوەڕێتم.. تۆ وتت سەعات دوو دێم و ئێستا دوو و نیوە..

–ببوورە..رێ قەرەباڵغە..من..

پیرەژنەكە بە وشكیەكەوە وتی:

– وەرە ژوورەوە..بەڵام زۆر مەمێنەوە..چونكە دەبێ تۆزێكی تر بڕۆم.

بۆنی رۆژانی رابردوو وەك گوڵ بە نامۆیی ماڵەكەی بەرامەدار كردبوو..چەندین كارتۆنی پڕ لە دەروازەی شوقەكەدا بەسەریەكدا كەڵەكە كرابوون..دوو جانتا و هەندێ دەبەی پڕ لە خەیار و تەماتە و مرەبای جۆراوجۆریش لەولایانەوە..ئانا چاوی بڕیبووە

ئەو شتانە..خاوەن ماڵەکە تێبینیی ئەو دیقەتدانەی ئانای کرد و بە جۆرێك لە خۆتێکدانەوە کەوتە شیکردنەوە:

– بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لێرە باردەکەم !..ئەگەر نیازی بارکردنم نەبوایە نەمدەهێشت بێیتە ژوورەوە. خەڵکی ئێرەیان کردووە بە مۆزەخانە. نابینیت؟ هاتنی خەڵکی نامۆ بۆ ئێرە بەردەوامی شتێکی زۆر ناخۆشە..دەتەوێ لێرە چیت دەستکەوێ؟ تێناگەم..

ئانا بە شڵەژاویەوە یەخەی بلۆفەرەکەی هێنایەوە شوێن خۆی..

– بە تەلەفۆن پێم وتیت لە فیلمێکی سینەمایی نوێدا رۆڵی زیانییدا رایخ دەبینم. بەڵام پێموایە لە سیناریۆکەدا دیمەنی کوژرانەکەی بە تەواوی وەك خۆی نیە..بۆیە دەمەوێ بزانم هەقیقەتی کوژرانەکەی چۆن بووە.

پیرەژن چاوی گومانی تێبڕی..

– من پەیوەندیم بەم مەسەلەیەوە نیە..بەڵێ..دوای کوژرانی رایخ و تەقەکردن لە مایرهۆڵد حکومەت دەستی بەسەر ئەم شوقەیەدا گرت..

دواتر بە تووڕەیی وتی:

– لەم کاتەدا من ئیشم دەکرد..ئەمە پەیوەندیی بە تۆوە نیە. ئیتر شوقەکە خرایە مامەڵەی بە کرێ دانەوە..منیش ئەو رایخەم نەدەناسی کە تۆ باسی دەکەیت. لە ژیانمدا یەك جار چووم بۆ



بینینی(شۆخەکەی کامیلیا) و دووبارەم نەکردەوە. بۆیە ناتوانم هیچ هاوکاریەکت بکەم !

دواتر بە تووڕەیی رووی کردە دەرگاکە..ئانا بە ترسەوە بانگی لێکرد:

– من بۆ بینینی تۆ نەهاتووم..نیازیشم نیە هیچ پرسیارێکت لێ بکەم..پەیمان بێ! بەڵام پێموایە ئەگەر کەمێك بە شوقەکەدا بگەڕێم هەست بە شتێك دەکەم و لە شتێك تێدەگەم.. زانیت؟

پیرەژنەکە لێوەکانی کرۆشت و رەنگی هەڵبزڕکا و وەك سێوێکی قەپ لێگیراو چرچ بوو..

– بەڵام ئێرە هیچی لێ نیە !

ویستی شپرزەیی دەنگی بشارێتەوە..بەڵام دواتر بەدەم هەناسەیەکەوە وتی:

– قەینا..مادام هەر هاتوویت چاوێك بە شوێنەکەدا بگێڕە و زۆرت پێنەچێت

پیرەژنەکە بەهۆڵەکەدا تێپەڕی و لەبەر دەرکی ژوورەکەدا وەستا:

– بۆ وەستاویت؟ وەرە ژوورەوە ! خۆ من رێنماییکاری گەشتاریی تۆ نیم و هیچیش لەم مەسەلەیە نازانم و ناشمەوێ بزانم.

لەم وشانەی دواییدا دەنگی بە شێوەیەکی ناسرووشتی بەرزکردەوە.. وەك ئەوەی قسە بۆ کەسێك بکات لەوێ نەبێت..دواتر رووی وەرگێڕا و لە ژوورەکە چووە دەرێ و ئانایش دیقەتی دابووە باڵا رێك و سەرسوڕهێنەکەی. بە هەر هۆیەکەوە بێت یەکێك لەو کارتانەی هاتەوە یاد کە ماوەیەك لەوەو بەر دۆزیبوویەوە..

نیکۆلای ئەندرێفیچ باوکی رایخ کە دوای ناشتنی تەرمی کچە خۆشەیستەکەی بۆی دەرکەوت کچەزاکانی لە شوقەکە دەردەکرێن..تەلەفۆنی بۆ (مۆسکۆفین)ی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی سۆڤێت و خاوەنی نازناوی باڵا(نوێنەری گەل) کردوو داوای یارمەتیی لێکردووە.. ئەویش کە زانیویەتی کێیە قسە دەکات نەیهێشتووە قسەکانی تەواو بکات و بە ناشیرینی قسەکەی پێ بڕیوە:

– وابزانم دەتەوێ لە بارەی مەراسیمی ناشتنی کچەکەتەوە قسە بکەیت..وانییە؟ ئەنجوومەن ئامادە نیە بۆ ئەو مەسەلەیە یارمەتیت بدات !

ئەمیش بۆی روون کردۆتەوە کە خۆی دەتوانێت لە مەراسیمێکی شایستەدا بینێژێت و داوای ئەوە دەکات بە شێوەیەکی نایاسایی نەوەکانی لە شوقەکە دەرنەکەن..مۆسکۆفین بە کورتی و تووڕەیی وەڵامی دەداتەوە:



– پێموایە دەرکردنیان یاساییە.. نامەوێ بزانم کە..

ئەم دواین وشانەی پیرێژنەکە راستەوخۆ لە گوێی ئانادا زرنگانەوە..بەخێرایی بە ژوورەکاندا گەڕا..

– زۆر سەیر رێکخراون..

ئانا کەوتە ڕوانین بە دەوروبەری خۆیدا..هەموو ژوورەکان تا رادەیەك چۆڵ بوون..تەنها نووسینگەیەکی کۆن و هەندێ کارتۆن لە سووچەکاندا بوون. چووە نزیك پەنجەرەکە و تەماشای دەرەوەی کرد.. چەند تەلارێکی بینی لە هەمان ئاستی بەرزایی نهۆمی دووەمدا بوون..ئەگەر کەسێك بچێتە سەربانی ئەو تەلارانە.. ئەتوانێت سووك و ئاسان بێتە ئەم شوقەیەوە. ئیتر لێرەوە هەموو ئەو شتانەی هاتنەوە یاد کە لە بارەی ئەم بابەتەوە دەیزانی.

چەند رۆژێك بەر لە کوژرانی زینابییدا رایخ، کۆستیای تەمەن نۆزدە ساڵەی کوڕی چوو بۆ سەردانی داپیرەی لە گوندی کۆنستانتینۆفای نزیك شاری ریزان کە سێرگی یەسەنینی گەورە شاعیری باوکی لەوێ لەدایك بووە. تاتیانای کچیشی کە لەو دەمەدا تەمەنی بیست و یەك ساڵبووە، چەند سەعاتێك بەر لە کوژرانی رایخ لەگەڵ باوکیدا بینراوە و دواتر سەعات هەشت گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە گوند. رۆژی دوایی کچەکە بۆ بنکەی پۆلیس بانگ دەکرێت و لەوێ چەقۆیەکی مستوو

کەوانەیی نیشان دەدەن. سەرەتا پێیان وتبوو چەند تاوانبارێك هەڵیان کوتاوەتە سەر شوقەی ژمارە (١٢) لە شەقامی برۆسۆف و چەند چەقۆیەکیان لە دایکی داوە و بەر دڵی کەوتووە و برینداریان کردوە و چەقۆیەکەیشیان کردووە بە ملیدا. دواجار پێیان ڕاگەیاندووە کە زیناییدا رایخی دایکی گیانی لەدەستداوە.

هەندێ لە دراوسێکانی لە شوقەکەی مایرهۆڵدا بۆ ماوەی نیو سەعات گوێیان لە هاوار و فیزاح بووە، بەڵام وایانزانیوە ئەوە یەکێکە لەو کێشە و حاڵەتە تووڕەییانەی لەو ساڵانەی دواییدا زیناییدای دادەگرت، چونکە تووشی نەخۆشیی هەستەدەمارەکان هاتبوو و بەهۆی کوژرانی مایرهۆڵد و دوای پرسەکەیشی نەخۆشیەکەی خراپتر بووە.

لەو شەوەدا بەڕێوەبەرەکە لە شوقەکەدا و لەودیوی پەردەکەوە خەوتبوو و هیچ کاردنەوەیەکی خێرای بۆ ڕووداوەکە نەبووە. دوایی هەستاوە و و چۆتە ژوورکەوە و زیناییدای بینیوە بە کوژراوی خەڵتانی خوێن کراوە. یەکێك لە بکوژەکان کە دوان بوون، لە باڵکۆنەکەوە خۆی کردووە بە ژوورا، هەوڵیشی داوە بکێشێت بە سەری بەڕێوەبەری شوقەکاندا، بەڵام بەری نەکەوتووە و رایکردوە و بکوژەکەش هەڵاتوە و خۆی گەیاندۆتە کێلوونی دەرگاکە، کە لە جۆرێکی فەرەنسیە و لە دەرگاکەوە بۆی دەرچووە. دیاربوو کە بکوژ زانیویەتی لە کوێوە خۆی



دەرباز بکات هەروەك زانیویەتی کێلوونەکە لە ناوەوە ئاسانتر دەکرێتەوە. خاوەنی شوقەکە بەرەو لای قادرمەکە رایکردووە بۆ ئەوەی هاوار بکات و داوای یارمەتی بکات، بەڵام گوێی لێبووە دەرگای شوقەکە داخراوە و بەوجۆرەیش زیناییدا بە تەنیا لە ژوورەکەدا گیری خواردووە و دواتر کوشتوویانە..

ئێوارە پاسەوانەکە تەلەفۆنی بۆ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن کردووە و پەیژەیەکی ناوە بە پەنجەرە کراوەکەی چێشتخانەکە و چووەتە شوقەکەوە. لەوێ بینیویانە زیناییدا خەڵتانی خوێنە و بە دەنگێك کە دواین هەناسەی بووە لە پزیشکەکە پاڕاوەتەوە و وتوویەتی:

– دکتۆر..دەستم لێ مەدەن.. تەواو بووم و ئەمرم.

هەر بە گەیشتنی بە نەخۆشخانە زیناییدا رایخ بەهۆی خوێن بەربوونێکی زۆرەوە گیان لەدەست دەدات.

ئانا لە ناخەوە ئاهێکی سەختی پێدا هات و کەوتە دیقەتدانی دەوروبەری. بەلایەوە سەیر بوو خاوەنی شوقەکە لە جێگەیەکی نزیك و لەودیوی پەردەکەوە نووستبێت و گوێی لەو هەموو هەراو فیزاحە نەبووبێت و بە پەلە داوای یارمەتیی نەکردبێت؟! خۆ رایخ وەك کچەکەی باسی کردووە بەرگریی زۆری لە خۆی کردووە و هەموو پیتاکە خوێناویەکان بە ناو ماڵەکەدا پەرش و بڵاوکرابوون.

پۆلیسەکان چوون بۆ کۆستانتینۆف بۆ لای کۆستیای کوڕی
زینابیدا و بێ ئەوەی باسی هیچی بۆ بکەن لەگەڵ خۆیان
بردبوویان بۆ مۆسکۆ. لەبەردەم کۆستیادا کە چاوەکانی تووشی
کورت بینی هاتبوو لێکۆڵەر لە ناکاودا وێنەیەکی خەڵتان لە
خوێنی دایکی هەڵدەواسێت، لەوێدا کۆستیا کە دایکی زۆر خۆش
دەویست لە مەسەلەکە تێدەگات و لەهۆش خۆی دەچێت.

ئانا خۆی گەیاندە لای پیرەژنێکی خزمی مایرهۆڵد، دەروازەی
یادەوەریەکانی کردەوە و باسی ئەو ساتەی بۆ کرد کە دەچێتە
شوقەکەوە و کۆستیا دەبینێت چەقۆیەکی بە دەستەوەیە و بە
بێدەنگی و وریایی خوێنی ژوورەکە دەکرێنێت و دایدەپۆشێت.

– ئەوە چی دەکەیت؟

کۆستیا بە دەنگێکی خنکاو و بەدەم خستنی پرشە دارە
خوێناویەکانەوە بۆ نێو بوتڵە شووشەیەکی ئەولای خۆیەوە
وەڵامی دەداتەوە:

– مەیەرە پێشەوە..

کۆستیا ماوەیەک لەو کارەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

– وازم لێ بێنە.. ئەمە دواین یادگاری دایکمە بۆم ماوەتەوە..

ئانا تێگەیشت ئەم ژوورە هەر ئەو ژوورەیە کۆستیا
دایپشیوە..هەر کومبارە کۆنەکەیە..خەمناکی دایگرت و نەیزانی
چی بکات تا هێندەی زانی خۆی لەسەر چۆک بینیەوە..بە وریایی



دەستی بە کومبارەکەدا دەهێنا..هەستی بە هیچ نەکرد..وەك
ئەوەی زەویی ژوورەکە بێدەربەست و لە تەنیاییدا نوقمی
بێدەنگی بووبێت. لە ناکاودا بەدەم دەستدان لە بەرزاییەك كە
زەمەن شکستی پێ هێنابوو هەستایە سەر پێ.. پەنجەی چوو
بەو بۆشاییەدا کە بوو بووە قەبارەیەکی ئەستووری هاوشێوەی
جێڵ. هاڕەی شکانی شووشە و هەناسەبڕکێی ژنێکی تۆقیوی
هاتە بەرگوێ. دواتر..دەنگی پیاوێکی هاتە بەرگوێ کە زۆر نزیك
بوو لێیەوە: ملی..ملی..با هاوار نەکات ئەو سۆزانیە..

ئانا گوڕی وەبەر خۆی هێنایەوە تا هەستێتە سەر پێ..بەڵام وا
هەستی کرد پارچەیەك ئاسنی قورس بە قاچەکانیەوە بەستراون
و دەنگی هاوار و قیژەیش سەریان کاس کردبوو. وا هەستی کرد
لەوشوێنەدا کە نیو سەدە لەوەوبەر زینابیدا رایخ کەوتبوو،
ئەمیش لەهۆش خۆی دەچێت و لە هەمان شوێندا دەکەوێت.

– زینۆچکا ! چی بووە؟خۆ تۆ هێندە سوکەڵە نییت.

ئانا هەستی بە نوکی قەڵەمێك کرد لەسەر روومەتی.. چاوی
کردەوە و بە گرانی سەری دەسووڕاند..

– ئای خودایە..حەیام چوو..لە ماڵی نەناسێکدا دەبووریمەوە!!

بە وریایی هەستا و خۆی گەیاندە پەنجەرەکە و خۆی دا بەسەر
لێوارەکەیدا..خاوەن ماڵەکەیش پەرداخێك ئاوی بۆ هێنا.

– بیخۆرەوە.

ئانا قومێکی لێدا. ئاوەکە تاڵ و شلەتێن و تامی ژەنگ و بۆنی زێرابی لێدەهات..پیرەژنەکەیش بەردەوام دەیپرسی:

– باشتر بوویت؟ گەڕایت و سەرنجەکانت نووسی؟ ئەی دوایی چی دەبێت؟ چی دەکەیت؟خۆت دەڕۆیتەوە یان ئۆتۆمبێلت بۆ بێنم؟

ئانا دەیوست وەڵامی بداتەوە، بەڵام ترسابوو و بۆی دەرکەوت ناتوانێت وەڵامی بداتەوە. قوڕگی گیراوە و شتێکی بەسەر هاتووە.

– هەر ئەمەمان مابوو..

ترسێکی زۆر دایگرت..پیرەژنەکەیش بە گاڵتەپێهاتن و بە هەڵچوونەوە یەخەی عەزێکەی گرتبوو..

– ئەی دوایی؟ ئێستا دەنگیشت لەدەست چوو؟ دەی ..هەوڵ بە شتێك بڵێیت..

ئانا رووی بۆ دوور وەرگێڕا.

برۆنیچکا هەقی بوو لەوە ئاگاداری کردەوە بۆ ئەم پرسە ئەوەندە دوور نەڕوات..مێژوو لە ئەبولهۆلەوە زۆر نزیکە کە نهێنیە ترسناکەکانی پەنهان کردووە. هەڵکوتانە سەر شەیتان قەباعەتە. باشتر وایە زۆر لێی نزیك نەکەویتەوە دەنا خراپی لێ دەکەوێتەوە. پیرەژنەکە لە ئانا نزیك کەوتەوە و بە هێمنی باوەشی لێدا و بردی بەرەو دەرگای ژوورەکە.



– ئازیزم.. تووشی شۆك هاتوویت..دەبێ بچیتە لای پزیشك..

بەدەم رێگەوە ڕوانیە نێوچەوانی و وتی:

– تووشی بارێکی نا ئاسایی بوویت..دەبێ خۆت دڵنیا بکەیتەوە کە چیتە.

ئانا ویستی بە زۆر زەردەخەنەیەکی بۆ بکات و بە پەلە خۆی گەیاندە هۆڵەکە تا تەگبیرێك لە حاڵی خۆی بکات. لە تەنیشتی دەرگاکە ئاوێنەیەك هەڵواسرابوو. بۆ ڕێکخستنی قژی تەماشایەکی کرد.. لە ترسا وشك هەڵات کە دەموچاوی خۆی تێدا نەبینی..

– هیچ دیار نیە..

بە رۆیشتنێکی هێواش و ئەسپایی چووە پێشەوە و دەستی برد بۆ ئاوێنەکە.. لە قووڵترین خاڵی ئاوێنەکەوە روخساری زیناییدا رایخ دەرکەوت..ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئاوێنە.. پاراستنی ئەو وێنە کۆنانەی پێشتر تەماشایان کردووە. گوێی لە دەنگێکی نزم بوو..

– دەبینی چۆن سیمام پیربووە؟

ئانا لە ترساندا راپەڕی و لە دەرگای شوقەکەوە دەرپەڕی و خۆیان گەیاندە دەرەوە.

– دەبێ هەرچی زووترە بڕۆم.. یەکسەر بۆ ماڵەوە.

شەقامە هێمنەکانی مۆسۆ خۆیان دەرخست..بەفر بەسەر شانی باکەوە وەك پارچە لۆکەی سپی بەبەردەمیدا دەفڕین. ویستی لەو

گۆماوەی بەردەمماڵیان بپەڕێتەوە کە نەیدەزانی چۆن دروست بووە.. دەنگی پیاوێکی بەختەوەری هاتە بەر گوێ لە دواوە بانگی دەکرد:

– زینابیدا نیکۆلایفنا.. ئەوە تۆیت؟

–لەبەرخۆیەوە وتی: ئەو نیم..منم..من زینۆچکا نیم! !

ئانا ئاوڕی نەدایەوە و کەوتە گۆماوەکەوە..ئاوەکە شەپۆلی کورتی تێکەوت و هەندێکیش بەو ناوەدا پرژا..پاژنەی پێی تەقەی لە قیری شەقامەکە هەڵساند..کەوتە دڵە کوتێ..

– دەڵێم بووەستە..

ئانا ڕاوەستا و لەسەرخۆ ئاوڕی دایەوە.. گەنجەکە بە قژی کاڵ و باڵای کورت و بە نەرمنی کەوتە قسە:

– زینۆچکا..بمبەخشە..وابزانم بوومە هۆی ترساندنت.

باکە فێڵی لێکرد و بەرەو لای ئەو پاڵی پێوەنا و ئەویش ملی نەدەدا..تەڵێ قژی پەلکە ڕەشەکەی هەر لەخۆەوە لێبوەوە و لەوەدابوو هەستی خاوەنەکەی بدرکێنێت..

بەڵێ..خۆشحاڵە بە بیننی..بەڵام نابێ ئیشەکەی دەرکەوێت..ئەلیوشا جانین خۆشەویستی جارانی بوو..بەڵام ئەو سێرجی یەسەنینە گەنجێك بوو زوو دەگۆڕا ! دواتر عەشقێنیی لەگەڵ ئەمیرا سفیرسکیای هاوڕێی ئەمیشدا دەکرد.نەخێر..ئەم هەرگیز ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە..ئاخۆ بەڕاستێتی کە هیچی



بەلاوە گرنگ نیە.؟ کەمێکیش بایەخی پێنادات؟؟ لەبەرخۆیەوە پێکەنی.. بە دەم تەماشاکردنیەوە..وەڵامی دایەوە:

– ناتوانیت هەروا بە ئاسانی بمترسێنیت.

پێکەوە وەستابوون و هەستیان بە هاتووچۆی هیچکام لەوانە نەدەکرد کە بەلایاندا تێدەپەڕین.. زۆرینەی پیاوان تەماشای زینۆچکایان دەکرد..چونکە سپیکەلە و قژ رەش و تا بڵێیت جوان بوو.. تەنها چاوەکانی ئەو جوانیەیان دەردەبڕی.. زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە:

– دەڕۆم تا بزانم تۆیت یان تۆنییت؟

– بۆ خەیاڵت وەها وێنای بۆ کردوویت من تا هەتایە لە لیژنەی چالاککردنی ئەدەب لە نووسینگە دادەنیشم و ئیتر شەقام و دەرەوە نابینم؟

– ئەی بۆ چەندین رۆژ تێدەپەڕن و دەرناکەویت و ناتبینین؟

بە بازێك لە گۆماوەکە پەڕیەوە و بە قەراخی شۆستەکەدا دەڕۆیشت. سێرجی کڵاوەکەی سەری رێکخستەوە و کەوتە دوای.. زینۆچکا بەدەم پیشاندنی جۆرێك لە بەرائەتەوە پرسیی:

– مینا وتی بە نیازیت بڕۆیت بۆ سۆلۆفسکی.

زینۆچکا تەنها بۆ ئەوە ئەم قسەیەی کرد تا ماوەی پێکەوە بوونەکەیان زیاتر بکات، لە کاتێکدا بیروخەیاڵ و یادەوەریەکانی

لە ئاسمانی ئەو ڕۆژەدا دەفڕین، سێرجییش بەهۆی هەنگاوە خێراکانی ئەمەوە تووڕەیی دایگرتبوو.

– یەسەنین و جانین پێکەوە دەچن بۆ سۆلۆفسکی و مینایان بۆ ئەو سەفەرە داوەت کردووە.

ئەی زینۆچکا چی بکات؟ بۆ کەس ئەوی داوەت نەکردووە؟ بە ئاشکرا هەست بە قەڵیس بوونەکەی دەکرا.. بە مینای هاوڕێی وت:

– مینا..لەم کاتەدا لەگەڵیان دەڕۆیت کە حیزب خۆی بۆ کۆبوونەوەی سیاسی ئامادە دەکات؟

زینۆچکا کەمێك بیری کردەوە و دواین وتەکانی بەخۆشیەوە تەواوکرد.

منیش دەتوانم. چ شتێك ڕێگرم دەبێت لەوەی منیش مۆڵەت وەربگرم؟ لە ناخەوە هێندە شەیدای سەرچڵیم خۆیشم سەرسامی خۆمم. بەڵێ..بەڵێ..منیش دەمەوێ بڕۆم ! چی تۆی سەرسام کرووە؟

مینا بە تووڕەیی دوای کەوت:

– ئاخر کەس داوەتی نەکردوویت !

– نیگەران مەبە! من هیچ بایەخێك بەم یەسەنینەی هاوڕێت نادەم! خەڵکی زۆر لەو موهیمتر دڵیان پێمەوەیە !



زینۆچکا تەڵە قژە بە جوانی داهێنراوەکانی مینای بەردا، بە پەلە ڕۆیشت تا مۆڵەت بۆ ئەو سەفەرە وەربگرێت کە کەس داوەتی نەکردووە.. داوەتی دەکەن! حەز و خواستی بۆ ئەم کارە لە هەموو شتێ گرنگترە! سێرجی بە خۆشیەوە لێی پرسی:

–بەڵێ..بیرمان لەوە کردەوە..دێیت لەگەڵمان؟

زینۆچکایش بە چاوەکانی وەڵامی هەمان خۆشحاڵی ئەوی دایەوە:

– هیچ گومانتان بۆ دروست بوو لەوەی من بۆ نەهاتن داوای لێبووردن بکەم؟

سێرجی بە ڕوویەکی گەشەوە باوەشی پێدا کرد بێئەوەی هەستەکانی بشارێتەوە..

– من هەمیشە ڕاستیەکەی دەڵێم..زۆرکەس ئەم بە ڕاشکاوی قسەکردنەی منیان بەدڵ نیە!

زینا لەبەردەم خانوویەکی بچووکدا وەستا:

– سوپاس کە تا ئێرەت گەیاندم.

بە دەست خواحافیزیی لێکرد و خۆی کرد بە ژوورا تا سێرجی سوورهەڵگەڕانی کوڵمەکانی نەبینێت. زوو خۆی گەیاندە قاتی سەرەوە و لەسەر قادرمەکە دانیشت:

– چی بووە ئەی دڵە گەمژەکەم؟ بۆ وا کەوتوویتە خورپە! ! ئایا بەختەوەریت یان دەتەوێ لە شتێك ئاگادارم بکەیتەوە؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا..هەستێکی نامۆ دایگرت بەوەی هەر هێندەی لەوسەر قادرمەیە هەستا ئیتر شتێك لەژیانیدا دەگۆڕێت.. گۆڕانێك یەکجار روو دەدات و بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت..

– هەستێکی شێتانەیە، بەڵام...

بۆ ماوەیەکی کەم ئاگای لە دەوروبەری نەما..

ئێستا دەتوانم پشت بە هەستی خەملێنەری خۆم ببەستم..

یەکەم ناوێك ئەمڕۆ گوێم لێ دەبێت ناوی هاوسەری ئایندەمە..

یەك هاوسەر و تا ئەبەد..

زینابیدا هەستا و کلیلەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. لە شوقەی هاوسێکانەوە دەنگێکی هاتە بەر گوێ:

–سێریوجا ! کاتی نان خواردنە ! لە کوێی هەی زۆرزان!

سێریوجا؟؟ نا.. نابێ..هەرگیز نابێ!

زینا بە پێکەنینەوە چووە شوقە بە تاڵەکەی.

* * *

دارستان و شیو و دۆڵ و گوندەکان بە خانووە بچووکەکانیانەوە هێندە لە چاوەڕوانیدا نەبوون و بە زوویی بوونی خۆیان خستە ڕوو..

– بەمجۆرە تەماشام مەکە!



زینۆچکا ویستی خۆی پیشانی سێرجی نەدا کە لەبەردەمیدا دانیشتبوو و لە بە بێدەنگی ڕوانین بۆ ئەم تێر نەدەبوو..ئەو چاوانە زۆر نامۆن..هەرگیز کەسێکی نەبینیوە چاوەکانی بەو رەنگە بن. بە ئومێدی بە پەرۆشی و شەوقەوە ڕوانین بۆ چاوەکانی لە قسەکردن بەردەوام بوو:

– ئەمەوێ گوێ لەوە بگریت کە من بیری لێ دەکەمەوە.

زینۆچکا بە کەمێك خێرا قسەکردنەوە وتی:

– نازانم.. ناتوانم !

– هەوڵ بدە..

زینۆچکا لەسەرخۆ چاوەکانی هەڵبڕی، بە هۆیەکەوە ترسێکی هاتێ..سێرجی بە جۆرێك لە هۆشیاری و فەرمانەوە وتی:

– دەستم بدەرێ.

دیدەکانی لە تەماشاکردنی دەرگاکەدا وێڵ بوون..

– ئێستا جانێن دێتە ژوورەوە.

– جانێن بۆ دۆزەخ ! دەستم بدەرێ !

بە قسەی کرد و دەستی بۆ درێژ کرد.. شتێکی جوانە هەندێجار کەسێکی تر دەستت بگرێت و پێکەوە بڕۆن.. سێرجی زۆر بە نەرم و نیانی لێوەکانی گەیاندە دەستی..

– جەستەت تا ئەم رادەیە نەرمە.. دەڵێی ئاوریشمە..

–سێریوجا !

دەستی کێشایەوە..

– چی دەکەی؟

–ها ها، هی هی هی...

جارێکی تر بە سۆزەوە پەنجەکانی خستەوە نێو پەنجەکانی..

– دەنگ هەڵمەبڕە دەیترسێنیت!

بە سەرسوڕمانەوە..

– دەیترسێنم؟

بە چرپەوە:

– مەبەستم ئەو هەستەی پێشووە.

ئەمیش خۆی خستە بازنەی چرپەکانەوە..

– کام هەستی پێشوو؟

– هەستی پێشوو بە خۆشەویستی..سەیرم کە..سەیری چاوەکانم..

سەری زینۆچکای خستە نێوان هەردوو دەستی..

– بڕوانە ! دەبێ سەیرکەیت.. من دەمەوێ !

– ئەوەی تۆ دەتەوێ گرنگ نیە.

زینۆچکا ویستی بە قسەی نەکات، بەڵام یەك ڕوانین بۆ چاوەکانی بێدەنگی کرد. ئەو هەستەی پێشووی لا نامۆ نەبوو. تەنها بۆ ئەو هەستەیش چوو بۆ سۆلۆفسکی.



لێوەکانی سێرجی بە وریایی، بە ئەسپایی لە لێوەکانی نزیك بوەوە.. لێوەکانی کۆکتێلێك بوو لە نەرمونیانیەکی بێسنوور و هێزی پیاوەتی و توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو. لە دڵی سێرجیدا پرسیارێك هەبوو ئەم زۆر پەرۆشانە وەڵامی دایەوە..گەرچی پێشبینیی وەڵامەکەیشی نەدەکرد..چونکە لە شوێنێکی قووڵایی ناخ و ڕۆحیدا خۆی حەشار دابوو..دەترسا دان بەوەدا بنێت. لە هزر و بیرەکانی خۆی هەڵدەهات. بەڵام بۆی دەرکەوت ئەو هەڵهاتنە هەنگاونانێکە لە بازنەیەکی بە تۆکمەیی داخراودا. حەزێکی سەرشێتانە دایگرت بەوەی لەنێو ئەو پیاوەدا بتوێتەوە و لەناخیدا جێگیر بێت و ببێتە دڵ و ڕۆحی. کاریگەریی دڵبەرانەی زینۆچکا چاوە شینەکانی ڕەش داگەڕاند. کەوتە ماچکردنی ڕوخسار و قژ و ڕوومەت و شانەکانی.

– بە جدی خۆشت دەوێم؟

دەرگای کابینەی شەمەندەفەرەکە کرایەوە و جانین لەبەر دەرگەکەیدا وەستا.. وەك تیشکێکی زۆر تیژ بەر چاوی کەوتبێت بۆ چەند ساتێك دۆش داما..بەنغرۆیی لە بێدەنگیدا تەماشای دەکردن. سێرجی بە کامەرانیەوە پێشوازیی لێکرد:

– ئیلیوشکا..وەرە ژوورەوە ! لەبەردەرگاکەدا دۆش دامەمێنە.. لە ڕاستیدا..

سێرجی دەستی زینای بەرنەدا.

– زینایی‌دا رازی بووە ببێتە هاوسەری ژیانم.

سێرجێ بە کاوەخۆ جەختی لەم وشەیەی دوایی کردەوە..ئەویش بەنەرمی لە تەنیشتیەوە دەستی بە قۆڵ و باڵیدا دەهێنا.

– هێشتا وەڵامێکم نەداوەتەوە.

سێرجی بە چپە وتی:

– بەڵام رازی بوویت..ئێستا.. هەر ئێستا رازی بوویت..ئێستایش دەچین بۆ فۆلۆژدی.

زینۆچکا بۆ چەند ساتێك واقی وڕما.

– ئەوە چی دەڵێیت؟!

سێرجی جارێکی تر و بەدەم دیقەتدانی جانینەوە وتیەوە:

– ئێستا دەچین بۆ فۆلۆژدی..تۆ رازییت ببیتە شایەتی ئەم هاوسەرگیریە؟

شەمەندەفەرەکە لەریەوە و خێرایییەکەی کەم کردەوە..جانین بە چەند سەرنجێکی وێڵ و سەراسیمە ڕوانیە زینۆچکا.. بە کزییەکەوە وتی:

– هیچ شتێ لە نێوانتاندا روویداوە ؟

ئەم ویستی وەڵامی ئەلیکسی بداتەوە و باسی داوێن پاکیی بۆ بکات، بەڵام بەر شەپۆلێکی رەشی نێو چاوەکانی سێرجی کەوت و هەناسە لە قوڕگیدا تاسا. سێرجی بە توندی وتی:

– بەڵێ ڕوویداوە.. دەبیتە شایەتی ئەم هاوسەرگیریە یان نا؟



ئەمیش توندتر هاتە نێو باسەکەوە:

– ئاخر زینۆچکا خۆشی دەوێم..دەی ئێستا سووك و ئاسان دەمبەخشی بە کەسێکی تر؟ ئایا بە هێمنی و ئارامی دەبیتە شایەتی هاوسەرگیریەکەمان؟

حەزێکی کتوپڕ دایگرت بەوەی دانپێدانانە پڕ هەراو زەناکانی.. پاڕانەوەکانی..تەنانەت فرمێسکەکانیشی بدرکێنێت..عاشقی کوڵ و کۆی هەستەکانی دەوروبەری بوو..

– شایەتی دەدەم.. بەڵێ..

جانین چووە لای پەنجەرەکەوە.

– دواجار گەیشتینە وێستگەکەمان..

ئاهێکی قەتیس ماو قوتاری بوو.

* * *

زینۆچکا دانیشت و سێرجی لە تەنیشتیەوە راکشا و سەری خستە سەر ئەژنۆکانی. بە سۆزەوە پەنجەکانی لە قژە سوورەکەی وەردەدا..ئەو خانمەی بەردەوام لای دەمایەوە چووە بۆ لای کوڕە سەربازەکەی. ماڵەکەیان بۆ چۆڵ کرابوو و دەتوت خۆیان خاوەنی ئەو خانووە شلۆقەن کە تەیمانێکی خوار دەورەی حەوشەکەی داوە و چەند مانگایەکی لاوازیش لە حەوشەکەی ئەولایانەوەیە.

– ئەستێرەکان چەند جوانن !

زینۆچکا کە وای وت بە سۆزەوە دەستی بەسەری سێرجیدا دەهێنا.

— ئەم خاڵە زیوینانە چەند بچکۆلەن.

سێرجی بەدەم خەیاڵاتەوە وتی:

— خاڵەکان هەمیشە حاڵەتی کۆتاییە..چونکە یەکسانە بە ناخ و دەروونی بە داهێزراوی..بەڵام ئەستێرەکان سەرەتایە..سەرەتای شتێکی نوێ رەنگە نەتوانین لێی تێبگەین..

— ئەوە پەیوەندیی بەمنەوە نیە.

زینۆچکا کێشای بەسەر دەستیدا بە مەبەستی کوشتنی مێشوولەیەك لە شوێنێکەوە هات و لەسەر دەستی ئەو نیشتەوە..

— گرنگ ئەوەیە ئەستێرەکان جوانن..جوانیش جوانیە و پێویست بە فەلسەفەلێدانی تۆ ناکات.

— دەستت لا مەبە..لە هەموو ژیانمدا زۆر بە دەگمەن کەسێك دەستی بەسەرمدا هێناوە !

— لە مناڵیشتدا ؟ تەنانەت دایکیشت..

زەردەخەنەیەك روخساری زینۆچکای داگرت کاتێك ئەوی وەك مناڵێکی قژ لوول هاتە پێش چاو.. سێرجی بە تووڕەیی:

— نایەتەوە یادم.. بەبیرم نایەت..

— سیریوج.. شتێکم وت پێت ناخۆش بێت؟



— پێویست ناکات باسی دایکم بکەیت..ژنێکی بەسۆزی خۆشنوود بوو بەڵام..

زینۆچکا بەسەریدا نەویەوە و ماچێکی راستگۆیانەی کرد..

— بەڵام چی جەرگەکەم ؟!

ئای خودایە.. رەوایە زینۆچکا تا ئەم رادەیە بکەوێتە خۆشەویستیەوە؟ ئەم هەموو هەستە لە کوێوە لەناکاودا لەدایك بوو کە ئامادە بێت لە پێناویدا بێ هیچ بیرکردنەوەیەك هەموو شتێك ببەخشێت؟ "من" لەناخیدا بە تەواوی شوێنبزر بوو..سووك و ئاسان بووە ژنێك کە ئەوخۆشی دەوێت..با ئەوە بۆ یەك رۆژێك بێت.. تەنها یەك رۆژ نەك بۆ هەتاهەتایی..حەزی لە..

ئای خودایە..دەشێت تا ئەو رادەیە کەوتبێتە خۆشەویستیەوە؟!!

سێرجی وەك بەچکە پشیلەیەك سەری نایە نێو ئەژنۆکانی.

— جەرگەکەم..ئەم وشەیەت چەندە ناسك و جوان بوو.

زینۆچکا بەردەوام گەمەی بە قژ و شانی دەکرد و هەستیشی بە تەزوویەك دەکرد هەموو جەستەی دەگرێتەوە.

— چیتە ئازیزەکەم ؟ ئارام بە..

سێرجی سەری وەرسووڕاند و چاوەکانی بە ئاسمان و ئەستێرەکاندا هەڵواسی.

– دایکم منی نەدەویست. تەمەنم سێ ساڵان بوو کە لە مێردەکەی هەڵات و بۆ ئیشکردن منی لای ماڵە باپیرەم جێهێشت. نیگەران مەبە..

چاوە پڕ لە هەڵچوونەکانی گێڕایەوە بەلای زینۆچکادا..

– بۆ ئەم شتانە بۆ تۆ باس دەکەم؟ دەبێ هەموو شتێك بزانیت..تۆ ئێستا خێزانی منیت..

زینۆچکا بە دەنگێکی گەرم و دیدێکی رۆشنەوە بووە هاوخەمی..

– قسە بکە..قسەم بۆ بکە.. ئایا تۆ منداڵێکی بێزراو بوویت؟

– لای هەمووان..بەوجۆرە ژیاوم..بێ دایك و باوکێك کەدایك و باوکی لە ژیاندا بوون..مامەکانم رۆح سووکبوون..رۆژێکیان خستمیانە سەر پشتی رووتی ئەسپێك و تێوەیان ژەند و کەوتە غاردان بە هەموو لایەك و تەنانەت بە ناو چەمو ئاوەکەیشدا. کەس تا سەر خۆشی نەویستووم..تێدەگەیت لێم؟

بەبێ بگرەوبەردە لە دووریەوە دانیشت.

– رۆژێك لە رۆژان کەسێك سۆزی بۆم نەبووە..لەمنداڵیدا خیانەتیان لێکردووم و لەمەودوا رێگە بەوەنادەم..ئەوەی من پێویستیم پێیەتی خۆشەویستیە..خۆشەویستی..

زینۆچکا بە چاپووکی پشیلە هەستایە سەر پێ..سێرجی وتی:



– من دەتوانم! من خۆشەویستیم! باوەڕ دەکەیت! بۆت دەسەلمێنم..بۆ هەمووانی دەسەلمێنم..دەیسەلمێنم کە مرۆڤێکی ئێسك سووك.. خۆشەویستم!

وەك سێبەر کەوتە شوێن زینۆچکا..

– تۆ بەڕاست خۆشت دەوێم..خۆشت دەوێم؟

– سێریوجا..ئەوە چیتە؟

سێرجی بە زەردەخەنەوە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.. خۆشت دەوێم؟

ئەرێ ئەم سێرجی یەسەنینە بۆ وای لێدەکات؟ ئەوەتا لەحوزووری ئەودا هەموو دەمامکەکانی لەسەر روخساری لابردووە و رێگەی داوە سووك و ئاسان لە هەقیقەتی خۆیدا بێت..تەنها ژنێکی عاشق ئەو توانایەی دەبێت..سێرجی بە پرسیارێکی ناخۆش دوچاری کتوپڕیی هێنا:

– ئەی تۆ..تۆ رات چیە؟ ئایا دەتوانین بەبێ یەکتری بژیین؟!

شنەباکە یەخەی کراسەکەی جوولاند.. زینۆچکا هەستی بە نیگەرانیەك کرد لەناخیدا..چۆن دەبێ کەسێکی تر دەستی بۆ ببات..ئەو تەنها بۆ ئەمەو بە تەواوی موڵکی خۆیەتی!

– بۆ قسەی وا دەکەیت؟ ئێمە چۆن بێ یەکتری دەژیین؟!

– کاتێك بەختەوەر دەبم بەردەوام ترسی لەوجۆرە مێشکم دادەگرێت..هیچ شتێك مسۆگەر نیە. ئەمڕۆ خۆشیان دەوێیت..

دەتکەن بە خواوەند..ساتێك دواتر هەمووان دەست لێ بەردەدەن!

سێرجی تەڵە گیایەکی لە گیانی کردەوە کە بەجلەکەیەوە لکابوو.

– سریوج..بۆ بەمجۆرە هەڵسوکەوت دەکەیت؟

زینۆچکا شاڵەکەی تەنیشتی لەخۆی ئاڵاند.

– ئێستا لە ئامێزت دەگرم..بە هۆیەکەوە لە خەیاڵمدا هەستەکەم کەسێکی تر لێوی بە لێوەکان و روخسار و سینەتدا دەگێڕێت.

سێرجی بە تووڕەییەکی زۆرەوە پاڵی پێوەنا و لەوەدابوو بکەوێت:

– کەسێکی تر..........

زینۆچکا ویستی بە زەردەخەنەیەك شپرزەییەکەی بشارێتەوە:

– ئەوکات تۆ لەکوێ دەبیت؟

ئەویش بە تەوسێکەوە وتی:

– لە شەقامەکەی بەرانبەرەوە چاودێریت دەکەم..

چاوەکانی زینۆچکا گەشانەوە:

– بەهەر حاڵ ..ئێستا لەگەڵ منیت..

سێرجی بە کەللەرەقیەوە:

– بەڵام لەو شەقامەی بەرانبەرەوە.

– سێریوجکا..بۆ وا دەکەیت؟



– گوێ مەدەرێ.. زۆرجار لەخۆیەوە هەوەسم دەگۆڕێت..لێرەوە تا ئەوێ..مەسەلەکە خۆی کۆتایی دێت. نەخێر زینۆل.. وا بە سووك و ئاسانی دەست ناکەوم ! من دەمەوێ ژیانی خۆم بژیم ! دەمەوێ بکەومە خۆشەویستیەوە ! شیعر بنووسم! من لە ژیاندا هەموو شتێك تا کۆتا دڵۆپ دەگوشم..دواترین گەردیلەش تەنانەت گەر قاپەکەیش بلێسمەوە.

زینچۆکا بە پێکەنینەوە پرسیی:

– هەموو ئەمانە بە خۆڕایی و بێ نرخێك؟ هەموو ئەمە لەبەرئەوەی قژت ڕەشە و چاوت شین..

– نەخێر..نە خۆڕاییە و نە بێ نرخ..من بۆ هەموو ئەمانە لە دەروونم.. لە ژیانی خۆم دەبەخشم..بە کەمی دەزانیت؟

لێی نزیك بووەوە..تەڵە گیایەکی خستە نێو قژیەوە..

– زین..دەزانیت..شیعرەکانم مەزنن و شیعری زۆرتریش دەنووسم..زۆرتر..ئیتر لە هەموو لایەکەوە.. لە هەموو شوێنێك لە هەواڵەکاندا باسم دەکرێت.

بەتووڕەیی چاوەکانی دانەواند..بۆ ناکۆتایی. سێرجی باوەشی پێدا کرد و بە نەرمی بەرەو ماڵەوەی برد.

– پێکەوە دەژیین و ژیانمان دەگۆڕین.. دواتر..

زینۆچکا سەرێکی پەتەکەی لێ وەرگرت..

– پیر دەبیت..سەرت دەڕووتێتەوە..ناشیرین دەبیت.

– ئەوكاتیش خۆشت دەوێم؟ خۆشت دەوێم؟

– سێریوجكا..بەسە !

بەدەم پێكەنینەوە خۆی لە دەستی قوتار كرد.

– بەڵێ سێریوجكا..خۆشم دەوێیت..لەبەردەم خودا رایدەگەێنم تۆ هاوسەرمی..

* * *

نەرمە بارانێك بەسەر شەقامەكەدا دەباری..بارانێكی ناخۆشی تێكەڵ بە بەفر..بەڵام خەڵكی پایتەخت لەو هەوروهەڵایە راهاتوون. زینۆچكا رووە و دەروازەی ماڵەوە لە شەقامی لیتینی كەوتەڕێ، بۆ پشوویەك راوەستا. هەستی دەكرد رشانەوەی دێت..بەهۆیەكەوە دەرگای ئەو ماڵەی لەگەڵ سێرجیا تیایدا دەژیا نزیك بوو..بە سەری پەنجەكانی پێی چووە نێو رێڕەوە تاریكەكە و ڕوانیە شتومەكی ناو ژوورەكە.

ژوورەكە ئاوەژووكرابوو..شتەكان پەرش و بڵاو.. لاپەڕەكانی سێرجی كە بە دەست و خەتی خۆی نووسیبوونی لەت و پەت كراو..لەگەڵ كۆمەڵێك پەڕەكاغەزی تری دڕێنراو..سێرجی خۆی لای ئاگردانەكەوە چاوی بڕیبووە گڕی ئاگرەكە..زینۆچكا گوێی هەڵخست..دەنگێكی سەیری بەرگوێ كەوت:



– دەی..دەی خێرا بسووتێ! هەموو شتێ بۆ دۆزەخ..دەی..خێرا گڕ بگرە..هەموو شتێ لەسەر سەر وەستاوە..

– سێریوجا..چیت كردووە؟ شیعرەكانت سووتاند؟ شێت بوویت؟

بەرەو سێرجی تاویدا

– چیت كرد؟

سێرجی رووی تێكرد..ڕوخساری خۆڵەمێشاوی..لێوەكانی كەمێك دەلەرزین..چاوەكانی لەتاو رقی چەپێنراو تاریك داهاتبوون.

– دواجار هاتیت؟!

بە دوو چاوی تووڕە و نامۆ لەو سەر تا پای ئابلۆوقە دا..

– چیم كردووە؟ پرسیاریش دەكەیت؟

سێرجی دانەویەوە و هەندێ لاپەڕەی تری هەڵدایە نێوجەرگەی ئاگردانەكەوە..زینۆچكا بە چاوێكی تێكەڵ لە ترس و بێدەنگی تەماشای دەكرد..هەرگیز بەوشێوەیەی نەبینیوە..

– چیم كرد؟ چیم كرد؟ ئەوە كێیە وەك هاوسەر هەڵمبژاردووە..ها؟!

هەنگاوێك لە زینۆچكا نزیك كەوتەوە..ئەویش چووە دواوە..

— بۆ وا نیگەرانیت؟ شیعری خۆمە.. بە ئارەزووی خۆم بڵاویان دەکەمەوە..دەیانسووتێنم..تۆ چ کێشەتە..تۆ نیگەرانی عاشقەکانی خۆتی؟!

لەناکاودا هێزی لەبەر بڕا:

— مەبەستت چیە؟ کام عاشقان؟

— ئەوانەی بە دیاری نغرۆیان کردوویت..مەبەستم لەوانەیە !

لەسەر مێزەکە قوتوویەکی بچکۆلەی هەڵگرت و تێیسرەواند..بە ئاسمانەوە سەرقاپەکەی کرایەوە و مستیلەیەکی نقێم سەوزی لێ کەوتە خوارەوە..

بەهۆی ئەو قسە ناخۆشانەی لە سێرجیەوە بیستی سەری کاس بوو..فرمێسکەکان تاساندیان..هەوای دەوروبەری بووە هەڵم..نەیزانی چۆن کەوتە سەر زەوی..سێرجی بە بێدەنگی سەیری دەکرد..

— لێرە چ شانۆییەك نمایش دەکەیت؟ باوەڕ ناکەم..بڕوام بە هیچ کەسێك نەماوە..

سێرجی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی بە توندی لە دوای خۆیەوە داخست..زینۆچکا دایە پرمەی گریان..بەڕاستی تەواو ترساندی! وایدەزانی ئێستا نا تۆزێکی تر لێیشی دەدات، بەڵام دڵی نەهات..بەڵێ..دڵی نەهات..باشە چی دەبووگەر بهاتبا و



نەکەوتایە..ئەی چۆن ئەو بێدەربەستانە بەسەریدا بەرەو دەرگاکە وەك بەسەر پارچە پەڕۆیەکدا باز بدات بازیدا!

ئەو ئێوارەیە تەواو پێکەوە تەبا بوون. بەڵام ئەو رقە لەناکاوە تووشی شۆکی کرد..لە ناخیدا بە تەواوی مانای وشەکە شتێك تێکشکا.. وا هاتە بەرگوێی شتێك ورد و خاش دەبێت.. زینۆچکا سەری بەرز کردەوە..لەنێو ئاگردانەکەدا دارەکە دەسووتا..پریشکی دەهاویشت..نێڵەی ئاگرەکان بە نیازی قوربانیی نوێ بوون..شیعرەکانی سێریوجا بوون بە خۆڵەمێش. دەرگاکە بە هێمنی کرایەوە..سێرجی هاتە ژوورەوە..هەناسەیەکی گەرم لە زاری زینۆچکا هاتە دەرێ و چاوی نووقاند. لەوێدا هەموو هێزی کۆکراوە و حەز و خواست و بیرکردنەوە و ڕوانین و قسەکردنەکانی بەتاڵ بوونەوە. بە تەواوی کوێرایی داهات. سێرجی بەسەریا دانەویەوە و شانی گرت. بە دەنگێکی نزم:

— بۆچی بەمجۆرە دەنوویت؟ ئەرزەکە ساردە..

زینۆچکا جووڵەی لەخۆی بڕی..ئەویش بە زەحمەت باوەشی پێدا کرد و هەڵیگرت و خستیە سەر قەنەفەکە..بەبێدەنگی و چاو نوقاوی مایەوە..لە تەنیشتیەوە دانیشت..نیوەچاوێکی کردەوە و سێرجیی بینی..ئەویش بە بێدەنگی و لەیەك پنتا وشك هەڵاتبوو.

— زین..زین..پێم بڵێ..

بە زمانێکی توند و بە دەنگێکی بەرز قسەکەی پێ بڕی:

– تۆ شێتی..سێرجی..بڕۆ دەرەوە..نامەوێ بتبینم.

– لەم حاڵەتەی ئێمەدا دەشێت پیاو شێت بێت..هەرچی پیاوە بۆ تۆ عەقڵیان نەماوە! هەموویان! بۆ وادەزانیت نابینام! من هەموو شتێك دەبینم! ئەی تۆ..

– چییی؟ ئەی من؟

ویستی دانیشێت بەڵام کە سەری گێژی خوارد خۆی بە پشتی قەنەفەکە گرتەوە..

– بۆ ئەوەت بیرچوو دوای ماڵئاوایی کردن لە بنیا ئۆرشین خۆت ئەم ئەنگوستیلەیەت بە دیاری دامێ..ئەی تۆ نەبوویت بە قسەی نەرم موجامەلەت کردم کاتێك ئایدیالیستیانە هەموو شتەکانت ڕێکخست! سەرەتای شەقامی نفسکیت لە یادە..لە فترینە کۆگای نایینۆڤا..تۆ ئەنگوستیلەکەت بینی و دواتر.........

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا..سێرجی بە پەشۆکاوی تەماشای دەکرد..بڵێی راست بکات؟ ئەی چۆن ئەمانەی لەبیر چووەوە؟ راستە..کتوپڕ وەیادی هاتەوە کە خۆی ئەنگوستیلەکەی بۆ کڕی..

– زین..زین..

بە وریایی دەستی بۆ شانی برد..

– تکایە مەگری.. ڕوودانی هەر شتێك نامۆ نیە..دەی..زینۆچکا!



دەستی بە پرچە ڕەشەکەیدا هێنا..ئەویش بەکوڵ دەگریا..بەڵێ..ئاخر تۆقاندی! ئەم دەردەسەری زۆری چەشت و ئەو بێدەربەست بوو لێی..گوێی پێنەدا!

سێرجی بە چاوێکەوە ئەشکی خوێنینی لێدەڕژا:

– زینۆلیا..شیعرێکم نووسیوە..دەتەوێ بۆت بخوێنمەوە؟

زینۆچکا هەناسە گەرمەکانی سەرفراز کرد و بەسەر ڕەزامەندی دەربڕی..مەخابن..تەواو شەیدای گریانە بە تایبەتی کە هەڵەی ئەوی بۆ دەرکەوت.. بۆ نابێ لە گریان بەدەوام بێت کە ئێستا ئەو دەیەوێت هەندێ لە شیعرەکانی بۆ بخوێنێتەوە؟ دەبێ گوێی بۆ شل بکات دەنا جارێکی تر سەرشێتی دەیگرێتەوە..دوای مەینەتیەکان هێشتا خۆیشی نەهاتۆتەوە سەر خۆی..

لە گەنجێتیدا یەکجار بینیی چۆن دایك و باوکی بە ناشیرینی و بە دەنگی بەرز شەڕیان کرد. بەڵام ئەوە بەهۆی ئەو هەموو بیرەیەوە بوو کە باوکی خواردیەوە. ئاخر سێرجی مەی هەر ناخواتەوە. ئەم وەکو ئەوانی تر نیە. یەك خۆشیی هەیە ئەویش شیعرەکانێتی..نەخێر..لەڕاستیدا دوو خۆشین..زینۆچکا فرمێسکەکانی سڕی..خۆشیەکی تری هەیە..پێیوابوو کە ئەم خۆیەتی.. بە شەکەتیەوە وتی:

– سێرجی.. بیخوێنەرەوە..گوێم راگرتووە..

سێرجی بووژایەوە:

– بەڕاست..بەلاتەوە گرنگیەکی هەیە؟

زینۆچکا بەئاماژەی سەر وەڵامی دایەوە.

– یانی تووڕە نییت ..ها؟ وانیە؟

سێرجی بە چاوی پرسیارەوە تەماشای دەکرد:

– جا ئەگەر تووڕە نەبوویت دە پێبکەنە!

بەسەرسامیەوە سەیری دەکرد..چیی بەسەر هاتووە؟ دەڵێی گاڵتەی پێدەکات؟

– دەی زینۆلیا..پێبکەنە.

وازی لێنەدەهێنا..ئەویش گوڕی وەبەرخۆی هێنایەوە و هەوڵیدا پێبکەنێت..دەرەنجام سیمایەکی سەیر ڕوخساری داگرت..تا رادەیەك زەردەخەنە..دیسان فرمێسك لە چاوەکانیا قەتیس مان و بەسەر کولمەکانیدا ڕێچکەیان بەستەوە.. رەنگە فرمێسکی گریانەکەی پێشووی بێت مابنەوە..هەرچۆنێك بێت..ئێستا ئەشکی نوێ لە چەقی ڕێگەکەدا چوارمشقی دانیشتوون.

* * *

زینۆچکا پارچە پەڕەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا.. "شەقامی بۆجۆسلۆفسکی"..فانۆسێك بەسەر باڵی باوە جۆلانە دەکات و رۆشنایی دەخاتە سەر ئەو وشانەی بە بۆیەی رەش لەسەر دیوارەکە نووسراون..ئەمە ئامانجی ئەوە. قەنەفەیەکی پان لە لایەکیدا دانراوە. دەبێ هزر و بیرەکانی کۆ بکاتەوە..ئایا



سەفەرەکەی بۆ لای خانەوادەکەی بۆ لەدایکبوونی تانیوشکا و بەجێهێشتنی سێرجی بە تەنیا کارێکی دروست بوو؟ هەندێجار دروستە..چونکە بارودۆخی ئەم پێویستیی بە سەرپەرشتیەکی زۆر هەیە..لەبەرئەوەی سێرجی لە هەڵوێستەکە تێناگات..ئەم هەندێجار بە نەرم و نیانی باسی دەکرد و دەیهێنایەوە یادی خۆی هەرچەندە ئەو تووڕە و تەبیعەت مامناوەند بوو..تەمەنی بیست و سێ ساڵە و هێشتا وەك منداڵ هەڵسوکەوت دەکات. ماوەیەکی زۆرە زینۆچکا دەرکی کردووە سێریوجا تەنها شیعرەکانی شك دەبات. لە هەموو شوێنێك دەینووسێت..لە ماڵەوە..لەگەڵ هاوڕێکانی..تەنانەت کە لێرە و لەوێدا پیاسە دەکات.. لای زینا لە سۆراخی ئەو شتانەدا بوو کە لە منداڵیدا لەدەستی چوون.. بۆ خۆشەویستی..بۆ سۆز..بۆ نەرمونیانی..بۆ بایەخپێدان..بۆ گەرمیی رۆح و ئامێز بۆ گرتنەوە دەگەڕا.. ژیان لای ئەو گەمەیەکە ئەگەر بیدۆڕێنێت جارێکی تر دەستپێدەکاتەوە.. ئاخۆ..هەقیقەتی ئەو چیە؟ منداڵێکی ونبووی دڵخۆش بووە یان منداڵێکی بێزارکەری بەهێز و زیرەك؟ ئەم لە هەردوو بارەکەیدا دەبینێت..خۆشی دەوێت بەڵام هەرگیز لێی تێناگات..

لە مۆسکۆوە بۆ ئۆراڵ پارەی بۆ دەنێرێت. دەزانێت چەند بە زەحمەت پارەی دەست دەکەوێت..ئەو شوقەیشی نیە..لە

شوێنێکی وەزارەتی ناوخۆ..یان لە قاتی سەرەوەی کۆشکی مۆرۆرۆفەوە نامەی بۆ دەنێرێت. سێرجی هەندێ کاتی ویست تا زینۆچکا بۆ سەفەرەکەی ئۆرالّ رازی بوو. بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت زینۆچکا لای دایك و باوکی باشتر ئاگاداری منالّە شیرە خۆرەکەیان دەبێت..حالّیان لە حالّی مۆسکۆ باشترە کە لە بترۆگرادەوە هاتبوونە ئەوێ و برسی و سەرمازەدە بوون.

لە پەنجەرە رۆشنەکەی مالّە تاریکەکەوە زینۆچکا تەماشایەکی کرد..سێریوجا چاوەڕێی دەکات..ناخەوێت..هەستی بە نیگەرانیی کرد.. دەبێ چۆن دیداری بکات؟ تۆ بلّێی گۆڕا بێت؟ ئەی ئەگەر ئەم قەلّەو بوونەوەی دوای منالّبوونی بەدلّ نەبێت؟ رەنگە پێچەوانەکەی رووبدات.. ئێستا بۆتە مێینەیەکی نموونەیی! زینۆچکا هەستا و بە متمانەوە بەرەو دەرگای مالّەکە هەنگاوی نا.

دەرگاکە کرایەوە..چووە ئەو دیوی دەرگاکە و لە جێی خۆی وشك هەلّات..پیاوێکی بالّا بەرزی لاوازی قژ رەش لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو و تەماشای ئەمی دەکرد..جانتاکەی نایە سەر زەوی و بە وشکیەوە پرسیی:

– پێموابێت تۆ.. مارینگۆفیت؟

دەیتوانی ئەو پرسیارە نەکات..تەواو وەك هاوڕێ تازەکەی سێرجیۆی دەهاتە پێش چاو..ئاخر ئەمیش وەك ئەو نامۆیە. ئەم



هاوڕێ شێت و وێتانەی لەکوێ هێناون. حەزی چاودێری و تێڕوانینی تەواوە لەنێو ناڕازیبووندا وایکرد لەو هەقیقەتەی بەردەمی ورد بێتەوە. ئەم هەستی خۆ بە گەورەدانانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.. ئاخۆ هەستێکی دروستە؟ نەیتوانی بەوردی کۆدی هەستەکانی شی بکاتەوە. کەمێك دانەویەوە..

– چەند جوان و نازداریت..

– ئەی سێریوجا لەکوێیە؟

بە ژوورەکەدا سووڕایەوە و چاوی بۆ سێریوجا گڕ دەدا.

– کەس نازانێت.. خۆی ئازادە.. رەنگە لەشوێنێکا پیاسە بکات.

– دەمێکە لێرەیت؟

زینۆچکا ویستی بەم پرسیارەی هەستی بە گومانبوونی بشارێتەوە..ئاخر مەبەستی لە پیاسەکردن چیە؟ ئەویش لە جانتاکەی ورد دەبووەوە..

– ئەی تۆ خانمەکەم؟

بە جۆرێك لە شانازیەوە:

– هاتووم بۆ لای مێردەکەم..

ڕوخساری مارینگۆف بە شێوەیەکی سەیر گۆڕا

– کام مێرد؟

تووڕەیی زیاتر دایگرت:

– بۆلای مێردەکەم.. بۆ لای سێرجی ئەلیکزاندەرۆفیچ.

پیاوەکە گومانی لا دروست بوو.. زینۆچکا هێمنی و
لەسەرخۆییەکەی نەما..لە ژیانیدا چاوێکی وەها پڕ لە حەزی زۆر
بەرچاوی نەکەوتووە کە دەیەوێت بیسمێت و گاڵتەیشی پێبکات.

– ئاوا..وابزانم وەك پێویست ژیانم بەسەر نەبردووە..

وەك ئەدایەکی شانۆیی هەردوو دەستی نایە سەر سینگی..

– پێم نەوتراوە هاوڕێی ئازیزم سێریوجا مێشولەی خۆشەویستی
چزەی لێ هەڵساندووە.

بە ترسەوە وتی:

– کێ چزەی لێ هەڵساندووە؟!!

– مێشولەی خۆشەویستی.. جا چ مێشوولەیەکیش؟!!
تێگەیشتی؟؟ تۆ سرکیت

– دەتەوێ بڵێیت سێریوجا بەهیچ شێوەیەك باسی منی بۆ
نەکردوویت؟

لە ژوورەکە چووە دەرێ و بە شەکەتی لەسەر قەنەفەکە
دانیشت. بۆچی تووڕەیی دایگرت..دەبێ دان بە خۆیدا بگرێت.

– باسی تۆ؟ پێموانیە. بەڵام وابزانم..

ئەو بیری دەکردەوە و ئەمیش بەچاوەکانی ئابڵووقەی دابوو..

– کوڕێکت لێی هەیە.. وانیە؟ ئێ.. ئێ.. کەوتەوە بیرم..تۆ ئەو
ژنەیت کوڕێکت بۆ هێنا..

زینۆچکا بە گران دانی بە خۆیدا نا:



– من ژن نیم.. من.. هاوسەرم.

ئەم هەموو ڕێگەیەی بڕیوە تا ئەم پیاوە گاڵتەی پێبکات؟

– تۆ ژن نییت!..بەڵێ..بەڵام .. بەڵێ..تێگەیشتم.

پیاوەکە بە بایەخەوە دەستی بەسەرو قژیدا هێنا..

– دواتر ئەوە بزانە تۆ کچت هەیە نەك کوڕ ! مەسەلەکەت لێ
تێکچووە !

لێوەکانی خۆی گەست..ئەرێ ئەم کابرایە پێیڕادەبوێرێت یان
چی؟

– کچ بێت یان کوڕ.. جیاوازییان چیە؟ تۆ بڵێ؟ ئاخۆ چەند
کوڕی تری هەیە؟ یان لە دوا ڕۆژدا چەندی دەبێت؟ ئەی تۆ
خانم..ببوورە..دەتەوێ تا درەنگە شەو چاوەڕێی بکەیت؟ چونکە
ڕەنگە ئەو..ببوورە..کەمێك دوابکەوێت..

– شەیتانیش دەتوانێت بەمشێوەیەی تۆ گاڵتە بە هاوسەرەکەم
بکات؟

– ئەم سێرجیۆیە فریشتەیە..شەیتان هەرگیز ناتوانێت گاڵتەی
پێبکات.

زینۆچکا کەوتە لەرزین..ژوورەکە ساردوسڕ بوو..ساردیەکی
سەرسامکەریش وەك هەڵم لەو پیاوە بەرز دەبووەوە..

– تۆ بەهەڵەدا چوویت..خۆشیی شەیتان لەگەڵ فریشتەدا
گەشاوەتر دەبێت.

روخساری لە زینۆچکا نزیك خستەوە..

– دەبێ گەمەکە هاوکوفانە بێت..تۆ دەزانیت گەورەترین سەرکەوتن بۆ شەیتان کامەیە؟ دەزانیت؟

– لە ئێوەوە فێر دەبین..

ددانەکانی پێکدا دێن.. ئەم پیاوە زۆر موسیبەتە.. مارینگۆف بە گاڵتەجاڕییەوە وتی:

– گەورەترین سەرکەوتنی شەیتان ئەوەیە قەناعەت بە خەڵکی بێنێت کە بوونی نیە!

زینۆچکا کە گوێی لە دەنگی پێ بوو بەسەر قادرمەکەدا سەردەکەوت، چاوی بۆ لای دەرگاکە وەردەسوڕێنێت..

– بۆچی شەیتان بە کرداری بوونی هەیە؟!

مارینگۆف بەردەوام دەبێت لە گاڵتەجاڕیی خۆی:

– لە دیداری شەیتان دەترسیت؟ لە دەرەنجامەکان دەترسیت؟

بۆ بەرەنگاربوونەوەی وەڵامی دایەوە:

– ترس؟ ڕەنگە لە شتێك بترسم..بەڵام لەهیچ شتێك سڵ ناکەمەوە..ترس لە سڵکردنەوە باشترە.. ناتوانم تەحەمولی نیوەی ئەو هەستە بکەم..تەحەمولی ناکەم..

مارینگۆف کەوتە گوێڕایەڵی وەك ئەوەی چاوەڕێ بکات فەرمان بکات و بۆی جێبەجێی بکات..لێی نزیك کەوتەوە و کتوپڕ کەوتە سەر چۆك..کەوتە ماچکردنی دەستەکانی..



– ئەوە چیە؟ وازبێنە..

بەترسەوە هەوڵیدا دەستەکانی بکشێنێتەوە..

– دوور کەوە..تۆ بۆگەنی.. تۆ لەچاو سێرجیدا بۆگەنی..باشتر وایە بڕۆیت..

بە ئەدای ئەکتەرێکی لادێی لەناکاودا..

– ئەمرەکەی خواوەندەکەم..

بێئەوەی دەستەکانی بەربدات کەوتە ماچکردنی قاچەکانیشی.

زینۆچکا بەهەموو هێزی پاڵی پێوەنا و ئەویش لەتری داو دەستەکانی بەردا. دەرگاکە کرایەوە و سێرجی هاتە ژووری..

کەوتە ڕوانین دەمێك بۆ زینۆچکا و دەمێکیش بۆ مارینگۆف شپرزە..زینۆچکا کەوتە گومانەوە..جارێکیان هەستی ئالۆسکا بەوەی ئاخۆ ئەوە یان نا..ئەوە جاران ڕوویدا..بە ڕاستی ڕوویدا..جارێکیان کەسێك تەماشای کرد..ئەو ڕوانینە شێتانە و سەرگەردانە چیە؟بێگومان لەیەك ساتدا ڕوانینەکەی جانینی هاتەوە یاد..

لە ناکاودا دەرکی بە هەموو شتێك کردووە..ئەمە پلانێکی وورووژاندنە..مارینگۆف دەزانێت سێرجی چ لەچەری(غیرە)یەکی هەیە و دەیەوێت بیوروژێنێت..زینۆچکا کتوپڕ داپەڕی و نەویە جانتاکەی و پەلاماری مارینگۆف دا..ئێستا تۆڵەی لێدەکاتەوە..بە تیلەی چاوی سێرجیی بینی بەخێرایی بەرەو لای

ئەو تەکان دەدات..مارینگۆف خۆی لێ لادا و سووك و ئاسان
قۆڵی گرت و بۆ پشتەوە چەمانیەوە..جانتاکەیش بە دەنگێکی
تاساوەوە کەوتە سەر زەوی..

– سامانەکەت هەڵگرەوە

مارینگۆف بەرەو سێرجی پاڵی پێوەنا کە تووڕەیی
دایگرتبوو..سێرجی بە هێزەوە زینۆچکای گرتەوە .. زینۆچکا
ویستی خۆی دەرباز بکات..خواستێك دایگرت بەوەی ئەم پیاوە
دەربکات..بە تەواوی لە ژیانی وەدەرینێت..

– بەرم دە.. هەر ئێستا..

– باشە..باشە.. ئارام بەوە..

سێرجی بەرینەدا..

– من چاوەڕێی تۆ بووم.. سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتی..

– سوپاس..

جارێکی تریش کەوتە هەوڵی خۆ قوتار کردن لەدەستی..

– دەی.. هەر ئێستا بەرم دە..

هێشتا ڕوخساری مارینگۆف گاڵتەی بە هەموو شتێك دێت..

– ژیانی خێزانی چەندە خۆشە..

– دەری کە..هەر ئێستا دەری کە..

زینۆچکا بە دەم هەستکردنەوە بەوەی شەپۆلێك تووڕەیی نغرۆی
کردووە قیژاندی.. چەندە پەرۆشی هاتنی رۆژێکی وەها بوو..



چەندە بیری لە ژوانی سێریوجا دەکردەوە....مارینگۆف لاسایی
دەکاتەوە...

– دەری کە..هەر ئێستا..

بە ئاماژەیەکی روونەوە سێرجی ئیشارەتی بۆ دەرگاکە کرد و
لەتووڕەییدا برۆکانی گڤ بوونەوە..

– ئاوا؟! دڵنیایت؟ ئەم ژنە هات و هەموو شتێکی تووڕدایە
دۆزەخەوە! کەواتە با هەموو هاوڕێیەتیەکەمان فت
بێت..بەڵام..ئۆکەی..

یەك هەنگاو بەرەو زینایيدا..

– خانمەکەم..هەرچەند شوێنێك نیە رووی تێبکەم بەڵام دەچمە
دەرەوە..دەتەوێ لێم بدەیت لەبری ئەوەی سوپاسم بکەیت..من
نیوەی نوێنەکەمانت بۆ جێدێڵم..ماڵئاوا !

چووە دەرەوە و بە غەزەبەوە دەرگاکەی داخست..سێرجی
لەسەرخۆ ڕووی کرد بەلای زینۆچکادا.. ئەویش بەدەم گوشینی
بلوزەکەیەوە هەڵدەلەرزی:

– هیچ و پووچ.. دەبێ هەوای هەموو ماڵەکە پاك بکەمەوە..

– چیت بەدڵ نیە؟ تکایە پێم بڵێ..

سێرجی هەڵچوو..

ئاخر ئەو شاعیرە و سەر بە باڵاترین چینەکانە..تۆپەڵێك بەهرەیە
و لەسەرووی هەورەکانەوە دەفرێت..

زینۆچکا بە توندی ناڕەزایی دەربڕی:

– مرۆڤ هەن هەرگیز ناتوانن بفڕن، تەنانەت گەر پەیژەیەکیان بەرەو هەورەکان بۆ دابنێن سوودی نابێت، چونکە باڵیان نیە..

سێرجی بە سەرسوڕمانەوە دیقەتی دەدا..

– پێم بڵێ..لێرە چی بووە؟ بۆچی؟

ڕوومەتی دەلەرزی. بە یەك چرکە زینۆچکا دەستی نایە سەر دەمی خۆی..

– بێدەنگ بە.. قسە مەکە دەنا دواتر پەشیمان دەبیتەوە..سەیرکە..من..هاتمەوە..جارێکی تر دەچمەوە سەر ئیشەکەم و دۆخەکە بۆ تۆ ئاسایی دەبێتەوە..ئیتر بۆ ئێمە نیگەران مەبە..خۆت لەم هەموو زەحمەتیە ڕزگار بکە..

زینۆچکا هەستی کرد سێرجی هێور بۆتەوە.. وەك منالێك دەستی گرت و بردی بۆسەر ئەو کورسیە کۆنەی بە قوماشێکی نەخشدار داپۆشرابوو..

– دایك و باوك و خوشك و براکانم باشن.. تەواو وەك من و تۆ و تانیوشکا..

بەوهۆیەی لای زینۆچکاوە دانیشتبوو.. بوژایەوە و گوڕی هاتەوەبەر..

– تەواو.. هەموو شتێك تەواوە.. نیگەران مەبە..تۆ قسەم بۆ بکە..



زینۆچکا دەیویست لەبارەی ئەو پیاوە پوچەوە پرسیاری لێبکات..بەڵام لەکاتی گونجاودا زمانی گرت..دوایی..دوایی..سەدای دەنگی نزم بوو.. زینۆچکا وتی:

– بێگومان تۆ بە هاتنەوەم شادمانیت..

سێرجی بە دەنگێکی نزم:

– بێگومان.. بەختەوەرم.

– کەواتە پێم بڵێ

لەناکاوڕا باوەشی پێدا کرد و بە گوێیدا چرپاند

– پۆشکینی شاعیر و خۆشەویستت لەبیرە..دوای گفتوگۆکان هەمیشە..

بەڵێ..زینۆچکا هەمیشە بۆ پرسیارکردن مافی خۆی وەردەگرت..بەڵام بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام هەرگیزمافی خۆی وەرنەدەگرت..

* * *

زستانی ساڵی ١٩١٩ سارد و تاریك و بێفەڕ بوو. زینۆچکایش هەمیشە پێویستیی بە داراییەکی دڵخۆشکەر هەبوو تا بتوانێت هیچ نەبێت کەمێك لە خەم و ناسۆرەکانی لەبیر بچێتەوە و پێویستیەکانی ئەنگوستیلەی هاوسەرگیری لەکۆڵ خۆی بکاتەوە کە بە سێرجیەوە بەستوویەتیەوە. سێرجی ئامادە نەبوو لەگەڵیدا بچێت بۆ سینەما و سێرك.. ئەو سێرکەی چەندینجار

زینۆچکا دەیویست بیباتە ئەویَ وسەرنی ڕابکێشێت..لای ئەو کتێب خوێندنەوە ئەوسا و ئێستایش لە هەموو شتێکی تر خۆشەویستتر بوو..زینۆچکا چێژی لەوە وەردەگرت لە کاتی خوێندنەوەدا تەماشای بکات" چونکە لەوکاتەدا بەردەوام بەپێی بابەتی خوێندنەوەکە سیمای دەگۆڕا..

زینۆچکا لەبەردەم ئاوێنەکەدا وەستا و بیری لە خۆی دەکردەوە..دەڵێن دووگیانی ئافرەت جوانتر دەکات..درۆیە..ئەوان بەو قسەیە تەنیا ژن دڵنیا دەکەنەوە..ژنی دووگیان تەنها بۆ ئەوە هاتووەتە دنیا منالّ بخاتەوە..

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا..

بە شێوەیەکی باو ژن دوای منالّبوون نایەتەوە دۆخی سرووشتی..هەندێجار مێینە شتێك وەدەست دێنێت و شتانێکی تر لەدەست دەدات..بەڵام پێدەچێت ئەم چانسی بووبێت..دوای لەدایکبوونی ناتیوشکا ئەوانەی سەرسامی بوون نەیانتوانی سەرسامیەکەیان بشارنەوە. لیَ ئەم پێویستیی بە هیچکامیان نەبوو..تەنیا سێرجی نەبێت. سێرجێیش گەمژانە ئێرەیی دەبات..پێکەنی..ئەی ئێستا بۆچی بڕوات؟ ناتیوشکا تەمەنی دوو ساڵی تەواو کرد..ئەمیش دوو مانگی تر منالّی دووهەمی دەبێت..باشتر وایە کوڕ بێت..سێریوجا دەڵێت کوڕ بێت یان کچ بەلایەوە گرنگ نیە..بەڵام ئەم پێیوایە پیاوان هەر وا دەڵێن..لە



ناخیشیانەوە خەون بە کوڕەوە دەبینن.لە راستیدا سێرجی بەر لە ناتیوشکا کوڕێکی هەیە..ناوی یۆرکانە لە ژنێکی پێشتری..بەڵام ئەم گویَ بەوە نادات..سێرجی وتی" دەبیَ دۆخەکە وەها بمێنێتەوە".

دەستی خستە سەر سکی..کۆرپەلەکە قاچی دەجووڵاند..ئەو هەستە چەندە ئەفسووناویە..کاتێك منداڵ هی تۆ دەبێت..تەنها مولّکی خۆت.. زینۆچکا ڕوانیە کاتژمێرەکە.. سێرجی لە وادەکەی دواکەوتووە.. با کەمێك بجوولّێت لەم کاتەدا سوودی دەبێت..کاتیش زووتر بەسەر دەچێت..ڕێکۆتەکەی دانا و شالّێکی لەسەر کرد و چوە دەرە..شەقامەکە چۆلّ بوو.. بە نیگەرانیەوە بیری کردەوە:

– سێریوجکا بۆ وا دواکەوت؟

ئەم وا هەستەکات ئەو لێی دوور دەکەوێتەوە..ئەمە کەتنی ئەو مارینگۆفە رەش مرقنەیە! هەردووکیان رقیان لێیەتی..دەبیَ ئەم باجی ئەو شەڕە ژێربەژێرەی نێوانیان بدات..

لە ناکاودا قاچی خزا و لەترێکی داو لەوەدابوو بکەوێت..هەر ئەمەی مابوو..وەڕسوڕا و گەڕایەوە بۆ مالّەوە. لە نزیك مالّەوە دوو سێبەری بینی..ئەوە سێرجیە لەگەڵ مارینگۆفا وەستاوە و دیارە بە تووڕەیی دەستەکانی رادەوەشێنێت. بە وریایی لێیان

نزيك كەوتەوە. دەنگى مارينگۆڤ هاتە گوێ كە لە شەختەكەدا دەزرنگايەوە..

– پێم ناڵێيت كوێى ئەم ژنەت بە دڵا چووە ؟ قەڵەوى قاچ گێڕ..

– قسەى قۆڕ..نيوەى خەڵكى مۆسكۆ شەيداى بوون ! تەواو..

– تەواو؟ من بەهۆى تۆوە هەموو ژيانم خستە مەترسييەوە..تۆش ئێستا عەشقى ژنێك بوويت() ى لەبەردايە؟!

ئەى من؟ هەرچى هەيە لە دۆزەخدا فرۆشتت؟ قوربانى ئەدەيت بە هاوڕێيەتيەكەشمان؟؟

سێجرى نەڕاندى:

– دووگيانە بە كوڕى من..تێگەيشتى؟؟

– كوڕى تۆ؟!

مارينگۆف كتوپڕ دايە قاقاى پێكەنين..

– كوڕى تۆ؟! كێ ئەم هەواڵەى پێڕاگەياندى؟

ئازيزم..تەماشايەكى كەللەى خۆت كە..بڕوانە وا لەژێر پێستى سەرتەوە خەريكە شاخ دەركەيت و جوان خۆى دەرخستووە..هەموو خەڵكى دەيبينن تەنها خۆت نەبێت..

زينۆچكا بە هێمنى چووە لايەكەوە..نەيويست گوێى لە پاشماوەى قسەكانى تريان بێت.. ئەوەندەى بەسە..ئێستا دەچێتەوە ماڵەوە و قسەى لەگەڵدا دەكات..دەبێ ئەو بڕيارێك بدات..چەند خولەكێك تێپەڕى و هێشتا لەبەردەم ماڵەوەدا



وەستاوە..لە شەقامەكەدا تەنها حەپەى وەڕينى سەگەكان نەبێت هيچ دەنگێكى تر نەدەهات..دەبێ زوو بگەڕێتەوە ماڵەوە دەنا لەو سەرما و سۆڵەيەدا دەستەكانى لەگۆ دەچن.. كليلەكەى خستە نێو كێلوونەكە و دەرگاكە بە هێمنى كرايەوە..سێرجى لەسەر مێزى نووسينگەكەى بە بايەخەوە خەريكى نووسين بوو..

– سێرجى..دەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم..

زينۆچكا قۆپچەى ريكۆتەكەى ترازاند و لەبەر دەرگاكەدا وەستا..سێرجى لە نووسينى خۆى نەكەوت و تەماشاى نەدەكرد..

– سێريوجا!

– ئەوەى بانگى دەكەيت لە ژياندا نەماوە!

– ئاوا..

زينۆچكا ڕوانيە دەوروبەرى خۆى..گوڵدانێكى گەورەى لاى دەرگاكەوە بينى..هەڵيگرت و بە هەموو تواناى كێشاى بە زەويدا..گوڵدانەكە شكا و پارچەكانى بەملاو بەولادا پەرش و بڵاو بوون..سێرجى چاوى هەڵبڕى و تەماشايەكى كرد و بە سارديەكەوە وتى:

– چيت ئەوێ؟

زينۆچكا هەناسەيەكى ساردى هەڵكێشا:

– چیم دەویٚ؟ چۆن بەمجۆرە قسەم لەگەڵ دەکەیت؟ ئەگەر لەبیرت چووە دەیهێنمەوە بیرت کە دووگیانم..بەمزوانە.. کوڕێکم دەبێت..

بە پەلەتر وتی:

– بابشزانیت.. کوڕی تۆیە.

– بەڵیٚ بەڵیٚ..کوڕی منە..چۆن.. دەزانم چۆن..

کەوتەوە نووسین.

– هاوڕێم.. کەس بەوجۆرەی تۆ قسە لەگەڵ خانمێکدا ناکات..هێشتا دەبیٚ زۆر شتی ترت فێربکەم..

لەناکاودا مارینگۆف بە پێکەنینەوە لە چێشتخانەکەوە دەرکەوت..

– دەبیٚ ئاگات لەم خانمە بێت.. لە ئێستادا نابیٚ دڵی بڕەنجێنی..

سێرجی تەماشایەکی پارچە شکاوەکانی گوڵدانەکەی کرد..مارینگۆفیش لە زینۆچکا نزیك کەوتەوە..چووە پشت سێرجی و هەردوو دەستی نایە سەرشانی.. ڕوخساری زینۆچکا زەرد هەڵگەڕا.

– مارینگۆف..دڕندەیەك لەنێو دڵتایە.. وردە وردە گەورە دەبێت..بەمزوانە تەنگ بە دڵت هەڵدەچنیٚ..هیوادارم ئەم سۆزەت بۆ کەسێکی دی تەرخان بکەیت..چونکە پێویستم پێی



نیە..فەرموو بڕۆرە دەرەوە..دەمەویٚ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بدوێم..

– مێردەکەت لێرەیە؟! تۆ چی دەڵێیت!! کوا لە کوێیە؟؟!!

مارینگۆف بە سەرسامی بە دەوری خۆیدا دەگەڕا.

– هاوسەرەکەت ! هاهاها!

تەماشای ژێر مێزەکەی کرد..هەردوو لای دەرگاکەی خستە سەر پشت..

– پیاوەکەت..ئەی کوا لە کویٚ خۆی شاردۆتەوە؟!

زینۆچکا هەستی بە لێدانێك کرد لە ناو سکیدا.. لێدانێکی تریش..دەبیٚ هەرچۆنێك بێت دان بەخۆیدا بگرێت..چونکە کۆرپەلە هەست بە هەموو شتێك دەکات..دەستی گرت بە سکیەوە و بە هێمنی لە سێرجی نزیك دەکەوتەوە..سێرجی چاوێکی تری سەرگەردانانەی تێبڕی کە زینۆچکا هەمیشە لەو ڕوانینەی ڕاهاتبوو..دواتر بە پەلە شتێکی لەسەر کاغەزەکە نووسی..زینۆچکا خوێندیەوە:" ئاسمان خۆی هێدە شینە یان خویٚ بەری چاوەکانمی گرتووە.."

هەستی کرد ئیدی ئەوە کۆتاییە.

لەولایشەوە مارینگۆف لە نمایشە گاڵتەجاڕیەکەی بەردەوام بوو..کەوتە سەر چۆك و ژێر نوێنەکە دەگەڕا.

– لەم ژێر پێخەفەیشدا نیە..سێروجا..ئەرێ پیاوی ئەم خانمەت نەدیوە؟

زینۆچکا رووی بەلای هاوسەرەکەیدا وەرگێڕا..وایدەزانی هەردووکیان گوێیان لە ترپەکانی دڵێتی..مارینگۆف دەیوت:

– سێریوجا.. شتێك بڵێ..

زینۆچکا بە تەماشایەکی شکۆداری وەڵامی دایەوە:

– نیگەرن مەبە..خۆم دەزانم مێردەکەم لێرە نیە..لێرە بوو..بەڵام ئاساییە کە نەمزانی چۆن رۆیشت..

بە متمانەوە وەرچەرخا و چووە داڵانەکە..

– خواتان لەگەڵ..

دواتر بە توندی دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.

سێرجی بە چاو ترووکانێك لەودیوی مێزەکەیەوە هەستایە سەر پێ..چەند هەنگاوێك رووە و دەرگاکە رۆیشت و وەستا..پارچەیەك لە گۆزە شکاوەکەی هەڵگرت و توند لە نێو لەپیدا هاڕیی..

– ئیتر ناگەڕێتەوە..خۆم دەزانم!

دەستی کردەوە و هەندێ وردە پارچە بەربوونەوە..

– بەڕاست؟

مارینگۆف بە خەمناکیەوە تەماشای دەکرد.

– جێی داخە..کێ دەڵێت خیانەت لێخۆشبوونی نیە؟



– من خۆش نابم..بڕوانە..

دەستی بۆ کردەوە..

– خوێن..نیشانەی شوومی و رەشبینیە..

– تۆ خۆت شوومی. ژن خەونی شاعیرانن چونکە سەرچاوەی بەهرەن. جگە لەوە هیچ پێویستیەکی ترمان پێیان نیە. شاعیر..ئەگەر بەڕاستی شاعیر بێت..دەبێ وەك چۆلەکە ئازاد بێت..دواتر سوپاسم دەکەیت..گوێت لێم بوو؟

سێرجی گوێی نەدایێ..لەسەر مێزەکەی دانیشتەوە و شتێکی تری نووسیەوە..

پێدەچێت شاعیرێکی تەواو بێت..

مارینگۆف کە ئەمەی بەبیردا هات ترس دایگرت..

* * *

زینۆچکا بە ئامێری چاپەکەی سەر مێزە کەوتە تایپکردن.. ئەمڕۆ هەڵەی زۆری کرد و..نەیتوانی بۆ ماوەیەکی باش ئاگایی خۆی بپارێزێت..لە دواین رۆژەکانیدا ئەوخەونە وەڕسکەرە لە مێشکی دوور نەدەکەوتەوە.." پیاوێکی شێوە سەیر و نامۆ بە جلی ڕەش و کلاوێکی قوتەوە لەسوچێکی ژوورەکەدا".. نەیتوانی نە ڕوخساری ببینێت.. نە نهێنیی ئەو دەنگە دەرك پێبکات کە هەموو جارێ وەئاگای دەهێنایەوە. وایدەزانی کەسێك پارچە ئاسنێك بە شووشەی پەنجەرەکەدا دەکیڕێنێت. بوونی

کەسە ڕەشەکە بێزاری نەکردبوو.. بەڵکو ئەو دەنگە بوو.. تا ئەم ساتەیش کە لەخەو هەڵدەسێت بڕستی لێبڕاوە..دوایی بەهۆی ئیشکردنەوە و بە زەحمەتیش دێتەوە باری ئاسایی خۆی..شتێکی زۆر ناخۆشە..

دەبێ بەردەوام و بێ وەستان ئیش بکات..هەمیشە بەهۆی ئەو خەونە خراپانەیەوە بیری رووداني شکستێك.. زیانێك خەوی دەزڕاند..لە ئایندەدا ئیتر پشت بە هیچ کەس و هیچ شتێك نابەستێت ! نەخێر..هەرگیز رێگە نادات نە خۆی و نە دوو منداڵەکیشی لەدەست بچێت..بەختی هەیە کە دایك و باوکی تانیوشکا و کۆستیکیان گرتۆتە خۆ..

بە لای ئەمەوە کارێکی گرانە بیر لە ژیانی ساڵی رابردووی بکاتەوە..دوای ئەوەی لە سێرجی تۆرا رۆژانێك لای ناسیاوەکانی مایەوە..دواتر هاتەوە ماڵی باوکی..ماڤ خۆی بوو. کوڕێکی بوو ناوی نا کۆستیك..منداڵێکی جوان و قژ ڕەش تەواو لە خۆی دەچوو ..ئای چەند فرمێسکی رشت بەدەم ماچکردنی پەنجە بچکۆلەکانیەوە..چەند هیواخواز بوو سێرجی ئەو منداڵە جوانەیان ببینێت کە هێناویانەتە ئەم دنیایەوە !بەڵام ئەستەمە..بەوهۆیەوە نا کە ئەوحەز بە بینینی ناکات..بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم حەزی نەدەکرد ببیبنێت..



هەرگیز نەیتوانی لەو سەرزەنشتکردنە شێتانەی ئەو رۆژەی خۆش بێت..نەخێر..نەخێر..نابێت هەرگیز بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە..جارێکی تریش هەمان هەڵەی کردەوە..جارێکی تریش هەمان ئەو پیاوە..ئەوەتا لە هۆڵەکەدا دانیشتووە و بەردەوام جگەرە دەکێشێت..ئاخۆ.. پێشتر ئەو ڕوخسارەی لەکوێ بینیوە ؟ دوو چاوی گەورە و جوان و لووتێکی بەرانپۆز..ئەم دڵنیایە پێشتر بینیویەتی..نەخێر..ئیتر بەسە..دواجار دەبێ ئاگادار بێت..نابێ جارێکی تر هەڵە بکاتەوە.. پیاوەکە بە وریاییەوە پرسیی:

– بەیارمەتیت..وابزانم جەنابتان زیناییدا نیکۆلایڤنان..

دەنگێکی خۆشی هەبوو..تێبینیەکانی لەبارەیەوە بۆخۆی هێشتەوە و وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە..ئەویش پێکەنی:

– من فسیفۆڵد مایرهۆڵدم..

پێکەنینەکەی جوان بوو. زینۆچکا کەمێك گرژی و مۆنی گرتی.. بێگومان مایرهۆڵدە.. پێشتر چەندینجار یەکتریان بینیوە..لە کۆتایی هاوینی رابردوودا هاتە مۆسکۆ..لە کۆتایی مانگی ئەیلوولدا کرا بە بەڕێوەبەری بەشی شانۆ. زینۆچکا ئەوەی هاتەوە یاد کە چۆن گفتوگۆکانی بۆ ئاوەژووکردنەوەی بارودۆخی شانۆ لە هەموو شوێنێکدا قسەی لەبارەوە دەکرا..بەوردی چاوی تێبڕی..ناتوانێت هەرگیز بێجووڵە دابنیشێت..وزەیەکی زۆری لە

ناخدا هەلگرتووە..ئەمیش خۆی..چۆن دەتوانێت بە درێژایی رۆژ لە نووسینگەکەیدا نغرۆی ئیشکردن بێت" گەر دەیەوێت با خۆی تاقی بکاتەوە.. مایرۆڵد لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتبوو و بۆ خۆی گۆرانیی دەوت و تەماشای ئەمی دەکرد..

– تۆ گۆرانیی خۆشی میللیش دەلێیت؟

زینۆچکا بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوەی وەبیر هاتەوە کە سێرجی چۆن رۆژێکیان هات بۆ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکان و چۆن بەسەر لێواری پەنجەرەکەدا بازی دا.. بە بێ هیچ پێشەکیەکیش کەوتە گۆرانی وتن. بۆچی ئەوەی هاتەوە یاد؟

مایرهۆڵد شڵەژا:

– گۆرانیی میللیی خۆش؟ بۆچی؟؟ نەخێر..دەتوانم سەما بکەم..سەمای تریپاکا و فالس..بەڵام لەگەڵ تۆدا.. حەز بە سەماکردن ناکەیت؟

بە کورتی وەڵامی دایەوە:

– هیچ سەمایەك نازانم.

– دەی.. خۆت تاقی کەوە..خۆت هانبدە!

مایرۆڵد لێی نزیککەوتەوە و دەستی بۆ درێژ کرد..ئەویش بەدەم تاپیکردنەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد:

– لە کاتی ئیشکردنا بێزارم مەکە.



مایرهۆڵد هەنگاوێك چووە دواوە.. دەستی نایە سەر سینگی خۆی..شەیدایانەیش بە چاو ئابلۆوقەی ئەوی دابوو..بە دەنگێکی لە دوورەوە هاتوو تووشی کتوپڕیی کرد:

– ئێرە جێگەی تۆ نیە..

زینۆچکا گفتوگۆکەی کردە گاڵتەبازی:

– ئەی جێگەی تۆ کوێیە؟

مایرهۆڵد بەدەم خوراندنی چەناگەی و بە داڵغەوە وەڵامی دایەوە:

– سەر تەختەی شانۆ..

زینۆچکا چاوەکانی بۆ لای ئەو هەڵبڕی:

– مەمخەرە پێکەنین..

چۆن هەستی دەرککردن گەیاندیە ئەم بۆچوونە؟ ئاخر خۆ چوونە سەر تەختەی شانۆ خەونی نەمریی ئەم بووە..بەهەر هۆیەکەوە بێت...

مایرهۆڵد بە توندی بیرکردنەوەکەی پێ بڕی:

– ئێستا دەتبینم..دەتبینم بە کراسێکی باڵاپۆشەوە لەسەر تەختەی شانۆیت..گوڵ..گوڵ خۆیان خستۆتە بەر پێت..گوڵی بێشومار..

مایرهۆڵد بە خێراییەکی سەیر بە ژوورەکەدا کەوتە هاتن و چوون.. زینۆچکایش بۆ ساتێك داڵغە گرتی:

– لەبەر پێی منا؟ بۆ لەبەر پێی منا؟باشتر وایە چەپکە گوڵەکان بدرێنە دەستم..

ویستی بە خۆشییەوە قورسایی ئەو هەڵوێستە سووک بکاتەوە..بەڵام لە خۆیشی و لەویش تووڕە بوو..چونکە بۆی دەرکەوت ناتوانێت ئەم پیاوە کە لەخۆی زۆر گەورەتر و زیرەکتر بشڵەژێنێت. مایرهۆڵد لە لایەوە وشك هەڵات:

– راستە بە خۆت نازانیت کە هێندەی خواوەندێك جوانیت؟

سیمای زۆر جێی سەرنج.. تەعبیرەکانی سەرسامکەر..زەردەخەنەیەکی سیما جیاواز و هەندێجار مۆن..گاڵتەچی..گاڵتەپێکەر..رووخۆش..رەزاقورس..ئای خودایە..وشە بە وەسفیدا ناگات؟ پێمدەڵێت خواوەند؟ ئەی خواوەند نیم دەبێ چییتر بم..بێگومان وایە..

دەنگی مایرهۆڵد هێنایەوە زەمینەی واقیع:

– بەڵێ..بەڵێ! وەك خواوەندی ئەفسانە !

– بە دوو منداڵەوە؟؟!

ئەم قسەیە بێ ئیرادەی خۆی لە دەمی دەرچوو..

– شوێنی سرووشتیی گوڵەکان بەرپێی خواوەندن..وەك قوربانی..

بە ئەدایەکی شانۆیی:

– زۆر جوانە..



زینۆچکا پێکەنی:

– قوربانی..من حەزم لە بەرخۆلەیەکی بچووکە..

لەوێدا هەستی کرد بارێکی قورسی لەکۆڵ بۆتەوە کە هەمیشە فشاری لەسەری هەبووە و رێگەی ژیانی لێگرتووە..

نێوچەوانی گرژ بوو و سەری نایە نێوان هەردوو دەستی:

– من گەمژەم.. دەڵێی چی بۆ نانی ئێوارە بچین بۆ شوێنێك..

– بێگومان رەتی ناکەمەوە ! ئەگەر ئەمە نەتترسێنێت..

زینۆچکا جووڵا..

– ئێستا هیچ شتێك ناتوانێت بمترسێنێت.

– زۆر چاکە..ئێستا دەگەڕێمەوە..

دەرگاکەی تەنیشتیان بە ئەسپایی کرایەوە و پیاوێکی قژ لوولی لێوە دەرکەوت..بە دەنگێکی نەرم و روونەوە:

– فسیفۆڵد..ببوورە دیوارەکانی ئێرە باریك و تەنکن..بەهەرحاڵ..گوێم لە هەموو شتێك بوو..چیتە؟ رەنگە نەزانیت ئەم ژنە هاوسەری یەسەنینە؟ راستە جیابوونەتەوە..بەڵام هێشتا تەڵاق نەدراوە..بێگومان ئەم زانیاریانە راستن..بۆیە گەر من لەجێی تۆیم..

مایرهۆڵد بەکاوەخۆ قسەی دەکرد:

– هەریەك لە ئێمە پێگەی تایبەتی خۆی لە ژیاندا هەیە..سەبارەت بە زیناییدا..بێگومان دەزانم..دوو رۆژ لەمەوبەر

چاوم بەیەسەنینی هاوسەری کەوت و هەر لەوێدا پێموت حەزم لە ژنەکەی پێشووتە و دەخوازم بایەخی پێبدەم.. هیوادارم دڵم نەوەستی..

پیاوە قژلوولەکە کڵاوەکەی سەری ڕێکخستەوە:

– ئەی ئەو چیی وت؟

وتی:

– ئەو سیحربازە تۆیشی خەڵەتاند ! خۆت تاقی بکەرەوە..ئێستا من هیچ ڕێگریەکم نیە..بەڵکو سوپاست دەکەم..

زینۆچکا بە پەلەپرووزکێ هاتەوە ژوورێ:

– ئامادەم..

مایرهۆڵد وەك نواندنی شانۆیی دەستی بۆ درێژ کرد و بە دەنگێکی شڵەژاوەوە:

– زینۆچکا..با بڕۆین..

زینۆچکا چاوی لەو نەدەبڕی:

– بۆ کوێ؟

– بۆ ژیانێکی تر!

بە هەموو توانای خۆی دەستی گرت..زینایيدا وا هەستی دەکرد لەگەڵ ئەودا هەست بە ئارامی و سەرفرازی دەکات..بۆنی شتێکی لێدێت..ڕەنگە بۆنی بەهرە بەهێزەکەی بێت..لەناکاودا خواستێك



دایگرت بەوەی ئەو بۆنە هێزی ..خۆشەویستی بێت. هەوڵیدا شڵەژانەکەی بە زەردەخەنە بشارێتەوە..

– چ ژیانێك؟ باشتر یان خراپتر؟

چاوە بە تەعبیرەکانی بە زەقی تێبڕی:

– ژیانێکی جیاواز..دەی با بڕۆین؟

زینۆچکا بە ئاماژەیەکی بێدەنگی سەر ڕەزامەندیی دەربڕی..چوونە دەرەوە..جارێکی تریش دەرگاکەی تەنیشتیان بە ئارامی کرایەوە..پیاوە قژلوول و کورتە باڵاکە بە کڵاوەکەی سەریەوە خۆی کرد بە ژوورا..بە نەغمەیەکی ئێرەیی بردن چرپاندی:

– ئەمە خۆ کوشتنە..

جگەرەیەکی دەرهێنا و بە دەستێکی لەرزۆك دایگیرساند:

– بە دڵنیاییەوە خۆ کوشتنە !

سەرباری سەرماو چۆڵیی شەقامەکان، چەندین شەوگاری درێژیان دەست لە ناو دەست بەسەر برد..

– زینۆچکا..دەزانیت ئێستا بوویتە فریشتەی پاسەوانم..

باوەشی بە شانەکانیدا کرد:

– لەم ڕۆڵە گرنگە ناترسیت؟

بەدەم پێکەنینەوە:

– نەخێر.. ئامادەم..هەرچەند باوکم هەمیشە پێیدەوتم" تەنانەت فریشتەی پاسەوانیش ناتوانێت کەس لە هەژاری و زیندان بپارێزێت"..

مایرهۆڵد بە پێکەنینەوە:

– لەگەڵ تۆدا لە هەژاری ناترسم.. تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو زیندانییش کرام..

زینۆچکا بەسەرسامیەوە تەماشای کرد و بەڵێی بۆ کرد..

مایرهۆڵد پێکەنینەکەی زیاتر کرد..ئەم پیاوە بەمەبەستی چاکبوونەوە لە نەخۆشی بۆ ناوچەی "قرم" سەفەری کرد..سوپای سپی لەوێ بوو..بۆیە کاتی پشوودانەکەی لەو سەیرانگەیە لە زیندانی شاری نۆڤۆرۆسیسك بەسەر دەبات..

زینۆچکا هەستی بە ماندوو بوون کرد و وەستا و بە هەستێکی خۆشحاڵیەوە لەسەر کورسیەك دانیشت..مایرهۆڵدیش بە شادمانیەوە لەتەنیشتیەوە..

– چۆن توانیت پێنج مانگ بێ ئیشکردن لەوێ بمێنیتەوە..شێت بوو بوویت؟

– بۆ وا تێگەیشتوویت بێ ئیش بووم؟ یەکەم وانەی شانۆم بۆ هاوڕێکانم وتەوە..دووهەم هەندێ ڕۆڵم لە شانۆییەکی پۆشکیندا بینی..ڕۆڵی "بیمین"ی پاڵەوانم بینی کە خۆم زۆرم خۆش



دەویست..سێهەمیش هێڵە سەرەکیەکانی هەندێ شانۆییم دانا..تێگەیشتی ؟

زینۆچکا لەتاو سەرما هەڵدەلەرزی..بە شێوەیەکی سەیر پەنجەکانی لەخۆی جیا بوو بوونەوە..مایرهۆڵد ئاگای لێبوو بۆیە دەستەکانی خستە نێو لەپیەوە و بە جدی وتی:

– بەختەوەرم کە هاتوویتە نێو هونەری نواندنەوە..بڕوات بێت..دەبیتە ئەکتەرێکی لێهاتوو!

زینۆچکا هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– بە ئەکتەر بوون بەهرەی دەوێ.

نەزانرا مایرهۆڵد چۆن لەسەر کورسیەکە راپەڕی و پەنجەی خستە نێو سینگیەوە..

– چیت دەوێ ئالێرەدا دەستت دەکەوێت..

زینۆچکا بەپێکەنینێکی ناسکەوە:

– بێگومان وایە..کارێکی سرووشتیە..

لەناکاودا هەڵمەتی بۆ برد:

– ئۆکەی.. کەواتە شووم پێبکە !

دواتر چاوەکانی بە سووربوونێکەوە نوقاند..زینۆچکا هات بەلایەوە..بە شێوەیەکی کۆمێدیانە یەك چاوی کردەوە و بەسۆزەوە تەماشای کرد..زینۆچکا تا رادەیەك دونیای لەخۆوە ئاڵاند..رەنگە ئەوە بەهۆی هیلاکی، یان کاریگەریی ئەو داوا

کتوپڕییەی ئەوەوە بووبێت..نەخێر..بۆ کتوپڕ..چونکە پێشبینیی دەکرد.. ئیتر بۆ هەستەکانی بشارێتەوە؟بەڵام نەیزانی هێندە بەخێرایی روودەدات.. سەری خستە سەر شانی :

– دەترسم..

بەسۆزەوە لە ئامێزی گرت:

– مەترسە..نازدارەکەم..شتێك لەئارادا نیە جێی ترسان بێت..

– بۆ ئەبەد بۆت دەبم بە گوڵدانێك لە کریستال..بەم دەستانەم هەڵتدەگرم..پەیمان بێت..

– بەڵام من هەر خۆم نیم..دوو کەسی ترم لەگەڵدایە.. دوو گوڵدانی بچکۆلەن کە هەرگیز دەستبەرداریان نابم..ئیتر ئەو ماوەیە بەسە کە لەگەڵ دایك و باوکم ژیاون..(بە دەنگێکی سکاڵاوە) زۆریان بیر دەکەم !

مایرهۆڵد کەوتە پەلهاویشتن و فرتەکردن بەملاو بەولادا و دەستی بە هەموو ئاراستەکاندا دەجووڵاند:

– ئەوە دەڵێی چی؟! بێگومان هەموومان پێکەوە دەژین !پێکەوە دەست بەژیان دەکەینەوە !ئیش دەکەین!

بێ ئاگادارکردنەوە قسەکانی پێشووی بڕی و چاوی بڕیە چاوەکانی:

– زینۆلا..وەڵامت نەدامەوە.. رازییت؟

بە پێکەنینێکی شاراوەوە:



– وەڵامم دایەوە.. بەڵام تۆ ئەوەندە کردت بە هەڵا گوێت لێ نەبوو.

– وەڵامە بەڵێ بوو یان نەخێر ؟

– بێگومان بەڵێ ! هەر یەکەم رۆژ لە دەرگای ژوورەکە هاتینە دەرەوە بەڵێ بوو..

دەنگی ژنێك لە ماڵەکەی بەرانبەرەوە تێکەڵاوی دەنگەکەیان بوو:

– سێریوجا! لەکوێی هەی نەگبەت ! شەوە شەو..

زینۆچکا راچەنی وخۆی بە مایرهۆڵدەوە نووساند.. ئەویش لە ئامێزی گرت..

– بەختەوەریی من تۆیت ! دەکرێت مرۆڤ تا ئەم رادەیە عاشق بێت؟!

* * *

"جیك، جیك"..شتێکی ناخۆشە..ئەم پیاوە رەشە چیی لێدەوێت؟ بۆچی دوای کەوتووە؟ جیك جیك..ئەو دەنگە چەقۆیەکە دڵی دەبڕێت..زۆر ناخۆشە..

زینۆچکا لەسەر نوێنەکەی راچەنی و لە خەون بینینەکەی وەئاگا هاتەوە..شەو دەسەڵاتی شەقامی گرتۆتە دەست..تریفەی مانگیش لە ژوورە بچکۆلە و خۆشەکەدا مەلە دەکات..تیشکەکانی گەمەیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکرد کە لەتەنیشتیەوە

خەوتبوو..کوڕ و کچەکەی لە ژوورێکی تردا نووستبوون.. دەبێ سبەینێ دیسان بچێتەوە بۆ شانۆ..
ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیبوو بەسەر تەڵاق وەرگرتنی بە خواستی خۆی لە دادگا لە سێرجی یەسەنین کە شووی بە مایرهۆڵد کرد..هەموو ئەمانە لەکورتترین ماوەدا روویاندا..بەڵام لای ئەو سەد ساڵی خایاندووە..مێردەکەی دەیپەرستێت..چونکە هەرئەویش ئەم ژیانە نوێ و جوانەی پێبەخشی..زۆر کەم بیر لە سێرجی دەکاتەوە..هەندێجار هەواڵی کەمی ژیانی ئەو پێدەگات بەڵام بەلایەوە گرنگ نیە..هەندێجاری زۆر کەمیش بە ڕێکەوت بەیەکتری گەیشتوون..بەڵام پشتگوێخستنی یەکتری تاکە زمانی دیالۆگیان بووە..
دواین یەکتر بینین لە وێستگەی شەمەندەفەری رۆستۆف بوو لە سەفەرەکەیدا بۆ کیسلۆفۆدسك دوای لەدایکبوونی کۆستیك..ئەوە دواین وێستگەی نێوانیان بوو..لەناکاو سەری مارینگۆف بینی کە لەنێو خەڵکەکەوە دەرکەوت..یەکەم بیرکردنەوە ویستی بە ڕاکردن لەدەستی هەڵبێت..بەڵام رەنگە سێرجیشی لەگەڵدا بێت؟! دەبێ لەو پیاوە نزیك بێتەوە و لەبارەی سێرجیەوە پرسیاری لێبکات.
بۆ دواین جار کە قسەی لەگەڵدا کرد دوای لەدایکبوونی کوڕەکەی بوو..خۆی پێڕانەگیرا لە دوای سێرجی نارد..نەك بۆ ئەوەی گوێی



لە دەنگی بێت..نەخێر..هەرگیز! بەڵکو تەنها بۆ ئەوە بوو بزانێت دەیەوێ چ ناوێك لە کوڕەکەیان بنێن..ئەویش دوای کەمێك بیرکردنەوە بە وشکیەکەوە دەڵێت: کۆنستانتین..
سێرجی خۆی تێك نەدا کوڕەکەی ببینێت..بەڵام رەنگە ئێستا قەدەر دواین دەرفەتی بینینی ئەوی بۆ بڕەخسێنێت..نەخێر..هەرگیز لە کردارەکانی خۆش نابێت..ئەوەی ئێستا دەیکات لە پێناوی منداڵەکانیدایە..بە بوێریەوە روویکردە مارینگۆف و ئەویش نەیتوانی ئەو خۆشیە بشارێتەوە کە بەهۆی بینیەوە دایگرتبوو. مارینگۆف وەك نەریتی خۆی بە رستەی درێژ دەستی بە قسەکردن کرد بەڵام زینۆچکا ناچار بوو قسەکەی پێببڕێت..
– سێرجی لەگەڵ تۆدایە؟
بە مارینگۆڤ راگەیاند کە لەگەڵ کۆستای کوڕی لە سەفەردایە و تا ئێستا ئەم کوڕەی نەبینیوە..داوای لێکرد بێت و کوڕەکەی ببینێت، ئەگەر نایەوێ ئەم ببینێت ئەوا دەچێتە دەرەوەی کابینەی شەمەندەفەرەکە. مارینگۆف بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە کە خواستەکەی دەگەێنێت. بینیشی چۆن یەسەنین دوای مشتومڕێکی زۆر رەزامەندیی دەربڕیوە..یەسەنین دەرگای کابینەکە دەکاتەوە و بێئەوەی تەماشای زینۆچکا بکات

دەچێتە ژووریَ..زینۆچکا جلی مناڵەکەی ڕێکدەخات و کۆستیك پێدەکەنێت و لە خۆشیدا دەکەوێتە لنگەفرتێ..

– ئۆف.. ڕەشە..کەس لە وەچەی یەسەنین ڕەش نیە.. دەی با بڕۆین..

سێرجی بەوجۆرە رای خۆی بۆ مارینگۆف دەربڕی..مارینگۆفیش کەوتە بیرکردنەوە لەبارەی ئەو مناڵەوە..

زینۆچکا ئاوڕی دایەوە و سەری لە پەنجەرەکە بردە پێشەوە..

– هەر ئێستا لێرە بچۆرە دەرەوە..دەی هەر ئێستا..

چەند وردە هەنگاوێك یەسەنینی گەیاندە دەرەوە..مارینگۆفیش بە دوایدا و یەك تەماشای خەمناکی بۆ زینۆچکا جێهێشت و دەرگاکەی داخست..

خۆی لە ناخی دڵنیا کردەوە..ئێستا وادەی کۆتایی هاتووە..

هێندە لێوەکانی خۆی گەست خوێنیان لێ چۆڕا..بەهۆی بوونی مناڵکەیشیەوە لەلایدا نەیدەتوانی بگری..زینۆچکا بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی لەخەو هەڵنەسێنێت بە ئەسپایی لە نوێنەکە هەڵسا و لە ژوورەکەیش چووە دەرێ و بە پێی پەتی چووە چێشتخانەکە..پەرداخێك ئاوی تێکرد و لەسەر کورسیەکی نزیك پەنجەرەکە بۆ پشوودان دانیشت..دوێنێ چیی بەسەر هات؟ هاتەوە بیری کە دوای هاتنەوەی لە شانۆ داویەتە پڕمەی گریان و دواتر چووەتە سەر نوێنەکەی..



مایرهۆڵد ویستی دڵی بداتەوە و باری گرانی سووك بکات..دەستی بە نەرمی دا لە شانەکانی و دواتر پەرداخێك ئاوی بۆ هێنا..

– زینۆلیا ئازیزم.. ئارام بەوە..

بەڵام زینۆچکا پاڵی پێوە دەنێت و بە دەنگێکی بەرز لە گریانی خۆی بەردەوام دەبێت..

– جارێکی تر ناڕۆمەوە بۆ شانۆ..رقم لە شانۆیە..رقم لە بابانۆفای کچە هاوڕێیشت دەبێتەوە..

دواتر بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەما..هزر و بیرەکانی بوون بە وشە..وشەکانیش بە دەستەواژە..دەستەواژەکانیش لە شێوەی فرمێسکی بە خواستە گەرمەکانی تەڕبوودا ڕێچکەیان بەست..

– نابم بە ئەکتەر ! نابم..لێمگەڕێ و ئازارم مەدە..

چۆن دەتوانێت هەموو شتێك شی بکاتەوە؟ بەڵێ..چونکە پێیوایە ئەکتەرێکی گەورە نیە، بەڵام هەوڵ دەدات..نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێت – وەك فسیۆفۆشکا خۆی دەڵێت – بەهرەدارە. ئەستەمە هەڵە بکات..چونکە ئەو دەرهێنەرێکی مەزنە. ئای لەو ئەکتەرانە..هەموویان نا.. بەڵکو هەندێکیان..بە تایبەتی ئەو ئەکتەرە ناشیرینە بابانۆفا.

سەرەتا هەموویان دەورەیان دەدا و باوەشیان پێدا دەکرد و ماچیان دەکرد "زینۆچکا..زینۆچکا.."، بەڵام ئێستا رووی خۆیانی لێ وەردەگێڕن و چپەچپی لێدەکەن..

بێگومان زینۆچکا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو شتێك بە باشی بزانێت..بەڵام دەتوانێت و دەشبێتە ئەکتەرێکی گەورە..چونکە پێویستیی بەوەیە..دوێنێ گوێی لێبوو بابانۆفا بە دەنگی بەرز دەیوت:"ئەمە مانای وایە دەبێتە هاوسەری دەرهێنەریش..هەر ژنە گەڕۆکێکی بازاڕیش بێنین دەتوانێت لەو باشتر رۆڵی خۆشەویستی بگێڕێت..ئەمە تەنانەت خۆشەویستییش نازانێت. یەسەنین بەخۆڕایی دەستی لێبەرنەداوە..".

ئاخۆ ئیتر دوای ئەوە دەتوانێت بچێتەوە سەر شانۆ؟ ئای خودایە بۆچی هێندە رقیان لێی دەبێتەوە؟ ئاخر چیی لێکردوون؟! ئەی چۆن بتوانێت باسی ئەم رووداوانە بۆ مایرهۆڵد بکات..ئەو وەك منالی خۆی تەماشای ئەکتەرەکان دەکات! تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت ئەگەر هاوسەرە خۆشەویستەکەی سەرپشك بکات کە دەبێ یان ئەم یان... ئەی چی دەبێت گەر کتوپڕیەك روویدا؟!

مایرهۆڵد بە بایەخەوە لێی ورد دەبووەوە:

– زینۆچکا..کەمێك هێور بەرەوە.. چی روویداوە؟ دیسانەوە بابانۆفا؟!



نەگریا..چووە سەر نوێنەکە و روخساری هەڵئاوسای کردە مایرهۆڵد..

– چۆن زانیی؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا..وەك منالێك بە لەپی دەستی فرمێسکەکانی سڕی.

– بەڵێ.. ئاگاداری هەموو شتێکم.

بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ ..

– زۆر لەوە زیاتر دەزانم کە تۆ وێنات کردووە..ئەم دەرهێنەرە زانایە هەستی شەشەمی هەیە.

بە دەستڕاوەشاندن و لەبەرخۆوە قسەکردن خێراتریش بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو..زینۆچکا کەوتە دوای و ویستی بە کراسەکەی بیگرێت..زینۆچکا بەخۆی دەوت: بۆچی وا لەناکاودا گەمژەیی دایگرتووە..لەبریی ئەوەی هەموو ئەو رقنانە تووڕداتە دەرەوە.. هەموویانی هێناوەتە ژوورەوە. ئەوەتا مایرهۆڵد تووشی هەڵچوون هاتووە و تۆزێکی تر سەرئێشە دایدەگرێتەوە..چ کارێکی کرد؟!

..زینۆچکا قومێك ئاوی خواردەوە و پەرداخەکەی خستە سەر مێزی چێشتخانەکە..دواتر چاوی کەوت بە پەڕەکاغەزێکی چوارگۆشەیی قەمچ کراو..بە وریایی کردیەوە..بە پانیی پەڕەکاغەزەکە بە خەتی مایرهۆڵد نووسرابوو

"بابانۆفا"..دەستەکانی لەیەك ئالآن..بەردەوام بوو لە
خوێندنەوە.." بابانۆفای شۆخ و شەنگ..پێموایە ناتوانم ئیتر
هاوکاریت بکەم لە ئایندەدا" بەڕێوەبەر.
هەناسەی سوار بوو..
چی ڕوویداوە؟ سوپاسکردنەکەی بۆ مایرهۆڵد ئەوەیە ئەم ڕۆڵە
ببینێت، هەموو مۆسکۆ دێنە بەرپێی! ئەویش شانازیی پێوە
دەکات!

* * *

– زینۆچکا..گوێت لێ بوو؟
مایرهۆڵد ڕۆژنامەکەی خستە لاوە و ڕووی تێکرد
– بەس لەبەر ئاوێنەکەدا بووەستە..باشتر وایە بێیتە ئێرە..
زینۆچکا بە نابەدڵی لای ئاوێنەکە لاچوو..لەم ساتەدا لەژێر
پێڵووی چاوەکانیدا چرچیی نوێی بینی..ڕەنگە بەهۆی
ماکیاژەکەوە بێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەچێت بۆ شانۆ و پرۆڤە و
نمایش دەکات و ڕۆژانە سوپایەك خەڵکانی سەرسام دوای
دەکەون..سەیری لەخۆی دەهات کە وێڕای هەموو شتێك ناوی
دەرکردووە.
مایرهۆڵد بانگی کردەوە
– زینۆچکا..دەزانی کێ نامەی بۆ ناردووین..ئیزادۆرا دنکانی
هاوسەری سێریوجکاکەی تۆ؟



بە تووڕەیی:
– بۆ هەردووکمانی ناردووە..بەڵام شیعرەکانی تەنها بۆ تۆ
ناردووە ! ئازیزەکەم..لە ڕوخسارتا چەندین تەعبیر
دەخوێنمەوە..یەسەنین شانۆییە نوێکەی "بۆگاچۆف"ی بۆ
ناردووم بۆ نمایشکردنی..بۆ پێشبڕکێیەکی ناردووە و لەگەڵ
چەندین ئیشی تردا هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە !
زینۆچکا لە تەنیشتیەوە دانیشت..لە گوڵدانێکی بچکۆلەوە
هەندێ گوڵی وشکی چنی..
– ئەو بۆگاچۆفە چۆن دەبینیت؟
– جوانە..زۆر جوانە..شیعرەکان جوان و کاریگەرن..ئێستا چەند
دێڕێکیم لە یادەوەریدایە..
بە سیمایەکی پرسیار کردنەوە تەماشایەکی زینۆچکای کرد:
– دەتەوێ بۆت بخوێنمەوە؟
بە نابەدڵیەکەوە: فەرموو !
مایرهۆڵد چووە پشت کورسیەکە و چاوەکانی بۆ نوقاند..دوای
چەند ساتێك بێدەنگی.. بە ڕیتمێك کەوتە خوێندنەوەی
شیعرەکە..کە پێشتر زینۆچکا بەرگوێی نەکەوتبوو..
" خودایە..ئیتر کاتی نەهاتووە؟
ئاخۆ کەوتبێتە بەر ڕەحمەتی قەدەرەوە..
ئێستایش..

ئێستایش وەك دوێنێ وایە".
زینۆچکا بە خێرایی خوێندنەوەکەی پێ بڕی.. بەسە..
چیلکەکەی دەستی شکاند و قرچەیەکی لێ هەڵسا..مایرهۆڵد بە سەرسامیەوە : بەدڵت نەبوو؟
– وابزانم بە دڵی تۆ نەبوو نەك من. من نیم کە حەز نەکەم ئەو ئیشە نمایش بکرێت..
پارچەکانی چیلکەکەی خستە سەر مێزەکە:
– زینۆچکا.. تۆ چی دەکەیت؟
مایرهۆڵد وردە دارەکانی چیلکەکەی بەکاوەخۆ کۆکردەوە..خستیە نێو قاپێکی بچووکی سەر مێزەکە.
– ئیشێکی تری مایکۆفسکیم وەرگرتووە..چونکە لە دڵمەوە نزیکترە..من چیم دەوت ؟ بەڵێ..بەڵێ..دەزانی کێ ئیزادۆرای بۆ ناردووین؟
ڕەنگی روخساری زینۆچکا گۆڕا وەك ئەوەی ددان ئێشەی گرتبێت.
– من چۆن بزانم ؟
– کراسین..لیۆنید کراسین..ئیزادۆرا لە رۆژی بیست و یەکی ئەپریلدا لەگەڵ پیانۆژەن رۆمیل بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرتێك هاتووە..کراسینی نوێنەری بازرگانیی شانۆی ئامیل لەناوچەی وێلز بینیویەتی..دوای کۆنسێرتەکەیش خۆی پێناساندووە..بۆی



ڕوونکردۆتەوە کە گەلی رووسیا تا چ رادەیەك شەیدای ئەون، کراسین خۆی قەناعەتی بەو بیرۆکەیە هەبوو..دواتر نامەیەکی هاوبەشیان بەم مانایەوە نووسیوە. ئەم کراسینە کەسێکی رێك و پێك و تا سەر ئێسقان رۆشنبیرە..لەچاو یەسەنیندا پەریەکی بەخشندەیە.
زینۆچکا بە بێتاقەتیەوە: بەڵێ..
مایرهۆڵد بە وریایی سەیری دەکرد..دەرکیشی بەوە کرد قسە لە بابەتێکی نەگونجا و دەکات.. بۆیە بە خۆشیەوە مەسەلەکەی گۆڕی:
– زنیۆلا گوێبگرە..چی دەڵێیت کەسێك بێنین لە ئیشی ماڵەوەتا یارمەتیت بدات ؟
زینۆچکا وتی: وتت پەریەکی بەخشندەنەیە ؟!
– کەسێك بۆ یارمەتیدانی ئیشەکانی ماڵ بۆ تۆ زۆر پێویستە ! چۆنە پێشتر ئەمەم بە بیردا نەهاتووە؟
نیگەرانی مایرهۆڵدی داگرت و هەستیکرد زۆر قسەکردن لەم ئیزادۆرایە کێشەی بەدواوە دەبێت.
– بەڕاست !
زینۆچکا دوو نیگای ئاگرینی ئاراستەکرد و وتی:

– بیرم چوو پێت بڵێم..یەسەنینی خۆشەویستت پەیوەندیی پێوە
کردم و دەیەوێت لەم چەند ڕۆژەدا بێت بۆ بینینی تانیوشکا.
ڕێگەی پێ دەدەیت ؟
مایرهۆڵد شانەکانی خۆی گرژ کردەوە وەك نیشانەیەك بۆ
ڕێگەپێنەدانی..
– با بێت..پێشتر چەندین جاری تر هاتووە.. بۆچی ئەمجارە ئاوا
بە کتوپڕی پرسم پێدەکەیت ؟
– مادام باسی ئەو دەکەیت..کە هات..
بە دەم چوونە دەرەوە قسەکەی تەواو کرد..
– کە هات من لێرە نابم..
چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی تێبڕی:
– ئارەزووی خۆتە..
دواتر بە دەنگێکی بەرز و خۆش وتی: چی دەڵێیت شانۆیی
هاملێت نمایش بکەین ؟
زینۆچکا لەبەردەم دەرگاکەدا وشك هەڵات و بە ترسەوە ئاوڕی
لێدایەوە.
– کێ ڕۆڵی هاملێت ببینێت ؟
– بێگومان تۆ..لە تۆ زیاتر کێ دەتوانێت ؟



ئەرێ ئەم پیاوە چیی بەسەر هاتووە ! هەندێجار ناتوانێت
جیاوازی لە نێوان گاڵتە و جدیەتیدا بکات ! زینۆچکا بە
زەردەخەنەیەکەوە لێی نزیك بووەوە..
– فسیۆفۆچکا !! ئەوەندەت زانی لێمدایت..
– نازدارە زێڕینەکەم..هەر ئەوەندەی دەستەکانت ئازاد کران بۆ
لێدانم..باشتر وایە ڕۆڵەکەت لەبەر بکەیت..نەگبەت..دەی..خێرا
دەست پێبکە !
زینۆچکا هەرچی زووتر چووە نێو گەمەکە و ڕۆڵەکەیەوە و بە
ئەدایەکی شانۆیی..
" ببم یان نەبم..ئەوە کێشەکەیە !".
مایرهۆڵد لە یەك خاڵی چەسپاو ڕاما کە ئەمیش باش ئەو
ڕوانینەی ئەوی دەناسی..بۆیە لێی نزیك کەوتەوە و باوەشی پێدا
کرد..
– فسیۆفۆچکای ئازیز و خۆشەویست و ڕووخۆشم..چرچیی نوێ
کەوتۆتە ژێر پێڵوەکانت.. بەڵام هێشتا..
لەناکاودا ڕاپەڕی:
– نەخێر..پێویستمان بەم مەنەلۆژە نابێت ! هەرگیز !هەر
بوونیشی نیە..ئەم مەنەلۆژەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر بە
شتێکی بلیمەتانە دانراوە.. ڕێ لە ڕووداوەکان دەگرێت !

خزێنراوەتە نێو هەندێ شیعرەوە کە بە دیدێکی فەلسەفیانە چارەسەری هەستکردن بە خەمەکانی ئەو دەمەی کردووە..

زینۆچکا بە هەناسەیەکەوە..

– با ببینین..ئای لە زیرەکیی..یان گاڵتەی پێدەکات ؟

– بەسە..

ماچێکی نێوچەوانی..

دەی بۆ ئیشکردن..

بە هەنگاوی چەسپاو ژوورەکەی جێهێشت. ئاوی توالێتەکە دەڕۆیشت.

– ئێستا کاتت هاتوە.. کاتت هاتووە هاملێت !

فسیۆفۆچکا لەودیوی دیوارەکەوە بە دیالۆگ وتنەوە دەرکەوت..زینۆچکا زەردەخەنەی هاتێ..تا ئەم رادەیە لەگەڵ ئەودا هەست بە سەرفرازی دەکات.. جارێکی تریش چووە بەر ئاوێنەکە..

– چرچی و لۆچیەکان چییان لێهات ؟ کوان.. ئەوەتان..

بە جوانی لەئاوێنەکەدا دیقەتی خۆیدا..لەناخی خۆیدا دیالۆگەکەی هاملێتی دەوتەوە..

شتێکی بڵحە

دایە قاقای پێکەنین ! هاوسەرەکەم ! ئای کە فێڵبازیت ! ئەرێ بۆ کارەکەرەکە چیی دەوت ؟



زینایيدا لە دەرکەی شوقەکە نزیک کەوتەوە و زەنگی لێدا..لیدا ئەنسیمۆفای خزمەتکار دەرگاکەی بۆ کردەوە و چووە ژووری..خانمێکی سادە و ساکارە و خاوەن ماڵ هەست بەبوونی ناکات لە ماڵەکەدا..

– ئەم گوڵانە بخەرە گوڵدانەکەوە..

زینۆچکا چەپکێك گوڵی دایە دەستی و لووتی بۆ هەڵمژینی هەوایەك بەرز کردەوە: لە شوقەکەدا بۆنێکی سەیر دێت. هەستێکی خۆش دایگرت..هەندێجار تەنها بە بۆندا بوونی کەسێك دەرك پێدەکات.. لە ماڵیشەوە..

چووە ژوورەکە و رووی قسەی کردە لیدا: کەس هاتوە بۆ سەردانمان ؟ تانیوشا ئەم هەموو کاتە بە چیەوە خەریك بووە ؟

لیدا ئاماژەی بۆ ژووری منداڵەکان کرد:

– لێرەیە.. لەگەڵ باوکی..

زینۆچکا برۆکانی لێکنا..

– باوکی لێرەیە.. بۆ ئێمە ئەمڕۆمان دانابوو ؟

لەسەرەخۆ بەرەو ژووری منداڵەکان چوو و لیدایش قسەی بۆ دەکرد: وتی هەر لەم نزیکانە بووە.. ئیتر بڕیاری داوە..

زینۆچکا دەرگاکەی کردەوە و یەسەنینی بینی لەنێو یاری منداڵەکاندا فەرشە گەورەکەی داخستووە و پشتی ناوە بە دیوارەکەوە..رووی بەلای زینۆچکادا وەرگێڕا و ویستی بە

زەحمەت هەڵسێت..بەڵام زینۆچکا بە تێڕوانینێکی بێدەنگ و لۆمەکارانە وەڵامی دایەوە..

– مادام نیازی سەردانی کچەکەت هەبوو.. دەبوو نەتخواردایەتەوە..شتێکی پیسە..

تانیوشکا بە دڵخۆشی رایکرد بۆ لای دایکی و بە سۆزەوە باوەشی پێدا کرد..

– دایە..شیعرم بۆ باوکم خوێندەوە و بەدڵی بوو..

– کچێکی ژیری.. وابزانم لە شیعرەکانی باوکت خوێندۆتەوە ؟

تانیوشکا بە شانازیەوە هاواری کرد..

– بەڵێ..شیعرەکانی باوکم بوو..

– ئاخر بۆیە بەدڵی بووە؟!

چاوی بڕیە کچۆڵەکەی: بە لیدا بڵێ چایەکمان بۆ لێنێت..دەبێ رێز لە میوانە ئازیزەکەمان بگرین..

جارێکی تریش بە چاوی نیگەرانیی ڕوانیە یەسەنین..تانیوشکا رایکردە دەرەوەی ژوورەکە..

– نەتتوانیوە واز لە خواردنەوە بێنیت ؟ لایکەمی ئەمڕۆ ؟ رێزی خۆیشت ناگریت ؟ لایکەمی بیر لە مناڵەکان بکەرەوە . چۆن دێیتە بیریان؟

– جا بۆ بیرم دەکەنەوە..خۆ بەمزوانە نامرم..بۆ کچەکەمت کردە دەرەوە ؟



زینا هەڵشاخا: کچەکەت ؟ ئاا کچەکەت ! پێویستیی بە کچەکەیەتی ! دواجار بیری کەوتەوە !

پەنجەی شایەتیی هەڵبڕی و پێکەنینێکی فراوانیشی کردە سێبەری : من شاعیرم شاعیر

" بە دڵڕەقییەکی زۆرەوە حوکم دەرمەکەن

ئێرە ڤینیسیا نیە

ئای کێوە شەختەبەندەکان لە ئەورووپادا چەند زۆرن

بەڵام کەمیان لە شێتەکانی ئیزادۆران"

زینۆچکا بە نەغمەیەکی منگە منگەوە وتی: بڕۆ بۆ لای پیرێژنەکەت !

بۆ سەماکردن لەدەرەوەی سنوور..

خزمەتکارەکە هاتە ژوورێ و بە بزۆزیەوە چاودێریی دەکردن

– زینابیدا نیکۆلایڤنا ! چایەکە ئامادەیە..

– لیدا.. دەرگاکە داخە !

لیدا هەناسەیەکی بە گرانی هەڵکێشا و لەتووڕەییدا لێوی خۆی گەست، دواجار چووە دەرێ و دەرگاکەیشی بەتەواوی دانەخست..

لەپڕدا یەسەنین وەك تیر دەرپەڕی و دەرگاکەی بە کلیلەکە داخست کە بە کێلوونەکەوە بوو..

زینا هاواری کرد: ئەوە چی دەکەیت ؟

لێی نزیك كەوتەوە: دەرگاكەم داخست.

زینابیدا ئارەقەی دەركرد..ژوورەكەی تانیوشكا زۆر بچووكە و شوێن نیە خۆی تێدا بشارێتەوە..دواجار بە توسێكەوە: تۆ...؟

یەسەنین لەبەردەمیدا وەستا..

سێرجی..چی دەكەیت ! ئێستا تانیوشكا دێتەوە و دەیەوێ دەرگاكە بكاتەوە و دەبینێ داخراوە..نابێ لەگەڵ منالەكەدا وابكەیت..

بە شەیداییەوە چووە نێو چاوەكانی: دەتوانیت یەك دەقیقە بێدەنگ بیت ؟ مەقیزێنە و پێیشم مەڵێ من كێم و كێ نیم..بۆ ئەوە پێویستیم بە تۆ نیە..بەڵێ خواردوومەتەوە..تووشی هەڵوێستێكی ناخۆش هاتم..زین..بۆ بینینی تانیوشكا هاتووم..

– سێرجی..من..

بێدەنگی دایگرت دوای ئەوەی هەموو ئەوانەی دەیویست بیانڵێت لە یادەوەرییدا سڕانەوە..رەنگە بیەوێت دەربیكات..یان شتێكی تر..یەسەنین پەنجەی نایە سەر دەمی

– یەك دەقیقە..یەك..بێدەنگ..

كەوتنە تەماشاكردنی یەكتری..

"چۆن توانیم خۆشم بوێت، نازانم..ماوەیەكی زۆرە بە تەنها پێكەوە نەبوون..زینۆچكا ویستی شتێك بڵێت بەڵام بێدەنگی دەسەڵاتی خۆی سەپاند".



زینۆچكا دەستێكی بەسەرو قژیدا هێنا..سێرجی پێكەنی: ئۆكەی..فەرموو..من..

– سێرجی..تۆ خۆت دەزانیت..

– وس..بێدەنگ قسە مەكە..

بەخەمناكی بە دەستی ئیشارەتی پێدا..

– دەی.. فەرموو گاڵتەی خۆتم پێبكە..

شەپقە نەبووەكەی سەری هەڵبڕی و لەبەردەمیدا دانەویەوە..

– فەرموو..تۆش وەك ئەوانی تر گاڵتەم پێبكە !

زینۆچكا نێو هەنگاو چووە دواوە و پشتی نووساند بەدیوارەكەوە..چونكە گۆڕانە هەوەسیە سەیرەكانی ئەوی لەبیر نەچۆتەوە. بە پەنابردن بۆ ئارامی و هێمن دەستی بە قسەكردن كردەوە..وەك ئەوەی منالێكی هاروهاج ئاسایی بكاتەوە..

– تۆ شاعیریت.

مایرهۆڵد هاتەوە و پرسیاری لە لیدا كرد: زینا نیكۆلایفنا لە كوێیە؟

– لە ژووری منالەكانە لەگەڵ باوكی كچەكەی..

ئاماژەی بە تانیوشكا دا كە لە دەرەوە لەسەر نوێنەكە بازبازێنی بوو..

– ئەوان دەرگاكەیان لەسەر خۆیان داخستووە..

مایرهۆڵد بە پەلە لە دەرگاکە نزیك کەوتەوە..لەبەردەمیدا وەستا کە دەنگی نزمی یەسەنینی هاتە گوێ..

– تەنها دەمەوێ تەماشات بکەم..تەنها چاوە نێرگسیەکانت ببینم..ئەگەر رابردووت خۆش نەویستبێت..بێگومان بۆ من نەبێت بۆ کەسی تریش نابێت..

زینا بە شانازیەوە..

– بەڵام بۆ کەسی تر بووم..

سێرجی بە ڕوونی جەختی لە وتەکانی کردەوە: نەخێر..هیچت بۆ نەکراوە !

تانیوشکا مایرهۆڵدی لە هۆڵەکەدا بینی، بە باز بەرەوپیریی چوو و هاواری کرد: بابە..

روخساری مایرهۆڵد تێکچوو و خۆی گەیاندە دەرگاکە بۆ کردنەوەی..تەقی بە ڕووی مایرهۆڵدا

– فسیۆفۆچکا !

لە چاوترووکانێکدا زیناییدا هاتە نێوانیان و مایرهۆڵدی ماچکرد..

– چۆنە ئەمڕۆ وا زوو هاتوویت ! ..بەهەرحاڵ..باشت کرد. لەکاتی خۆیدا هاتوویت تا چایەکمان لەگەڵدا بخۆیتەوە !

روویکردە چێشتخانەکە و بانگی کرد: لیدا چایەکەمان بۆ بێنە..چاوەڕێی چی دەکەیت ؟



مایرهۆڵد لەبەرخۆیەوە وتی: خۆیشم نازانم.. بەڵام دواتر بە دەنگێکی ئاشکرا وتی: سێرجی..بۆ لەناو دەرگاکەدا وەستاویت؟ وەرە ژووری نانخواردن و چایەك بخۆرەوە.

سێرجی بەسەر ئیشارەی رەتکردنەوەی دا..

– سوپاس..دەبێ بڕۆم..بۆ جارێکی تر..

دوجار چووە سەر چۆك و دەستی بۆ تانیوشا درێژکرد..

– کچەکەم.. نیگەران مەبە..کاتێکی تر دێمەوە..

قیت بوەوە و دواتر چەمیەوە و هەردوو دەستی بە هەردوو لادا بڵاوکردەوە..زیناییدا دەستەکانی لەسەر سینەی تێك ئاڵان و پشتی نا بە تاکی دەرگاکەوە..مایرهۆڵدیش زەردەخەنەیەکی پێشوازیی بۆ کرد..

– بێگومان..جارێکی تریش وەرەوە..لەخزمەتتاین..

سێرجی دەرگاکەی کردەوە..بەڵام لەبەر دەرگاکەدا ئاوڕی لێیان دایەوە..

– زیناییدا..پێشتر گوێت لەم شیعرە بووە..بۆ تۆ شتێکی نوێ نیە..دەزانیت کێ نووسیویەتی ؟شیعری تۆلیا مارینگۆفە..

دەرگاکەی لەسەرەخۆ داخست.

زیناییدا چوو بۆ ژووری نووستن و تانیوشکایش بە دوایدا..

– دایە..بۆچی وا خەمباریت ؟

– تانیوشکا !

لەبەردەم کچەکەیدا هاتە سەر چۆك..

– پێم بڵێ..تۆ کچی کێیت ؟

تانیوشکا بە شەرم و شڵەژانەوەی چمکێکی کراسەکەی لوول دەکرد: یەسەنین..

– ئافەرین.. پێشتر پێموتوویت یەسەنین باوکی تۆ و کۆستیکایە.. بۆیە نابێ بەکەسی تر بڵێین بابە..تێگەیشتی ؟

– تێگەیشتم..فسیۆفۆچکا بۆیە تۆی هێناوە چونکە پیاوێکی باشە و هەمووماني خۆشدەوێت ! دایکە ! تۆ وتت بەمزوانە ئێمە شانازی بە باوکمانەوە دەکەین و کاتی گونجاوی خۆیمان پێ دەڵێیت تا خۆمانی بۆ ئامادە بکەین..پێمان دەڵێیت ؟

زینۆچکا بە بێدەنگی هەستا..

– رۆژێکی چەند درێژ بوو..

تانیوشکا جارێکی تر: دایکە..پێمان دەڵێیت ؟

مایرهۆڵد کە لەوکاتەدا خۆی بە ژووردا کرد.. هات بەسەر قسەکاندا: بەڵێ..دەتوانی ئێستا پێیان بڵێیت..

بە چاو ئیشارەتی بۆ تانیا کرد بۆ شتێکی پێچراوە لەسەر ئەرزی هۆڵەکە دانابوو و دواتر چاوی بڕیە بنمیچی ژوورەکە..لە نێوان خۆی و مناڵەکاندا زمانی تایبەتی ئیشارەت هەیە قسەی پێدەکەن بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنن..ئەم دوو مناڵەی زۆر خۆش



دەوێن..ئەوانیش هەمان خۆشەویستییان بۆی هەیە.. ئەو وشەی "بابە"یەش کە لەدەمی تانیوشکا دەرچوو زۆر کەوت..

– دایکە..ئەمڕۆ فسیۆفۆچکا شیرینیی بۆ کڕیوین..

کچەکە بەرەو هۆڵەکە باڵی گرتەوە..

– زیناییدا..دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم..

– ماوەم بدەرێ با خۆم بگۆڕم..ماندوو بووم..سەرم کاس بووە..گیانم داهێزراوە..تۆزێك پەنجەرەکە بکەرەوە.

زینۆچکا کەنتۆرەکەی کردەوە و کەوتە خۆگۆڕین..

–زینۆچکا..

لە پشتەوە خۆی لێ نزیك خستەوە و باوەشی پێداکرد

– گوێ بگرە..

زیناییدا بەوجۆرە مایەوە..ئەویش دەستی بە پشتیدا دەهێنا کە بەهۆی شڵەژانەوە زیاد لە پێویست پان و پۆڕ بوو بوو..

– نازدارەکەم..ژیان زۆر زەحمەتە..دەکرێت هەموو شتێکی تێدا رووبدات.. دەمەوێ هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە ئێستا پێموتیت..بەڵێ..

ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی.

– دەشێت هەر شتێك روو بدات.. بەڵام دەمەوێ پەیمانم بدەیتێ هەرچییەك روویدا راستیەکەیم پێ بڵێیت چەندە مایەی ئازاریش بێت..تەنها راستیەکەی..چونکە پێش هەموو شتێك..

زیاتر و زیاتر باوەشی پێدا دەکرد: هاوڕێتم..نابێ درۆ بێتە نێوانمانەوە..دەنا کۆتاییمان پێدێت !

– ئای خوایە..فسیۆفۆچکا..تۆ دەمترسێنیت.

بەرەو رووی ئەو خۆی وەرچەرخاند و ئەو فرمێسکانەی قەتیس مابوون رێچکەیان بەست..

– نازانم باسی چی دەکەیت..بێگومان شڵەژاوم..نەك بەوهۆیەوە کە ئەوم بینیوە..چونکە دوای جیا بوونەوەمان زۆر جاری تریش بەیەك گەیشتووین..

فرمێسکەکانی داباریـن..

– ئاوا..پێشتر بەیەك گەیشتوون بەڵام ئەمڕۆ بینیت..ئۆکەی..دەی دەموچاوت بشۆ و وەرە با چایەکەمان بخۆین..

چوو بۆ لای دەرگاکە..وشەکانی بەرەو قسەی مناڵانە گۆڕی

– ئێ دەی.. شیعریشی بۆ خوێندیتەوە ! زینۆلای ئازیز..تۆ ئێستا لە تانیوشکا دەچیت کە هەموو شیرینیەکەی لووشدا..ئەمڕۆ روخسارەت بۆ وا تێکداوە دەڵێی تاوانێکت کردووە؟ دەی خۆت بگۆڕە و وەرە..

مایرهۆڵد چووە هۆڵەکەوە..زینۆچکا دڵی بە قسەکانی بەختەوەر بوو..بەڵام ئاخۆ مایرهۆڵد دەتوانێت تاسەر وەك هاوڕێیەك خۆی



رابگرێت ؟ شێتانە تانیوشکای خۆش دەوێت..دەشزانێت مرۆڤ لەژیانیدا تەنها یەك جار بەو پلەیە لە عەشق دەگات..

یان قەدەر سزای خۆی پێگەیاندووە؟؟

* * *

زینۆچکا بە دەوری خۆیدا چاوی دەگێڕا و لە شوقە بچکۆلە و خۆشەکە ورد دەبووەوە..

– کەی بوو ئاخر جار هاتم بۆ لات ؟

خاوەنی شوقەکە بە دەنگێکی نەرم وەڵامی دایەوە : ئەوپەڕی ساڵێك..یان ساڵ و نیوێکە !

ژنێکی کورتە باڵای کامڵ و روخساری جوان و رووخۆش بوو..ناسیاوێکی دوورێتی..دوو هاوڕێی نزیکن..زینۆچکا هات بۆ لای..بە شانە دارینەکە کەوتە داهێنانی پرچی..ئەمڕۆ بە عەزێ رەشەکەیەوە زۆر جوان بوو کە سێبەرێکی نا ئاسایی خستبووە سەر..

– بڕوانە لەو ئاخر جارەوە کە یەکترمان بینی چۆن پیر بووم !

ئەم رستە خەمناکەی وت و شانەکەی دانا و چووە بەر ئاوێنەکە.

– خوات لەگەڵ ! راستە پیر بووم..

زینۆچکا ئاماژەی بە خاوەن شوقەکە دا..لەسەر کورسیەکی نزیك دەرگاکە دانیشت.

– بگرەوبەردەم لەگەڵدا مەکە..خۆ کوێر نیت..نازانیت ئەوە خەسڵەتی ئاوێنەیە کە وێنە کۆنەکان دەپارێزێت..ئەم ئاوێنەیە وێنەی جارانی منی پاراستووە..شتێکی خەمناکە..
زینۆچکا هەناسەی سارد هەڵدەکێشێت.
– دەزانیت.. هەندێجار وام بە خەیاڵدا دێت جاران بەختەوەرتر بووم..نەخێر..بەختەوەرتر نا بەڵکو ئازادتر بووم..بەڵام بە هۆیەکەوە هەمیشە هەستم بەتەنیایی دەکرد.
خاوەن ماڵەکە پەرۆشانە ناڕەزایی دەربڕی: زینا..نابێ بەوجۆرە قسەبکەیت..تۆ لەگەڵ بلیمەتێکا دەژییت هەموو ژنان ئیرەییت پێدەبەن.
– ئیرەییم پێدەبەن ! پێیان بڵێ باشتر وایە ئیرەیی نەبەن..ئاخر بۆ ؟تێناگەم بۆ ؟چیم لێکردوون؟ئاااخ..بێگومان من ئەکتەرێکی مەزن نیم..خۆیشم ئەوە دەزانم !هەرگیز هەڵایەکم نەناوەتەوە بەوەی ئەو رۆڵانەی بینیومن لووتکەی هونەر بوون. گەرچی من هەموو ناخی خۆم بەو رۆڵانە دەدەم کە دەیانگێڕم و بە بەشێك لە رۆحی خۆمیان دادەنێم.
دوێنی رۆژنامەیەکم کردەوە..چیم بینی؟ کەسێك بەناوی شۆشبنفیچ رەخنەیەکی لەنمایشەکە گرتووە و دەڵێت" چەند لەو قاچ و قوولە شاهانەیە بێزار بووم"..کەچی هەموو مۆسکۆیش بۆ بینینی نمایشەکەمان پەلەپڕووزکێیانە..رۆژانەیش بە چەندین



چەپکە گوڵەوە کە پێشکەشم کراوە دەگەڕێمەوە ماڵەوە !تێناگەم.. بۆچی خەڵکی تا ئەو رادەیە لەگەڵ یەکتریدا راستگۆ نین ؟ئێستا..کتوپڕ بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات..پێم بڵێ..بەڕاست یەسەنین بلیمەتە ؟
خاوەن ماڵەکە ئیشارەی خاچی کێشا..
– ئای خودایە..چیت بەسەر هاتووە؟
زینابیدا سوور بوو لەسەر پرسیارەکەی: تکایە..پێم بڵێ !
– بەڵێ بلیمەتە..زۆرینەی جارەکان..بەڵام سەرخۆشە
زینابیدا دەستێکی راوەشاند:
– ئێستا باسی ئەوە ناکەم..بلیمەتە..مایرهۆڵدیش بلیمەتە.. ئەمەیش واتە دوو بلیمەت کەوتوونەتە داوی خۆشەویستیی منەوە. ئەستەمە ئەوە روودات ! ئەستەمە دوو کەسی بلیمەت و زیرەك و بەهرەمەند ژنێکی گەمژەیان خۆش بوێت کە هیچی پێ نیە..بۆ نموونە..موزیککاری گەورە مۆزارۆ کۆنستانسیا، شاعیری گەورەی روسیا پۆشکین و ناتالیا..بڕوانە چەندە کاتێکی زۆریش تێپەڕیوە و کەچی خەڵکی هێمن نابنەوە و بوتڵە شووشەی بچووك دەگرنە ئەو ژنانە..بۆچی ؟بە چ هۆیەکەوە ؟ گەر دان بەوەدا بنێین پۆشکین بلیمەتە..ئەگەر سەرمان بۆ نەوی کرد..دەبێ رێز لە بڕیاری ئەو بگرین..لایکەمی لەبەر ئەوەی بلیمەتێك ئەو کارەی کردووە..بەڵام نابێ لە قووڵایی رۆحی

بگەڕێن..بڕوا بکە.. زۆرجار ژیان لەگەڵ ئەو بلیمەتانەدا دەبێتە ئازار و مەینەتی. مەبەستم فسیۆفۆچکا نیە..تێگەیشتی ؟

– تۆ جوانیت..بۆیە ئیرەییت پێدەبەن..

– ئیرەیی..ئیرەیی بە چی ؟!

لە پەنجەرەکە نزیك کەوتەوە..

– هەندێجار حەزەکەم هاوار بکەم..

زینۆچکا باوەشی بەخۆیدا کرد..

خۆت وا دابنێ فارگۆنی شەمەندەفەرێکیت و بە تەنها بەوپەڕی خێرایی بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەڕۆیت و ناشوەستیت و ناشتەوێ بوەستیت..لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانیت چونکە لەسەر هەمان هێڵی ئاسنینە و لە شوێنی خۆی دەجووڵێت..

ماوەیەك بێدەنگی..

دوای ئەوە بە هەمووانی رادەگەێنیت کە تۆ بەختەوەریت. هەقیقەتی رەنگە ئەوە بێت دەتەوێ بە پێچەوانەی شەپۆلەکەوە بڕۆیت.

خاوەن شوقەکە تەماشایەکی کاتژمێرە کۆنەکەی سەر دیوارەکەی کرد

– تۆ ئەمڕۆ لە حاڵێکی سرووشتیدا نییت..

زینا لە پەنجەرەکە دوور کەوتەوە و پرسیی: کەی دێت ؟

– دە خولەکی تر دەکرێت چاوەڕوانی کردنەکە دەست پێبکات..



زینۆچکا سەرێکی راوەشاند و لەم سووچی ژوورەکەوە بۆ ئەو سووچی کەوتە هاتن و چوون..

– شتێکی زۆر گرنگت وت..دەتوانین دوای دە خولەکی تر بکەوینە چاوەڕێ کردن. دوای نیو سەعات؟ یان هەفتەیەك ؟ دوای ساڵێك ؟ئەوکات ناتوانین چاوەڕوان بین ؟ ئەگەر هەموو ژیانت لەسەر تەنها ساتێك چاوەڕوانی وەستا بێت بەرلەوەی لە هەموو شتێك رزگارت بێت..بەسەر پێڵاوەکانی کەسێکدا بکەویت و هاوار بکەیت.."منیش لەم ژیانەدا شتێك هەر دێنم.. خۆ دەستەپاچە نیم !

هەناسەیەکی گەرم..

هەروەها..

زینۆچکا دەستەکانی راوەشاند

زەحمەتە ئەم حاڵەتە راڤە بکرێت..مرۆڤ ناتوانێت تا ئەبەد بەمشێوەیە بژی..

تەقەی قفڵی دەرگای سەرەکی بەتوندی هات..

خاوەن ماڵەکە تەماشای کرد..

– گوێت لێ بوو ؟

زینۆچکا برستی لێبڕا..

تا ئێستا ئەوە پێنجەمین جارە تەقەی ئەو قفڵەم بەرگوێ دەکەوێت..

زەنگی دەرگاکە ناچاری کردن بکەونە لە یەکتری رامان..خاوەن ماڵەکە لەسەرخۆ روویکردە دەرگاکە و تەماشای زینۆچکای دەکرد کە لە جێی خۆی زۆر سەیر وشك هەڵاتبوو..

یەسەنین بەدەم تەکاندنی بەفرەکەی سەر جلەکانی هاتە ژوورەوە..کڵاوە فەروەکەی داکەند و تەماشایەکی دەوروبەری کرد و خستیە سەر کورسیەکی بچووك..خاوەن ماڵەکە ئیشارەتی دا بە عەلاگەیەك بە دیوارەکەوە:

– سێرجی ئیڤانۆڤیچ.. دەتوانی لەوێ هەڵیواسیت..

سێرجی هەر زوو پاڵتۆکەی داکەند و هەندێ پەڕەکاغەزی لە گیرفانەکەی دەرهێنا..بە چاوەکانی بە هەموو ئاراستەیەکدا ژوورەکەی لووشدا..

– بیست لاپەڕە دەبێت..فریا دەکەویت ؟

– هەوڵەدەم..

ئەم وشانەی خاوەن شوقەکە بە سەرسوڕمانەوە پێچرابوون، کاتێك لەدەوروبەری خۆی روانی و زینۆچکای بەرچاو نەکەوت..ساتێکی چاوەڕوانیی پڕ دڵەڕاوکێ بوو..

– کەواتە دەڕۆم..ئێ ؟

سێرجی رووی قسەی کردە ژوورەکە..دواتر بە سەرسامیەوە گەڕایەوە بۆ لای خاوەن ماڵەکە..ئەویش بە جووڵەیەکی دەستە شڵەژاوەکانی ئیشارەتی دا..



لە ژێر نووسینگەکەوە سێرجی خشەیەکی هاتە بەرگوێ. رووی بەلای خاوەن شوقەکەدا وەرگێڕا بۆ پرسیارکردن..ئەویش شانەکانی هەڵتەکاند کە نازانێت چیە..هەموو ژوورەکە گەڕا تا گەیشتە ژێر مێزەکە..زینۆچکا لەوێ بێ جووڵە هەڵترووشکا بوو.

یەسەنین بە جدیەوە: شتێکت لێ ون بووە ؟

زینۆچکا سەری بۆ نەخێر راوەشاند

– ئەی چیە..

سێرجی دەستی بۆ درێژکرد..

– وەرە دەرەوە..لێرەدا جێی هەردووکمان نابێتەوە..

لە چاوەکانیدا بریقەیەکی شین دەدرەوشایەوە..لەوێ بۆ هیچ کوێیەکی تر نایەتە دەرەوە چی ئەبێت با ببێت !

چەند ساتێك پێشتر یەکێك پێی وتبوو..ئەوە خۆیەتی..ئەکتەری ناودار زینایدا رایخە..دایکی دوو منداڵ..ئەو کەسەی هەر ئەوەندەی دەنگی ئەو دەبیستێت قاچەکانی شل دەبن..دەسەڵاتی بەسەر خۆی و هەڵسوکەوتیدا نامێنێت !

بەڵام راستە..بۆچی هەر هێندەی ئەو دەبینێت هەناسەی سوار دەبێت وەك لە گەنجیشدا وای لێدەهات ؟ چۆن دەتوانێت ئەو دڵە شێتەی هێور بکاتەوە کە شێتانە لێدەدات ؟ چەندینجار بە یەك گەیشتوون دوای ئەوەی هاتۆتە نێو ژیانی نوێیەوە..تا ئەوساتەیش شتی وای بەسەردا نەهاتوە ! هۆکەی

ئاسانە..ئەوکاتە فسیۆفۆچکای لەگەڵدا بوو..لە تەنیشتیەوە بوو..هەستی بە پشتگیریی دەکرد..بەڵام ئێستا بە تەنهایە..نەخێر..تەنها نیە..

لە داڵانەکەوە خاوەن ماڵەکە بانگی کرد.

– زینۆچکا..دەچم بۆ چاپخانە..زوو دێمەوە.

دەنگی سێرجی بەرز بوەوە

– لەسەرخۆ برۆ جیمان خانم.. شەقامەکان خلیسکن !

– سێرجی !

زینۆچکا بە دەرلنگی پانتۆڵەکەی رایکێشا

– چی ئەکەیت ؟

– چیم کردووە ؟ تەنها پێموت بە پەلە نەڕوات.. وەرە دەرەوە..دەی..ئیتر بەسە !

جارێکی تر دەستی بۆ درێژ کردەوە..

زینۆچکا لە ژێر مێزەکە هاتە دەرەوە و بەتووڕەیی جلەکانی دەتەکاند.

سێرجی پێکەنی بۆی: راستە زینۆلیا..چەندە زیاتر ناو دەربکەین هێندە سادە و خاکیتر دەبین ! لە ژوورەکەدا میوانمان هەیە و تۆیش خۆت ترنجانۆتە ژێر مێزەکە !

زینۆچکا بە وریایی دەستی گرت..هەندێ رووشاوی بەر دەستی کەوت



– ئەوە چیە ؟

– هیچ نیە ؟

سێرجی بە نەرم و نیانی دەستی لە پرچەکەی وەردا..

دوایی کەوتە نێو قۆناغی شەرم و بریسکانەوەی چاوە نێرگسیەکانی..

– ئەم بەدلەیەت زۆر لێ جوانە..

– ئەی کراسەکە..

چاکەتەکەی خستە سەر کورسیەکە..

* * *

مایرهۆڵد هاتە نێو شوقەکە..داڵانەکە تاریك بوو.. تانیوشکا و کۆستیك نووستبوون.. لیدا لە شوێنی خۆی پشووی دەدا..ئەمیش پەرۆشی هێمنی و ئارامی بوو..چووە ژووری نووستنەکە و گڵۆپەکەی هەڵکرد..پەڕەکاغەزێکی لەسەر لێواری ئاوێنەکە بینی" فسیۆفۆچکا..بمبەخشە..بەڵام.." تا کۆتایی نامەکەی خوێندەوە و بە هەموو ژوورەکاندا گەڕا..

– ئاخ لە دەستی خانم جیمان !چۆن ئەمەت کرد ؟ چۆن توانیی زینابیدا فریو بدات؟ ئاخر فریودان مانای چی؟ زینۆچکا ژنێکی کاملە..بە خواستی خۆی چووە بۆ ئەوێ..ئەمە مانای وایە خۆی بڕیاری داوە. بۆ نامەکەیش..بێگومان..خۆم داوام لێکردووە درۆم لەگەڵدا نەکات..

خەم شکستی پێهێنا..کەس ناتوانێت وێنای ئەو غیرەیە بکات
لەناخیدا هێلانەی کردووە !بەکورتی و پوختی، لەوەدا بوو شێت
ببێت کە دەیبینی پیاوەکان چاویان بڕیوەتە زینابیدا.. چۆن ئاوا
بە دەوریدا خول دەخۆن و دەستی ماچ دەکەن و هەناسەی
گەرمی بۆ هەڵدەکێشن..هەموویشیان بەرپرسانی دەوڵەتن..کە
دەیانبینی ئاو دەزایە دەمیان..ئەمیش تەواو ئامادە بوو بۆ
ئەوەی هەموویان بپڕووکێنێت ! لە خەم و ئازاردا دەکولا کە بوو
بووە دوو پارچەوە..لەلایەک هەموو هیوای ئەوە بوو لەسەر
تەختەی شانۆ ئەفرێنەر بێت تا رۆژانە هەموو کەس
بیبینن..لەلایەکی تریشەوە لە ناخەوە دەیەوێت لەقوللەیەکی
بەرزدا بەندی بکات تا هیچ کام لەو چاوە نامۆیانە
نەیبینن..ئەوسا تەنها دەبێتە موڵکی خۆی..

لە سەرمادا کەوتە هەڵلەرزین..چیی لەدەست دێت؟چۆن لەبەر
ئەو بەزمەدا خۆی بۆ رادەگیرێت؟ نەخێر..هەر دێتەوە..لەبارەی
هەندێ شتی گرنگەوە لەگەڵ سێرجیدا قسە دەکات و
دەگەڕێتەوە..لای تەلیفۆنەکەوە لەسەر کورسیەک
دانیشت..لەوانەیە تەلیفۆن بکات..دەبێ بیبینێت..وا شەو
داهات..لەبەر بێتاقەتی سەری شۆڕ کردەوە..

ئای چ ئازارێکە ببیتە هاوڕێی هاوسەرە خۆشەویستەکەت !



زینۆچکا بە دوو قاچی لەیەک ئاڵاو لەسەر کورسیەکە
دانیشتووە..سێرجی لەسەر زەوی لە لایەوە سەری نابووە سەر
ئەژنۆی..بە دەستە بەسۆزەکانی گەمەی بە چەند تەڵە قژێکی
دەکرد

– شەش مانگە نەمبینیویت..

– پێنج مانگ و دوانزە رۆژە..

– گرنگ نیە

– بەڵکو گرنگە..

لەناخیدا گوێی لە دەنگی بوو کە دەنگی دەدایەوە..دەبێ ئێستا
هەست بە چی بکات..هەست بەتاوان..نەخێر..دواتر کە بۆ ئەو
هەستە ئامادە بێت..ئەی دواتر ؟هیچ..چونکە ئێستا لە
هەقیقەتی خۆیدایە. تاکە هەستێکی گەورە.. سێرجی بە
شانازیەوە: من ئێستا کۆمەڵێك ئیشم بەدەستەوەیە..دوێنی لە
کرملین بووم لای ماریا ئەندریڤنا...

سەدای ئەم دەنگە لە کەللەیدا زرنگایەوە..

..کۆمەڵێك ئیشی هەیە. هەروا..دوێنێش لە کرملین بووە .. لای
ماریا ئەندریڤا..بۆچی لای ئەو بووە ؟

هاتەوە بۆ لای:

–لای ماریا ئەندریڤا.. چۆنە بەلاتەوە ؟

– بەدڵم نەبوو..نازانم سافا مارۆزۆف و مەکسیم گۆرگی کوێیـان
بەدڵ بووە خۆشیان ویستووە..نە جوانە و نەبەهرەمەندیش..
هەناسەیەکی خەمناك لە زینۆچکاوە..
– ئاوا..رۆژێکیش دێ وا بە مـن بڵـێن؟ ئـەو دوانـە کوێیـان بـەدڵ
بووە ؟ نەجوانە و نە بەهرەمەندیش
سێرجی پێکەنی: ئای لەو پیاوانە !
زینۆچکا پشتیە بچکۆلە بەرگ نەخشێنراوەکەی هەڵگرت و کەوتە
کێشانی بە سەروپۆتەڵاکی سێرجیدا..
– ئێ.. ئاوا..بگرە..
– ئارام بە..زنیلا.مەکە..
سێرجی پشتیەکەی لێسەند و چوارمشقی لەسەری دانیشت: عاقڵ
بە..دەزانی چیم پێدەڵێن؟دەڵێن شێت بوو..
زینۆچکا بەسەر قسەکەی سەلماند..
– سەرخۆشم..بێ مێشکم..
– نەخێر..کە ئاگات لەخۆت دەبێ پیاوێکی رێکو پێکی..
زەردەخەنەیـەکی جـوانی کـردە دیـاری..سـێرجی هەناسـەیەکی
هەڵکێشا:
– بەڵێ..بەهەرحاڵ..من هـەرگیز وەك مـارۆزۆف خـۆم نـاکوژم !
هەرگیز..چونکە من موڵکی خۆم نیم !
زینۆچکا بە چاوێکی غیرەیی تەماشای کرد



– ئەی موڵکی کێیت ؟
– موڵکی بەهرەکانی خۆمم..لەخزمەتیاندام..
هەڵسایە سەرپێ
– سەرمات نیە ؟
ئاماژەی بۆ مێزی لای ئاوێنەکە کرد
– ئێستایش هەروا زوو سەرمات دەبێ ؟
هەندێ لەتەڵەقژەکانی بۆ پەخش کرد..
– سێریوجا..وا مەکە..
قژەکەی رێکخستەوە و پێکەنی..
– دەزانیت.. دەڵێن..
بەمۆنیەوە دوای کەوت:
– باوەڕ بەوە مەکە لەبارەی منەوە دەوترێت.
– نـەخێر..بیـستوومە سـافا مـارۆزۆف کـوژراوە..کارەکـەیش وا
رێکخراوە تا لەخۆکوشتن بچێت..
– لای ئێمە دەشێت هەموو شتێك رووبدات..
سێریوجا بەسەریدا نەویەوە
– بەڵام تۆ..گەر شتی وا ڕوویدا..باوەڕ نەکەیت..من هەرگیز خۆم
ناکوژم..ئەمەت لەبیر نەچێت..
لەرزێك چووە ناخی زینۆچکاوە..هـەمان نیگـەرانی وەك پەتایـەك
بەویش گەیشت

– زینۆچکا..چیتە ؟
هەناسەیەك پێش وەڵامەکەی: دنیا کەمێك ساردە.

– زینۆل ..گوێبگرە ! با بڕۆین بۆ ئێران ! لەوێ هەمیشە هاوینە ! با بڕۆین..تانیوشکایش دەبەین..دەڵێی چی ؟
بە گاڵتەجاڕیەوە: ئەی مارینگۆف ؟

ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەی وەبیر نەهاتەوە کە لەبارەی پەیوەندیی سێرجی و ئەم پیاوەوە مۆسکۆی پڕ کردووە..هێندەی ئەوەی هاتەوە یاد کە چۆن ژیانی لەگەڵ سێرجیدا ڕووخا..ئێستایش هەریەکە و ژیانی تایبەت و نوێ و جیاواز..بگرە ژیانێکی بەختەوەرتری خۆی هەیە..بەڵام ئاخۆ هەریەکە و ژیانی خۆی هەبێت ؟

چەند هەناسەیەکی بەدوا یەکدا هاتوو:
– سێرجی..ئەوکاتە چۆن توانیت کە...

سێرجی راپەڕیە سەرپێ: راوەستە ! شاعیر بۆ ئەوەی بۆ قووڵایی ئاسمان بەرز بێتەوە، دەبێ لە پێشدا بۆ بنەوە نزم بێتەوە..

زینۆچکا بەتوندی گەمارۆی دا: ئەی ئەگەر دوای ئەوە نەیتوانی بەرز بێتەوە ؟

– نەتوانێت بەرز بێتەوە ! ئەمە مانای وایە شاعیر نیە !



زینۆچکا بە شێوازێکی ئاسان کە وەڵامی پێشوەختیشی دەزانی:
ئەی تۆ..شاعیریت ؟

هیوادار بوو هەر وەڵامێك بێت بیداتەوە..یادەوەریەکانی نەیدەتوانی هەموو ریتمەکانی دەنگی کۆ بکاتەوە.. ئێستایش لە بارەی هەموو شتێکەوە قسەی لەگەڵدا دەکات و بەختەوەریشە.

بەڵێ ! بەختەوەرە ! نەك لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەودایە..بەڵام بۆی دەرکەوت ئەو هەموو ساڵە هێشتا لەخۆشەویستیی تێر نەبووە..

زینۆچکا بە چاپووکی راکشا..بۆچی مرۆڤ هەموو ساتە خراپەکان لەیادەوەرییدا دەسڕێتەوە ؟دەی..ئەی یادەوەریە خراپەکان..یادەوەریەکانت لەبیر نەچێت..هەروا زوو مەڕەونەوە..بەڵام لە ژیاندا بمێنە تا ئەو دەستت پێوەبگرێت.
یارمەتیم بدە جارێکی تر نەکەومە ئەم چاڵە شێتەوە..

زینۆچکا دوویارەی کردەوە : ئەی تۆ..شاعیریت ؟

– دەبینین..کاتێك لە دنیا دەردەچم..ها. تۆ بڕیاری چیت دا ؟ بە هەستێکی خەمناکانەوە ..لەگەڵ مندا دێیت ؟

– سێرجی..ناکەسبەچە مەبە..

سێرجی بەتووڕەییەوە هەڵبەزیەوە: کەواتە..تۆ نەناسیت بە من

– نەناس ؟!

زینۆچکا وەك دەنگدانەوە ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە..سێرجی تەماشایەکی خەمناکانەی کرد و بە پەلە چووە دالآنەکە..پالتۆ و شەپقەکەی هەڵگرت و دەرگاکەی کردەوە..لەوەدابوو خۆی بە جیمان خاندا بکێشێت کەئەویش لەو ساتەدا گەیشتە ئەوێ..زینۆچکا تەنها ئەوەندەی بۆ مایەوە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا چاوی تێببڕێت..

– ئای چ شێتێکە !

خاوەن شوقەکە بەدەم منجەمنجێکەوە پاڵتۆ فەروەکەی داکەند و کردی بەو عەلاگەیەدا کە ئیتر پاڵتۆی خاوەنەکانی پێشووی پێوە نەمابوو..

چی روویداوە ؟ لەو هەموو قسەوقسەلۆکە رۆحم دەرچوو ؟ئیتر کاتی رۆیشتنەوەت بۆ ماڵەوە هاتووە..کات درەنگە !

– بۆچی هەروا وەستاویت ؟

زینۆچکا رووی بەلایدا وەرگێڕا

– تەلەفۆنەکەتان لە کوێدایە ؟

خاوەن شوقەکە بە ئیشارەتەوە پێیوت: لەو سووچەدایە..

زینۆچکا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت

– فسیۆفۆچکا..فسیۆفۆچکای داماو..زۆرجار ناخەوێت..چاوەڕوان دەبێت..ئاخر دەبێ چیی پێبڵێت ؟ چۆن بۆی شی بکاتەوە ؟



تەلەفۆنەکەی دانایەوە..خاوەن شوقەکە بە سەرسوڕمانەوە پرسیی: چیتە؟

– ناتوانم..دوێنێ..

زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ..

– دوێنێ لە خەونمدا من و سێرجی گەڕاینەوە بۆ لای یەکتری.

زینۆچکا لەناو کورسیەکەدا خۆی گرمۆڵە کرد و دەستی بە سەریەوە گرت و گریا..فرمێسك و مەینەتیەکانی ژیان..هەستکردن بە بێدەربەستیی خەڵکی لەو..تاساندیان..ئەگەر خۆت لە پێویستیی خۆتا نەبیت خەڵکی دەورووبەرت چۆن پێویستییان پێت دەبێت ؟

خاوەن ماڵەکە بە ترسەوە تەماشای دەکرد و دەستەکانیشی نابووە سەر سینگی..زەنگی تیژی تەلەفۆنەکە رایچڵەکاند و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.. مایرهۆڵد بوو..

– بۆچی وا دەکەیت ؟ جارێکی تر لە یەکتری جیا دەبنەوە و ئەوەیش دەبێتە هۆکاری تووشهاتنی بە گەورەترین نامورادی !تۆ بە ڕاستی لەوە تێناگەیت ؟ ئاخر ئەو ژنە..

کەمێك وەستانی بێدەنگی..

– ئەو ژنە..هێشتا ئەوی خۆش دەوێت..

زینۆچکا سەری هەڵبڕی..

– کێیە؟ سیفا کێیە ؟

جیمان خانم بەسەر وەڵامی دایەوە..زینۆچکا داوای تەلەفۆنەکەی کرد..

– سیفۆچکا..وەرە بمبەرەوە..ماندووم..

– هەر ئێستا ئازیزەکەم..هەر ئێستا دێم..شوقەی ژمارە پێنج یان..

ئۆفێکی بێزاری: لەبیرم نەماوە..

– هەشت هەشت..

– توورەی کردیت ؟ زینۆچکا..ئازیزم..قسە بکە..مەگری..

هاواری قسەکانی بە مایرهۆڵد بڕی:

– نەخێر فسیۆفۆچکا..ئەو..ئەو هێشتا خۆشی دەوێم..بەڵام من..

– بێدەنگ بە..

– سیفۆچکا

– بێدەن بە ! ! ! پێویست ناکات..قسە مەکە..

– تکایە..خێرا وەرە..

خاوەن شوقەکەیش کەوتە سڕینی سەر و روخساری زینۆچکا..

– خێراکە فسیۆفۆچکا..تکات لێدەکەم..کارێ بکە دەنا هەر ئێستا دەمرم..ناتوانم بەردەوامبم..ناتوانم..

زینۆچکا کەوتە بێدەنگیەکی قووڵەوە..چاوەکانی بە دەوری خۆیدا گێڕا..ئەو هەمووخەڵکەی دەوروبەری چین کە هەریەکە و



داوای شتێکی لێ دەکەن ؟! کەسیشیان ناناسێت..پەنجەی بۆ درێژ دەکەن و پێدەکەنن..بۆچی وادەکەن ؟ رەنگە بزانن کە ئەکتەرێکی باش نیە..بەڵکو پەڕۆیەکی کۆنە و سووك و ئاسان پێی پیادەنێن..ئەی ئەو پیاوە ڕەشەی لەو سووچەدا وەستاوە..چی دەکات ؟ئەویش چاوی تێبڕیوە..چیی دەوێت لێی ؟ دیسانەوە ئەو دەنگە؟ زرنگانەوە..ئەم زرنگانەوە مرێنەرە لە کوێوە دێت؟ بە دەستەکانی سەری گوشی..بۆچی وا دەزانن لەوەدایە ژیان بەکاوەخۆ.. دڵۆپ دڵۆپ ماڵئاوایی لێدەکات ؟ ئای خودایە..با کەسێك..هەر مرۆڤێك بێت یارمەتیەکی بدات ! ئەوەندە شەکەت و ماندووە کوێرایی داهاتووە و هیچ نابینێت..هێزی لەبەر بڕاوە..کە دەستێکی بەسۆز یارمەتیی دەدات، پێدەکەنێت..بەڵام ئێستا خەریکە دەکەوێتە کەندەڵانێکەوە..کەندەڵانێکی سوور..

دەنگێکی نامۆ هاتە نێو قووڵایی ماڵەکەیەوە : فجیك..فجیك..

* * *

بەفر نەرمە خرمەیەك بە شوێن پێکان دەبەخشێت..مایرهۆڵد یەخەی پاڵتۆکەی بەرز کردەوە و بە هێمنی لە تەنیشتی زینۆچکاوە دەڕۆیشت کە چەپکێ گوڵی سووری لە ئامێز گرتبوو..هێشتا لەسەر تەختەی شانۆ وەستاوە..دیدێکی جوانی ئاراستەکرد..ئەم ساڵەی دوایی بەلایەوە ساڵێکی ئاسانی ژیانی

نەبوو..بەڵام ملکەچی ڕێنمایی پزیشکەکان بوو..تا رادەیەکیش هاتەوە باری سرووشتیی..بێگومان ئیشکردن لەشانۆدا باشترین ڕێبژاردەی گونجاو بوو لەگەڵ باری سەرومێشکیدا..بەڵام هاوکات لووتکەی بەخششەکانی بوو..

زینۆچکا لەناکاودا وەستا و روویکردە هاوسەرەکەی:

– تۆ وتت من ئەکتەرێکی خراپم.. دواتر بە نازێکەوە: من تەنها نوقمی هاڕەی چەپڵەی هاندەرانم..

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: ئازیزەکەم چیتە ؟ هەمیشە وتوومە تۆ ئەکتەرێکی مەزنیت.. من ئەمەم بە هەموو خەڵکی وتووە.

زینۆچکا بە دیدێکی سوپاس گوزاریەوە:

– فسیۆفۆچکا..دەزانیت ؟ئێستا هەست بە هێز و گوڕێکی گەورە دەکەم ! لەو باوەڕەدام ئیتر بتوانم هەموو ڕۆڵێك ببینم..

چەپکێ گوڵی دایەدەستی:

– بیگرە !

– دەبێ بە شتێك گوڵەکان بپێچینەوە..کەشوهەوای دەرەوە زۆر ساردە !

مایرهۆڵد زۆر پارێزگاریی لە چەپکە گوڵەکە دەکرد..

– دیمەنێك هەڵبژێرە کە لە خەیاڵی خۆتایە..بۆ نا ؟!

زینۆچکا باوەشی لە خۆیدا..



" دەمرم..ئەو ژەهرە کوژەرەی لە ئینگلتراوە هێنرا سینگی پڕ کردووم.."

دیمەنەکەی تا کۆتایی نمایشکرد و دواتر بە شێوەیەکی شانۆیی لەسەر بەفرەکە کەوت.

مایرهۆڵد پێکەنینێکی دڵدانەوەی بۆ کرد:

– مەعقوولە.. بەسە بەس..هەستەی دەی ! دەستتم بدەرێ !

لێی نزیککەوتەوە..لەپڕ چەپڵەی کەسێکی زۆر نزیکیان بەرگوێ کەوت..زینۆچکا وەستا و بەفرەکەی لەخۆی تەکاند..یەسەنینیان بینی لە نزیکیانەوە راوەستابوو..نەیانزانی لە کوێوە پەیدا بوو؟!

– فسیۆفۆچکا سەیرکە..ئەوە سێرجیە..

زینۆچکا بەترسێکەوە چرپاندی: دیسان رایکردۆتەوە

تووڕەیی بە روخساری مایرهۆڵدەوە دیاریدا..بەڵێ..دەیزانی دوای چەندین تکا و پاڕانەوە سێرجییان لە نەخۆشخانەی دەروونی بۆ چارەسەر قبوڵکردووە کە پرۆفیسۆر جاندۆشکین بەڕێوەی دەبات.. دواتر چۆتە سانت پترسبۆرگ و لەوێ رۆژنامەی تایبەت بەخۆی دەرکردووە..

زینۆچکا لە چرپەکانی خۆی بەردەوام بوو : خەریکی کە ! سەرقاڵی کە ! تا من تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانەکە دەکەم..دەبینی حاڵی باش نیە..ئەوەتا جلی نا..

مایرهۆڵد به سەغڵەتیەوە وتی: چیتەوێ ؟؟ دەتەوێ پاڵتۆکەی خۆمی بدەمێ ؟!

زینابیدا سەری دانەواند.. مایرهۆڵدیش گوڵەکانی دایە دەستی و چوو بۆ لای یەسەنین. زینۆچکایش بە هێواشی بەدوایەوە بوو..

– سڵاو سێریوجکا.. بۆلای ئێمە هاتوویت ؟

– دەهاتم بۆ لای ئێوە..بەڵام بینیتانم..ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە.. بۆچی دەمویست بێم بۆ لاتان ؟

تەماشایەکی شەیدایانەی زینابیدای کرد: بیرم نایەتەوە ! بۆیە دەبێ ئاراستەکەم بگۆڕم !

وەرچەرخا..دوای چەند هەنگاوێك ئاوڕی لێدانەوە..وەك ئەوەی شتێکی وەبیر هاتبێتەوە..لەزینۆچکا نزیك بوەوە: ئەی تۆ ؟

چەپکە گوڵەکەی بەدەستیەوە بینی : خانمەکەم..بیرت نەچێت هاوسەری کەسێکی بلیمەتی..

زینابیدا ڕوانیە مایرهۆڵد..ئەویش بە سادەییەك پێکەنی و بۆ ساتێك چاوەکانی داخست. یەسەنین لەناکاودا دوور کەوتەوە و کەوتە هاوار: زینۆچکا لەبەردەم خودا ! لەبەردەم خودا !

ئازای گیانی زینابیدا وەك شۆڕەبی کەوتە لەرزین..

سێرجی ماچێکی بۆ هەردووکیان هەڵدا و تاریکی قووتی دا..مایرهۆڵد بە کپی و بێدەنگی تێیدەڕوانی..هەردوو چاوە گەورەکانیشی پڕ بوون ئازار..



زینۆچکا لەبەرخ

زینۆچکا دەیوتەوە : لەبەردەم خودا..

* * *

لە ژوورەکەی مایرهۆڵدا پەڕەی گوڵەکان بووبوونە راخەری سەر مێزەکە..تانیوشکا و کۆستیکیش وەك دوو پارچەی بچکۆلە یارییان دەکرد..

کۆستیك بەسەرسامیەوە کەوتە هەڵا: دایکە..ئەها ئەم هەموو بەلەمانە !

زینۆچکا بە رۆبێکی درێژەوە هاتە ژوورێ و بە خاولیەك پرچی وشك دەکردەوە: بەلەمی چی ؟

کۆستیك ئیشارەی بە پەڕەگوڵەکانی سەر مێزەکە دا: ئەها ئەوەتان بە رەنگی سوور و سپی..

– سەیرکە چۆن وا خێرا سیس بوون..تەمەنیان کورتە..رەنگە سەرما ئازاری پێگەیاندبن..

وازی لە هەناسە گەرمەکانی هێنا و چووە ژوورەکەی مایرهۆڵدەوە کە بە دوو چاوی خەواڵووەوە پێشوازیی لێکرد..زینا رووی تێکرد:

– تۆ راستت کرد..دەبوو گوڵەکان بپێچینەوە..

– من هەمیشە راستەکەم..

ماچێکی گەردنی کرد و بەنیگەرانییەوە لێی پرسی: چۆن نووستیت..بە شێوەیەکی ئاسایی ؟؟

نیگەرانی لە زینۆچکا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی..نیگەران بوو.. تۆ بڵێیت ئیتر لەو خەونە مۆتەکەییانەی شەو رزگاری بووبێت ؟ پزیشکان کاری خۆیان کردووە..بەڵام پێدەچێت هێشتا لەو شتە زۆر ناخۆشە رزگاری نەبووبێت کە لە قووڵایی رۆحیدا رۆچووە..

لەو و بۆ ئەویش راما: سوپاس..زۆر باش نووستم.

چاوەڕوان نەکراوانە بازێکی دا بۆ لای مێزەکە و کەوتە کۆکردنەوەی پەڕە گوڵەکان لە سینیەکدا..

– زینۆل تۆ لێیگەڕێ..ئێستا لیدا کۆیان دەکاتەوە !

– ناتوانم..ئەمانە لە گوڵی سەر گۆڕەکان دەچن !

لێوەکانی خۆی گەست و گوێی لە زەنگی تەلەفۆنەکە بوو. مایرهۆڵد هەڵیگرت:

– چیی !!

روویکردە مناڵەکانی و داوای لێکردن بچنە دەرەوە. هەردووکیان بە نابەدڵی چوونە دەرەوە و تەماشای دایکیان دەکرد کە لە لای مێزەکەوە بوو بوو بە بەرد..شتێك لە رێگەی هەڵچوونیدا وەك گوللەیەك گوێچکەی سمی.. مایرهۆڵد کە زینۆچکا پشتی تێکردبوو :



– نابێ..نابێشتی وا روویدابێت ! هەڵەیەك هەیە..ئەو سەفەری بۆ مۆسکۆ کردووە ؟

مایرهۆڵد روخساری خۆی شاردەوە..ئیتر زینۆچکا زانیی چی روویداوە و سینیەکەی دانا..پەڕە گوڵەکان بە دەم چرپەیەکەوە کەوتنە سەر زەوی..تەنانەت ئەویش دەنگی خۆی نەناسیەوە..

– چی بووە ؟

– سێرجی ؟

زینابیدا هاواری کرد: چی بووە ؟ قسەبکە ؟

– ناتوانم..

مایرهۆڵد بە چاوە فرمێسك تێزاوەکانیەوە تەماشای کرد..ئەویش وشەی "مردن"ی تیا خوێندەوە..

– نەخێر..ئەوە راست نیە..هەڵەیەك هەیە..ئەو نیە..کەسێکی ترە..پێمبڵێ ئەو هەواڵە راست نیە !!!

کەوتە سینەکوتان..

– دەی قسەبکە..

– زینۆچکا

– هەڵەیەك هەیە..

هەر دەیوت و دەیوتەوە: هەڵەیەك هەیە..

ویستی خۆی رابگرێت..هەرچەند بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو بێئەوەی جووڵانەکەی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بێت.

فسیۆفۆڵد بە سەرگەردانیەوە تەماشای دەکرد..دەیویست بڕیار لەوە بدات کە دەبێ بیکات.. بەڵام نەیتوانی. زینۆچکا پاڵتۆ فەروەکەی داگرت و لەسەر رۆبەکەوە لەبەری کرد.

– زینا..بۆ کوێ دەچیت ؟

بە ترسانەوە شاڵاوی بۆ برد:

– زینا..ڕێگە نادەم بچیت بۆ هیچ کوێیەك..

– دەبێ بیبینم..دەچم بۆ لای..خۆی هەموو شتێکم بۆ باس دەکات..

زەردەخەنەیەکی زۆر سەیری هاتێ و وەك تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو..مایرهۆڵدیش بە نائومێدی بانگی کرد:

– بۆ هیچ کوێ ناچیت ! ئەو لێرە نیە.. گوێت لێمە ؟ (بە تەزوویەکەوە) نەما تەواو..

زینۆچکا لەبەر دەرگاکەدا تێکشکا و بە نەمانی هێز وگوڕی کەوت..بە روخسارێکی رەش داگەڕاویشەوە ئاوڕی لە مایرهۆڵدایەوە : نەما..تەواو !

– تەواو..

مایرهۆڵد لێی نزیك کەوتەوە و گرتیە ئامێز..

– تەواو..کۆتایی هات..پاڵتۆکەت داکەنە..دەی پشوو بدە و بنوو..



وەك خەون ببینێت ئەو چیی دەوت بە قسەی دەکرد..ئەویش دەیزانی کە باشتر وایە هەرچۆنێك بێت بخەوێت و ئاگای لەخۆی نەمێنێت..بەوریایی بردی بۆ ژووری نووستنەکەی..

مانگ لە پەنجەرەکەوە تریفەی دەدا..هەموو شتێك لەدەرەوە بە تیشکی سپیی مردن داپۆشرابوو..

* * *

زینۆچکا لە شەقامە فراوانەکەدا لێرە و لەوێ دەخولایەوە..کلوو بەفرەکان لە نێوان تەڵە قژەکانیدا ڕێیان لێ ونبوو..تەنانەت ئاگای لەوەیش نەبوو.. دەنا سەرپۆشێکی دەدا بەسەردا..کتوپڕ شتێك گۆڕا..هەوا گۆڕا..لەو کەشوهەوایەدا هەناسە تەنگ دەبوو..هەندێجار بۆ ماوەی چەندین مانگ چاویان بە یەکتری نەدەکەوت..بەڵام دەیانزانی هەر ساتێك بێت دەتوانن بەیەك بگەن. ژوانەکەیان بەلاوە گرنگ نەبوو هێندەی هەستی بەر لەو ژوانەیان بەلاوە بایەخدار بوو..هەمان هەوایان هەڵدەمژی.. لە دوورەوە سێبەری کەسێك لەبەر ڕۆشنایی کزی فانۆسی شەقامەکانا دەرکەوت..بێگومان دەیناسی..سێریوجایە ؟! سێبەری ئەوە..خۆیەتی..دەبێ بگاتە لای..زینۆچکا بە هەڵەداوان بەرەو رووی ڕۆیشت. بایەکی سارد پێشوازیی لەروخساری کرد..وەستا..چی بکات..خۆ ئەو لەوێدا نەبوو..ئەم وشانە.. وەك بۆشایی چەندە بێقەراری دەکەن..

تا دەهات لە شەقامەکەدا رۆیشتنی خاوتر دەبووەوە..کلوو بەفرە نووساوەکان بە قژەکەیەوە ناونیشانی خۆیان لەدەستدا..وا هەستی دەکرد بای سارد و بێدەربەست لەو جەستەی دەسمێت، تا ئەو رادەیەی دەستی دا لە دڵە مردووە بەستووەکەی..

زینۆچکا لەسەر نوێنەکە راکشا..شوقەکە نیمچە تاریك بوو..تەنها چرکەی رێکی کاتژمێرەکە ئەو بێدەنگیەی دەبڕی..بۆنی دەرمانی هێور کەرەوە و مردن هەموو شوێنێکی پڕ کردبوو..مایرهۆڵد لە نێوان ژووری نووستن و حەمامەکەدا بۆ تەڕکردنی خاولیەکان دەهات و دەچوو کە دەیخستنە سەر تەوێڵی تاگرتووی زینۆچکا..

دواجار تەرمی یەسەنینیان ناشت..

مەراسیمی ناشتنەکە ئەوەندە گەورە بوو مۆسکۆ پێشتر شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو.. زینایيدا بە هەموو توانایەوە خۆی راگرتبوو..خۆیشی ژنێکی زۆر بەهێز بوو..تەنها یەکجار ترسی لێنیشت..ئەویش کاتێك گۆڕەکەیان داپۆشی..زۆر بە نامۆیی خۆی راپسکاند و فیزاحی کرد و دەیویست خۆی بخاتە نێو گۆڕەکەوە..خاولیەك تەڕ دەکرا و دەخرایە سەر نێوچەوانی و یەکێکی تر لادەبرا..زینۆچکا چاوەکانی کردەوە..ڕوانیە مایرهۆڵد و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

– دەمزانی..



بە نەرمی دەستی دا لە دەموچاوی مایرهۆڵد..

– سێریوجکا.. دەمزانی ئەوە راست نیە

راچڵەکینێك بە جەستەی مایرهۆڵدا هات و دەستی نایە سەر چاوەکانی..وا هەستی دەکرد دڵیان لە سینەیدا هەڵپچووڕقاندووە.. بۆشاییەك لە ناخیدایە..هەست بە چ شەکەتیەك دەکات؟؟ جارێکی تر زینۆچکا لەسەر نوێنەکە دانیشتەوە..بە سەغڵەتی و تووڕەییەوە چاوی بڕیە سووچێکی ژوورەکە..

– بەسە..

دەستی بۆ شوێنێك درێژکرد لەودیوی خۆیەوە..

– ئێستا ئەو لەوێ لەگەڵماندا دەژی..

مایرهۆڵد لەسەرخۆ ئاوڕی لەو سووچە تاریکەی ژوورەکە دایەوە..لەوێ سیمای پیاوێکی بالاّ بەرزی پالّتۆ لەبەر دەرکەوت..جارێکی تر دەستی نایەوە سەر چاوەکانی..بلێی هێندە شەکەت و بڕست لێبڕاو بووبێت؟!

سالاّنیش وەك ئەو پەڕە گولاّنە هەڵوەرین کە ئەم بۆ خەملاّندنی ئەوەی ئاخۆ ئەو خۆشی دەوێت یان نا یەك یەك دەیوەراندن..ئەمڕۆ ئیدی پێویستیی بەو پەڕە گولاّنە نەماوە..ئێستا دڵنیایە کە خۆشی دەوێت..ئەویش ئەمی خۆش دەوێت..وەك ئێستای بەهێز و بێدەرەتان..ناسك و تووڕە..ژیری

بێ عەقڵ..هەمیشە جیاواز.. خۆشی دەوێت..کەس ناتوانێت
پێشبینیی کردارەکانی بکات..ئێستا ئەو لەم گازینۆ بچووکەی
نێودڵی بەرلین لەسەر داوەتی میخائیل چیخۆف
دانیشتووە..بەتیلەی چاوەکانی سەیری زینۆچکا دەکات کە
گەمە لەگەڵ سووچێکی سفرەکەدا دەکات بێئەوەی دەست بۆ
زەڵاتەکە بە تامەکەی بەردەستی بەرێت..

چیخۆف بە بایەخ و خەمێکەوە سەرنجیان دەداتێ..بیرەکەی زۆر
بە هێمنی دەخواتەوە وجارێك تەماشای ئەم و جارێکیش
دەڕوانێتە ئەو..

مایرهۆڵد لەخۆی پرسی: روخساری میشکا بۆ ئەم هەموو خەمەی
هەڵگرتووە؟ تۆ بڵێیت بەختەوەریی لەبیر چووبێتەوە ؟!
چارەسەرەکە ئاسانە..بەختەوەری ئەوەیە..ساتێك بیر
بکەیتەوە..بەختەوەری توانای نوقمبوونە لەچاوی
خۆشەویستەکەتا..دەنا شەپۆلەکانی پشتگوێخستن بۆ هەمیشە
تووڕت دەدەنە نێو بیرەکەوە..

زیناییدا قاپە زەڵاتەکەی دوور خستەوە. بە پەنجە لە حەژمەتا لە
مێزەکەی دەدا..مایرهۆڵد سەرگەرمی خواردنێکی خۆش
بوو..پاڵی دایەوە و بەوپەڕی ناسۆرەوە دوایین دەنکە زەیتوونی
خستە دەمیەوە..

– میشا.. دەتویست شتێکمان پێ بڵێیت ؟



چیخۆف پێکەکەی خستە سەر مێزەکە و دیقەتی دایە زینۆچکا و
بە دەستەسڕەکە دەمی سڕی..

– نابێ بڕۆنەوە..دەرفەتی بوونتان لە ئەڵمانیا بەهەند
وەربگرن..

زیناییدا جووڵەی لەبەر بڕا و زۆر لەسەرخۆ لە مێزی نانخواردنەکە
کشایەوە..بە هەموو هێزی پەنجەکانی گوشی و خۆی بۆ
پاشماوەی قسەکان ئامادە کرد.

– بڕوانن روسیا چیی بەسەر هاتووە !

چیخۆف کە تەماشای مایرهۆڵدی دەکرد بە دەنگی بەرز وتی:
ئێوە ناتوانن خۆتان لەرووداوەکان دوور بگرن..چونکە
هەردووکتان دوو کەسێتی زۆر دیار و لەبەرچاون..دیارە
سەرکەوتوویش لەم گەمەیەدا لایەنی ڕەشە..واتە شەڕخوازان..
تکایە لێرە بمێننەوە !

مایرهۆڵد بە بێدەنگی سەرگەرمی خواردنی خۆی بوو..بەڵام
زیناییدا بە تووڕەیی کێشای بە مێزەکەدا:

– نەخێر..شتی وا نابێت..بیبڕنەوە..

چیخۆف بە سەرسامی ئاوڕی لێدایەوە..مایرهۆڵد وتی:

– زینۆچکا حەز ناکات خواردنی سوێر بخۆم..

مایرهۆڵد بە سۆز و پێکەنینەوە دەستی خستە سەر دەستی
زینۆچکا:

– هـاوڕێی ئـازیزم..خـەم مـەخۆ..ئێمـە هـەرگیز ئـەوەمان پـێ ناکرێت..زۆر سوپاسیش بۆ..

مایرهۆڵد دەسبەجێ لەدوای ژنەکەیەوە هەسـتا..زینایـیدا بەسـەر چـیخۆفدا نەوییـەوە کـە هێـشتا بـە شـڵەژاوی لـە جێـی خـۆی دانیشتبوو..

– باشتر وایە ئاگات لە خۆت بێت..مـن دەتـوانم هـەر ئەوەنـدەت پێبڵێم..دەزانی جیاوازیی ئێمـە و تـۆ و ئێوەمانـان لـە چیدایە ؟ ئێمە ناتوانین لە تاو دووری لە هـەوای رووسـیا لـە هـەر جێیـەکی (مۆن مارتر) دا بێت دابنیشین و فرمێسك بڕێژینە دەفرێکەوە !

– بەڵێ..

چیخۆفیش لە مێزەکە هەستا و بەدەم پێکەنینی خەمناکیەوە لـە جێی خۆی وەستا..

– خۆشەویـــستی مـــرۆڤ نابینـــا دەکـــات..وا نیـــە فـــسیۆفۆڵد ئیمیلۆڤیچ؟

زینا بەدەم لابردنی پرچـەکەی لەسـەر چـاوەکانی بـە جۆرێـك لـە رژدی وتی:

– مەبەستت خۆشەویستیی نیشتیمانە ؟

– نەخێر..خۆشەویستیی ژن..

چیخۆف پێکەنی و بە تونـدی مایرهۆڵـدی گرتـە ئـامێز..فرمێسك زایە چاوی هەردووکیان..ئەوە کاتی ماڵئاوایی کردن بوو..



" ئـەم دەرهێنـەرە شـەڕێکی نـا تەقلیـدیمان پـێ دەفرۆشـێت.. بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکات لە ژیان دا"..

رۆژنامەکەی هەڵدایەوە..

" مایرهۆڵد ئاراستەی ترسناکی لە دژی یـەکێتی سـۆڤێت گرتۆتـە بەر و کەچی هێشتا ئازادانە ئیشی خۆی دەکات"..

– ئەی شەیتان..ئەمە چیە ؟

مایرهۆڵد رۆژنامەکەی فڕێدا..زینایـیدا هاتە نووسینگەکەی:

– پرسەکە هەرگیز بەوەندەوە ناوەسـتێت..کـە تۆپەڵـە بـەفر لـە چیاکەوە خل کرایەوە..ئەستەمە رێی پێبگیرێت !

زینۆچکا لێی نزیك کەوتەوە..باوەشی بۆ گرتەوە و سـەری نـا بـە سینەیەوە..

– خۆشەویستم.. فسیۆفۆچکای خۆشەویست !

چۆن دەتوانێت دەستی بۆ درێژ بکات ؟ئەم کۆبوونەوە ناخۆشەی بە یاددا هات کاتێك مایرهۆڵد لەسەر تەختەی شـانۆ وەسـتا و لـە هــەموو لایــەکی هۆڵەکــەوە وەك بوتڵــە شووشــە سەرزەنـشتی تێـدەگیرا..ئەوکاتـە ئـەمیش بـە بێـدەنگی وەسـتا..کورسـیەکی هــەڵگرت و چــووە ســەر شــانۆ..هــەموو هۆڵەکــە بێــدەنگی دایگرت..زینۆچکا لە شـانۆکە نزیـك بـوەوە..کورسـیەکەی دانـا و دانیـشت و پـشتی دایـەوە و بـە رقـەوە رووبکـردە جـەماوەر..بـە دەنگێکی نزم لە مایرهۆڵدی پرسی:

– راستە شانۆکەمان دادەخەن ؟

وشەکان لە نێوان هەناسە بەرزەکانیەوە دەرچوون:

– وابزانە  داخرا..

زینۆچکا دەمی برد بۆ لاملی..شەپۆلێك چالاکیی هاتەوە بەر:

– دەزانیت چیم هاتەوە یاد؟ لەبیرتە چۆن لە ئیتالیا من و تۆیان دەستگیرکرد؟ پۆلیسی ئاداب لەوێندەر زۆر جدین..لە رۆما ماچکردن لە شەقامدا قەدەغەیە ! فسیۆفۆچکا !

مایرهۆڵد بە سۆزەوە تەماشایەکی کرد: لەبیرتە من و تۆ لەوێ چۆن ماچمان دەکرد ؟ ئەو هەموو سەربازەیش.. فسیۆفۆچکا لەبیرتە ؟ لە بیرتە چۆن دەستگیریان کردین و بردینیان بۆ پۆلیسخانە ! کە زانیشیان من سۆزانی نیم بەڵکو بە پێی گرێبەست هاوسەری تۆم..لە یادتە چۆن سەریان سوڕما ! دوایی بۆمان دەرکەوت لای ئەوان ژن و مێرد لە شەقامدا یەکتری ماچ ناکەن..چونکە ئەوە کاری..

بۆ وشەیەك دەگەڕا: چونکە ئەوە کاری عاشقانە..

مایرهۆڵد بە ناسۆرێکەوە : ئەو ئیتالییانە چەند داماون..راستە چیرۆکێکی سەیر بوو..دواتر ئیتالیەکان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان گەیاندنیانە ئوتێلەکە..شاد و کامەرانیش بوون و بەردەوام بە دەست ئیشارەتی خواحافیزییان بۆ دەکردین..بوتڵێك شەمپانیاشیان بە دیاری دانێ..



زینۆچکا هەستی بە هەندێ سەرفرازی کرد..هەناسە بەندکراوەکانی رزگارکرد.. ئەوەی ویستی بەدییهێنا ! چۆن دەتوانێت یارمەتیشی بدات ؟

– فسیۆفۆچکا ! تۆ لە کوێیت ؟

زیناییدا لە ژوورە تاریکەکەی مایرهۆڵدا دەرکەوت..ئەویش بێدەنگ لای پەنجەرەکەدا وەستابوو..

– کەواتە لێرەیت !

گولۆپەکەی هەڵکرد

– بیکوژێنەوە و وەرە لای من..

زینۆچکا لێی نزی کەوتەوە..مایرهۆڵد کە لەدەرەوەی پەنجەرەکە راما بوو.. بە بێدەنگی لە ئامێزی گرت..زیناییدا بە وریایی پرسیاری کرد: چیت بینیوە؟

– ژیان..خەڵکی دێن و دەچن و سەگەکانیش دەوەڕن..

– کاروانیش بەردەوامە..

زینا ویستی خۆشیەك بێنێتە ئارا..

– ئەوە گرفتەکەیە..کاروانەکەی ئێمە ئیتر بۆ هیچ کوێیەك ناڕوات..

– زینۆچکا بە نیگەرانیەوە تەماشای کرد: لە ماڵی (داچا) حاڵ چۆنە کە پشووی گەرمی هاوین بەسەر دەبات ؟

– مایرهۆڵد هاواری کرد: جوانیەکی ئەفسانەیی ! لە پایزدا شتێکی خەیاڵی..بەیانی زوو هەڵسام و گەڵا ئاڵتوونیەکانم بینی لە هەوادا دەشەکانەوە. هێندەی نەبرد بێدەنگی دەسەڵاتی خۆی سەپاندوەك ئەوەی هەموو شتێك لەسەرمادا بەستبێتی..دەستی زینۆچکای گرت و بە خۆشەویستی ماچی کرد..

– دەزانیت ؟ دواین چرکەکانی ژیانیان بوو..خۆم ژماردم و دەتوت ترپەی دڵی مرۆڤێکن لەسەرەمردندایە..زینۆچکا بە توندی دەستی راتەکاند: کێ لە سەرەمردندایە ؟

– زینۆل..ئارام بەوە..من ئەوە ناڵێم تۆ وا تێگەیشتوویت..

– مەبەستت ئەوە نەبوو ؟خۆم بینیتم..گوێت لەترپەکانی دڵم گرتبوو ! وادەزانیت ئاگادار نیم و نازانم؟

بەهۆی تیشکی ئەو گوڵۆپەوە کە لەناکاودا هەڵکرا چاوەکانی نووقاند..کوڕ و کچەکەی هاتنە ژوورەوە. تانیا ئێستا بۆتە پارچەڵەیەکی شۆخ و شەنگ..کۆستیاش لە تەمەنی هەژدە ساڵیدایە..کۆستیا لە ڕوانینەکەی مایرهۆڵد تێگەیشت و باوەشی بە دایکیدا کرد..

– لێمگەڕێن..دەستم لێمەدەن..

زینۆچکا لە دەستیان دەرچوو..لیدا بە خاولیەکی دەستیەوە دەرکەوت..

– زینابیدا..ببوورە ! ئەوەتا دیسانەوە سەغڵەتت دەکەنەوە..



مایرهۆڵد چاوێکی لە مناڵەکان داگرت..خۆی و تانیا چوون لەسەر قەنەفەکە دانیشتن.. کۆستیاش لەسەر کورسیەك لە نزیك دایکەوە دانیشت کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا بوو..

– گرنگ نیە لیدا ! ئێمە دەچینە دەرەوە..تۆ بڕۆ !

زینابیدا بە چاوی ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لەسەر شانۆ بە سۆزەوە ڕوانیە لیدا.. لیدا چووە دەرەوە و لە ڕێگە هەستی بە ڕوانینی سوپاسگوزارانەی مایرهۆڵدکرد..زینابیدایش بە ئەدایەکی شانۆیی رەخنەی لێگرتن: بە ڕاستی ئێوە سەیرن !

دوای ئەوەی شانۆیان لێ قەدەغە کرا بە تەواوی شەیدای ئەو نمایشانە بوو..رەنگە ئەویش هێندەی دەرهێنەر ئازاری چەشتبێت. بەڵام ئێستا وا جارێکی تر تووشی نامورادی هاتۆتەوە..خەونە مۆتەکەییەکان جار نا جارێك خەوەکانی لێ تێك دەدەنەوە..کەچی تەنیا جارێکیش ئەوەی بۆ فسیۆفۆچکا باس نەکردووە..نەیدەویست خەریکی بکات.

هەمووتان ئارام بنەوە..من زۆر باشم. ئیشارەتی بۆ مایرهۆڵد کرد: ئێوە دەبێ خەمی ئەمتان هەبێت..مناڵەکان ئێوە دەبی خەمی کێتان بێت.

– دایە.

تانیا هەستا و لە دایکی نزیك بوەوە..

زینا بە توندی: دانیشە..

تانیا گەڕایەوە شوێنی خۆی و خەم و ترسانی لە هەموو شتێك بە سیمایەوە دیاربوو..زینابیدا کەوتەوە قسەکانی خۆی

ئەم پیاوە..

مایرهۆلد هەناسەیەکی شەکەتیی هەڵکێشا: زینۆچکا ..

بەڵام ئەو سوور بوو: ئـەم پیـاوە..بیخـەملێنن ! دەبـیٚ ئێـوەیش وەك من دۆعای بۆ بکەن..

تانیا کەوتە منجە منج: دایکە..بڕۆ بخەوە

– تۆیش وەك باوکت رەفتاری گەمژانەت هەیە..

پێکەنینێکی گوماناوی

هــەرگیز رێگــەم نــادات تەنانــەت یــەك وشــەیش بــدرکێنم..بـا شتێکیشتان پیٚ بڵێم؟؟ من..هەمیشە خەریکی ئیش کردن بووم و ئیتر..

– دایکە..

تانیـا بـە سـەیرکردنێکی پـڕ بـەزەیی بـۆ مایرهۆلـد نـاڕەزایی لـە قسەکانی دایکی دەربڕی..زینۆچـکایش ویـستی بـە ئیـشارەیەکی پەنجەی بیگێڕێتەوە شوێنەکەی خۆی.

– رەفتاری زۆر گەمژانەیش..

ریتمی هەناسەی تانیا تێکچوو..هەستا و بەلای دایکیدا چووە لای پەنجەرەکە..مایرهۆلد بە ترسێکەوە تەماشای زینۆچکای دەکرد:



تانیا ماوەیەکە شووی کردوە و ئێستا دوو گیانە. نەدەبوو ئـەمڕۆ بێتە ئێرە و تووشی ئەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە بهێنرێت..

زینۆچکا ئاگای لەو تەماشاکردنەی مایرهۆلد بوو..

– بۆچی وا تەماشام دەکەیت ؟

– تانیا تەواو لە گەنجێتیی تۆ دەچێت..ئەو کاتەت لەبیرە کە..

زینۆچکا چەند ساتێك بێدەنگ بوو..ئێـستا تەمـەنی چـل و پێـنج ساڵە..لە ئاسۆدا هیچ کارێك لە چاوەڕوانییدا نیـە..بـەڵکو نـەمانی جوانی و سیمای پیرێتی چاوەڕێی دەکات..چاوی بڕیە مایرهۆلد

– رۆژێکیـان وتـت ئێمـە وەك دوو کـەرتی سـێوێکی گـەیوی بـە تامین. بەڵام ئێستا ئەو سێوە زۆر گەورە بووە و گەنیوە.

دایە قاقای پێکەنین

نیوەی..

لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی کرد..

نیوەی خەریکە دەگەنێت !

– مایرهۆلد تووڕە بوو: زینا..ئازارمان مەدە..ئیتر بەسە !

– مـن.. مـن ئازارتـان دەدەم ؟ تـۆ دەڵێـی چـی؟ مـن رزگارتـان دەکەم ! تۆ ! چاوەڕێکە..

چووە دەرێ و کەمێك دواتر هاتەوە و پەڕەکاغـەزێکی هێنـا و بـە شانازیەوە بەرزی کردەوە : ئەوەتا..

– مایرهۆلد بە سەرسامیەوە پرسیی: ئەوە چیە ؟

– هۆكاری رزگار بوونمان..دوایی دەتوانیت نمایشەكانت دەست پێبكەیتەوە..فسیۆفۆچكا.. تۆ بلیمەتی ! منیش.. هەموو رۆڵێك دەبینم..ئاااخ ! گەر دەزانیت چەندە سووتاوم بۆ نواندن.. فسیۆفۆچكا..من لە پێناوی تۆدا...

تانیا بەزەیی پێدا هاتەوە : دایكە گیان..ئەو پەڕەیەم بدەرێ..با بیخوێنینەوە ! تۆ دانیشە..پشوو بدە !

– تۆ دانیشە..چونكە نابێ تۆ خەم بخۆیت !

تانیا كە دەستی نابووە سەر سكی چەند هەناسەیەكی خێرای لە دوایەكی هەڵكێشا..دواتر گەڕایەوە بۆ هەمان ئەو شوێنەی مایرهۆڵدی لێ دانیشتبوو..پێشتریش كۆستیك بێئەوەی كەس ئاگای لێبێت هاتبووەوە ئەوێ..

بە ئەدایەكی شانۆیی : ئەم نامەیەم بۆ هاوڕێ ستالین نووسی

هەموویان لە ترساندا ئەبڵەق بوون ! !

– بۆچی وا تەماشام دەكەن ؟ بۆم نووسیوە كە ئەو فڕی بە هونەرەوە نیە..ئەوانەی دەوروبەریشی گەلحۆن و هیچ هیوایەكی پێیان نەبێت..مایرهۆڵدیش گەورە دەرهێنەری دەرهێنەرانی جیهانە..نابێ شانۆكەی دابخرێت..هەركەسیش روونكردنەوەی زیاتری دەوێت.. با بفەرموێت بۆ ماڵەكەمان و هەموو شتێكی بۆ باس دەكەین !

زینایيدا بە سیمای سەركەوتنەوە تەماشای دەكردن.



تانیا راپەڕی و پەڕەكەی لە دەستی دایكی هەڵپچووڕقان و چاوێكی خێرای پێدا گێڕا..

– بەڵام بەناوی رایخ /مایرهۆڵدەوە ئیمزات كردووە. بە ناوی هەردووكتانەوە نامەكەت نووسیوە !

– بە گرنگیەكەوە : كچم..دەزانیت..ئەمە گەمەی خۆمە لە ئێستادا..كە هاوسەرگیریمان كرد ناوم بوو بە رایخ/ مایرهۆڵد. فسیۆفۆچكا لە نووسراوە فەرمیەكاندا ناوی منی نووسیوە و بووینەتە "مایرهۆڵد/ رایخ".بەڵام هەموو خەڵكی ئەمەیان بەدڵ نەبوو..

بە گرژی و مۆنیەكەوە ئەم دوایین وشانەی وت چونكە دوژمنایەتیەكەیانی هاتەوە یاد..دواتر زمانی تانیا گۆڕا بە گاڵتەجاڕی:

– بەڵێ..دواجار باوكیشم دنكانی پیرێژنی هێنا..ئیتر ناوی ئەویش بووە "یەسەنین/ دنكان"..خەڵكیش دەڵێن لەرقی خۆشەویستیەكەی تۆدا وایكردووە..

تانیا لە مایرهۆڵد نزیك كەوتەوە كە لەوپەڕی تووڕەییدا بوو..زینۆچكایش قیژاندی

– لە رقی من ؟! نەخێر..ئەو هەرگیز منی خۆش نەویستووە ! لەرقی من ! ئەو پێویستیی بە كەس نەبووە مارینگۆف نەبێت..

كۆستیك لێی پاڕایەوە: دایكە.. ئارام بە..

دایکی گوێی پێنەدا..

– بێگومان.. هەموو ژنەکانی تەنها بۆ دەرخستنی ڕواڵەتە گشتیەکانی بوو..ئەو..

ماوەیەك بێدەنگ بوو..وەك ئەوەی هەوڵی گرتنی بیرۆکەیەك بێت کە دەیەوێت لەدەستی هەڵبێت..

– ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی لە هەمان گەڕەکدا بژی کە منی لێم..لای خاتوو بنسیلافسکایا.

–لەبەر ئەوەی خۆشی نەدەویستی

تانیا ئەمەی وت و چاوەکانی بڕیە لەپی دەستی خۆی..

مایرهۆڵدیش هاواری کرد:

– بێدەنگ بن..

– بۆ هاواری دەکەیت ؟

– چووە لای زینۆچکاوە : ئەو نامەیە بدەرە دەستم !

زۆر بە پەرۆشی چاوی بە دێڕەکاندا دەگێڕا..هێور نەبووەوە تا دڕاندی و پارچە پارچەی کرد و ویستی لە پەنجەرەکەوە فڕێیان بدات..بەڵام دواجار پەشیمان بووەوە و لەنێو دەفرێکدا سووتاندنی..

بێئەوەی کەس هەستی پێبکات تانیا لە ژوورەکە چووە دەرێ و دواتریش کۆستیك کە بە چاوی پرسیارەوە تەماشایەکی مایرهۆڵدی کرد..



– تەواو..سوپاس بۆ خوا کە خۆت باست کرد..ئەوان لەوێ بوون..

چاوەکانی بڕیە بن میچی ژوورەکە

– رەنگە..بە پێی ئیمزاکە پێیانوابێت..من ئەم نامەیەم نووسیوە..ئەوکات..

سەری ڕاوەشاند و ویستی ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیدا لابەرێت..تا ئەو ساتەیش پارچە کاغەزەکان دەسووتان..مایرهۆڵد روانیە دووکەڵەکەی و دواتر ئاوڕی لەهاوسەرەکەی دایەوە و بەخۆشیەوە زینۆچکا..سوپاس بۆ خوا..سوپاس بۆ خوا کە نامەکەت نەناردووە.

زینۆچکا بەرەو دەرگاکە هەنگاوی نا و دواتر وەستا بۆ ئەوەی لیدا بە خۆی و قاپەکانی دەستیەوە تێپەڕێت..برۆکانی بە سەرسامیەوە بەرز کردەوە:

– جا کێ دەڵێت نەمناردووە ؟

قاپەکان لە دەستی لیدا بەربوونەوە..قەدوقامەتی مایرهۆڵد قووت بووەوە کە پێشتر هەرگیز وا نەبووە..جگە لە سەیرکردنێکی سەرسامانە هیچی تری پێ نەکرا کە بینیی لیدا قاپە شکاوەن کۆ دەکاتەوە..بە دەنگێکی نزم: گوێ مەدەرێ ..لیدا..خێری تێدایە..خێر دەبێت..

* * *

خەوی لێ نەکەوت..هەنگاو بە هەنگاو هەموو لاپەڕەکانی ژیانی بەپێش چاویدا..لاپەڕە بە لاپەڕە تێدەپەڕین.. دەرهێنەرێکی مەزن بوو..هەرچەند هەمووان لەسەر ئەوە کۆك نەبوون..بەڵام گرنگترین بەهرەی ئەو بە توانایی بوو لەخۆشەویستیدا..کەس نەیدەتوانی لەم بارەیەوە قسەیەکی هەبێت..لە چی پەشیمانە؟ حەزی نەدەکرد لەهیچ شتێك پەشیمان بێت..ئەوەی روویدا.. روویدا و تەواو..

بڵێی بەختەوەر بووبێت ؟ زۆر سەری سوڕما وا دەبینێت بیر لە خۆی..بیر لە رابردوو دەکاتەوە ! ئایا بەختەوەر بووە ؟ بەڵێ..بەختەوەر بوو..بەڵام زۆر بە زەحمەت ئەو بەختەوەرییەی بەدەست هێنا.. " ئاخۆ بەختەوەری بە ئاسانی بەدەست دەهێنرێت ! ! "..گاڵتەی بە خۆی دەهات..ئەگەر شتێك هەبێت ناوی بەختەوەری بێت..داخۆ بەختەوەریەکی راستەقینەیە ؟ئایا چەندە زیاتر هەست بە بوونی ژیان بکەیت ژیانیش زیاترت پێدەبەخشێت ؟ یان چەندە ئازارەکان زیاتر بن هەستە گڕگرتووەکانیش زیاتر دەبن ؟

چەندین جار پێستیان گرووە بەڵام ئەوە نهێنیی گەورەی ئەوە..سەرباری ئەو ئازارە زۆرەی خۆی لەبەردا رانەدەگیرا کەچی نەیدەویست کەس پێی بزانێت..زۆر بە ئارامی چاوەڕێی هاتنەوەی پێستی نوێی دەکرد..گومانی لەوە نەبوو پێستە نوێکە



هەر دێتەوە..تەنها دەبێ دان بەخۆیدا بگرێت و چاوەڕوان بێت. دەبێ پێبکەنێت تا هیچ کەسێك نەتوانێت بچێتە قووڵایی رۆحیەوە..چونکە کەسێك بچێتە نێو رۆحیەوە ئیتر ئەو رۆحە تەنانەت پارێزگاریی خۆیشی بۆ ناکرێت.

زینۆچکا لە تەنیشتیەوە راکشابوو و وڕێنەی دەکرد..دەستێکی بە نێوچەوانیدا هێنا:

– بێدەنگ بە ئازیزەکەم.. بنوو..لێرەم لە لاتەوەم..

هەستێکی نامۆ دایگرت..چاوەکانی تەنها ئەو دەبینن..بە زەحمەت رێی لەخۆی گرت تا نەپاڕێتەوە لێی.." جێم مەهێڵە..جێم مەهێڵە !"..هەموو گرفتەکانی ئەو نهێنیی ئازارەکانی ئەمن..خەم و ناسۆرەکان گەیشتوونەتە رادەی شێتی.لەو ماوەیەی دواییدا بەردەوام ئەم هەستکردنەی لەکۆڵ نەدەبوەوە. وەك ژێیەکی باریك زەنگێکی ئاگادارکردنەوە شێتگیر بکات..

" جێم مەهێڵە !"..بە درێژایی ساڵانی رابردوو ئەوە دەستەواژەی هاواری خۆشەویستیی ناخی بووە..تا ئەوپەڕی سنوور دەستی بەسەردا گرتووە و تیایدا تواوەتەوە.

جارێکی تر روانیەوە زینۆچکا..هەرشتێك روویدا..هەرچییەکیش رووبدات..نەکەی جێم بهێڵێت..لەژێر لێوەکانیەوە چرپەی دەکرد..فرمێسك بە کاوەخۆ لە چاوانی رێچکەیان

دەبەست..ویستی ئەشکەکانی بسڕێت بەڵام پەشیمان بووەوە..دەمێك بوو چاوەڕێی داباریینی ئەو فرمێسکانەی دەکرد تا جۆگەلە هەڵبەستن..

* * *

دەستێکی تووکن چەکمەجەی لیباسەکانی کردەوە..تەزوویەك جەستەی زینۆچکای داگرت..وایزانی ئەو پیاوە بچووکە بەو دەست و پەنجە و نینۆکە پیسانەی تا سینگ و بەرۆکی دەستی بە جەستەیدا هێناوە..

– رەنگە فسیۆفۆلد ئیمیلیڤیچ لەم دۆلابە بچکۆلەیەدا بدۆزنەوە..

بە سەرسەختیەکی زۆرەوە ئەو وشانەی درکاند بەتوندی دانیشی پێدا دەنان..

هەواڵدەری دووهەم کە ماوەی نیو کاتژمێر دەبوو بە دەم منجە منجەوە سەرگەرمی پشکنینی ماڵەکە بوو تەماشایەکی کرد..

– ژنێکی جوانی..بێگومان..

دواتر بە دەنگێکی بەرز و شانازیەوە:

– مایرهۆڵد لە شاری لینین گراد دەستگیرکراوە.

زینۆچکا پێکەنی

– کێ دەتوانێ مایرهۆڵد دەستگیر بکات ؟ ستالین ؟؟ چیی بەسەر هاتووە. نازانیت ؟؟

زینۆچکا بە تووڕەییەکی تەقیوەوە ویستی بیکوژێت



مایرهۆڵدێکی ترمان نیە..بلیمەتە..تێناگات؟

دواتر کەوتە گاڵتەپێکردنێکی زەق و تاڵ:

یان ئەو دەیەوێت رۆڵی دەرهێنەرێکی بلیمەت ببینێت ؟!!

هەردوو هەواڵدەرەکە تەماشای یەکتریان دەکرد

– ئاوااا..؟!

– بۆچی بەوجۆرە تەماشای یەکتری دەکەن ؟ بێگومان هەرگیز لە مەبەستی من تێناگەن..تێگەیشتن ! لەوە تێناگەن خۆیشتان چی دەکەن !

لێیان نزیك کەوتەوە

– دەستگیرکردنی مایرهۆڵد..هێی هێی..ئەی ناتانەوێ یەکجاری خۆریش دەستگیر بکەن ؟!!

دەستەڕەش و پیسەکان لە چەکمەجەی جلەکانی ژێرەوەیدا کەوتنەوە گەڕان..زینۆچکا گوڵدانی سەر مێزەکەی هەڵگرت و بە هەموو توانای کێشای بە زەویدا..گوڵدانەکە پارچە پارچە بوو..هاواری کرد :" قوڕتان بەسەر".. لاچن لای جلەکانمەوە !!

ماڤ ئەوەتان نیە..ماڵەکەتان بۆ سەرەوژێر کردم.

دواتر کتوپڕ چووە رۆڵی دادوەرەوە و ئیشارەتی بۆ کردن تا لێی نزیك ببنەوە..بەلای خۆیەوە نهێنیەکی گەورەی چرپاند بە گوێیاندا..

– من ئەزانم بۆ مایرهۆڵد دەستگیرکراوە..

هەردوو هەواڵدەرەكە وەستان وەك ئەوەی ئەم خانمە هەردووكیانی خستبێتە ژێر كاریگەریی نواندنی موگناتیسیەوە..زیاتریش لێی نزیك بوونەوە..

بەڵێ..بێگومان دەزانم..

ئەوانیش زیاتر و زیاتر نزیك دەبوونەوە

– بەڵێ..وایە..پێیوتم.. وتی..

بە پەنجەی ئیشارەتی دانێ تا ماوەی نێوانیان كەمتر بكەنەوە..تووكنەكە تەواو گوێچكەی لێ نزیككردەوە

– دەی بڵێ..

– وتی..گرفتی ئێمە لە شانۆدا ئەوەیە شتێك نیە ناوی..

قیژاندی بە گوێی هەواڵدەرەكەی نزیكیدا..

– درۆی حكومی بێت !!!

لەوەدابوو لە پێكەنینا بتەقێت..دواتر لە پێكەنین وەستا و شەكەتیەكەی دەركەوت..هاواری كرد: بۆ دەرەوە..رۆحم دەرچوو لەداختان..

ئەوەیان كە شەیدای جلی ژێرەوەی ژنان بوو..لە تاو قسەكانی زینۆچكا فیشكەیكی كرد. ئەوی تریشیان وەك ئەكتەرێكی فاشیل دواترین دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت لەسەر دەفتەرێكی تێبینی كەوتە شت نووسین..زینۆچكایش رۆڵی خۆی بە سەركەوتوویی دەبینی..



– ئاواا..ئیتر ئەوە هەموو ئیشەكەتانە ؟ ئەی من دەستگیر ناكەن ؟ گەر من بگرن بێگومان رێتان لێناگرم..بەڵێ..

لەودیوی مێزەكەوە دانیشت و قاچی نایە سەر قاچ..

– بیرتان نەچێت خەم بۆ مایرهۆڵد بخۆن كە دواجار ئازادتان كرد..

هەواڵدەرێكیان بەسەر ئیشارەتی بەوی تریان دا..زینۆچكایش بە مست بە توندی كێشای بە مێزەكەدا..

راوەستن..كوا ئەو تیانووسی پشكنینەی كە هێشتا ئیمزام نەكردووە ؟ ئادەی هەر ئێستا بۆم بێنن..

پیاوە دەست و پەنجە پیسەكە لێی پرسیی:

– خانمە بچكۆلەكەم..هیچی ترت ناوێ ؟

– من خانمە بچكۆلەی ئێوە نیم ! ئێوەیش نمایشی شانۆیی ناكەن..من خێزانی مایرهۆڵدم ! بۆیە..دەبێ ئێوە بزانن چۆن قسە دەكەن..دەی هەر ئێستا تیانووسەكەم بۆ بێنن..دەمەوێ چیتان كردووە تیایدا بینووسم.. بۆچی ئەم ماڵەتان سەرووبن كردووە؟ بۆچی پشتیەكانتان هەڵوەشاندۆتەوە ؟ دواتر خۆیشم ئەو هەموو كتێبە كۆ بكەمەوە و بیانخەمەوە سەر دۆڵابەكە ؟

بە گوێی هاوڕێكەیدا چرپاند: چاوی دەرێت. تیانووسەكەی بدەرێ با لەت و پەتی بكات.. ئەوسا ئێمەیش دەیكوژین..

تیانووسەکەیان دایە دەستی..دیقەتیان دەدایێ کە بە خێرایی شتی تێدا دەنووسی.
هەواڵدەرێکیان لەبەر خۆیەوە: ئەم سۆزانیە چەند جوانیشە..
بە شکۆیەکەوە تیانووسەکەی دانەوە..
– تەواو..دەتوانن بڕۆن..
لەیەك ساتدا هەردوو هەواڵدەر چوونە دەرەوە و بەردەوامیش ئاوڕیان بۆ دەدایەوە..رەنگە لەوە ترسابن شتێکی رەق و قورسیان تێسرەوێنێت..دواجار بەتوندی دەرگاکەیان لە دوای خۆیانەوە داخست..زینۆچکا بە ریتمێکی قورس و گیان داهێزراوی دەستی بە مێزی نووسینگەکەوە گرت و خۆی گەیاندە لای وێنەکەی مایرهۆلد..فسیۆفۆچکا بە چاوی خۆشەویستیەوە تەماشای دەکرد و گوێی لێبوو پێیوت: دەستخۆش زینۆچکا..هەمیشە دەموت تۆ ئەکتەرێکی گەورەیت..ئێستا گەورەترین رۆڵت نمایش کرد..

* * *

دەستی دا لە دەموچاوی خۆی وچاوەکانی دەرپۆقین.. باشتر وایە ئێستا هەڵسم..لە شوێنێکەوە دەنگی لێکۆڵەری هاتە بەر گوێ..



– پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە: دان بەوەدا دەنێیت بەرپرسی رێکخراوێکی سەر بە ترۆتسکییت بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێت ؟
بە زەحمەت چاوە سوورەکانی کردەوە..
– نەخێر..ئەمە خەون نیە..
دواتر کەمێك پاڵکەوت..
ئااااااه
– پێویست دەکات پرسیارەکەت بۆ دووبارە بکەمەوە ؟
تیشکێکی بەهێزیان ئاراستەی دەمە هەوکردووەکەی کرد و زیاتر کەوتە برژانەوە..
– بەڵێ..بەڵێ..بەڵێ..
وایدەزانی سەری لە ژێر پارچە ئاسنێکدا دەپلیشێتەوە..چاوەکانی لە شوێنێکی ناخیدا غل بۆتەوە و هاوکات دەڕواننە لێکۆڵەر..پیاوێکی ناشیرینی کورتە بنە.. کە ریش دەمی داپۆشیبوو..تەنها چاوەکانی لەو دارستانەی ریشی رزگاریان بوو بوو..
لێکۆڵەر بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکە دەیویست وا نیشانی بدات کە ئاگاداری هەموو شتێکە
– ئاگاداری هەموو ئەوانەین پێشتر وتووتن.. دانپێدانانەکانی نووسەر بابیلیش..

– بابیل..
سەدایەکی نامۆی ئەو ناوەی لە شوێنێکی دووری سەردەمێکی رابردووەوە بۆ دابەزی.. سەرۆکی لیژنەکەیش وەك پەرۆشیی هونەرمەندان جەختی کردەوە کە هاوڕێ بابارسکی نەك هەر لایەنگیری ترۆتسکیە..بەڵکو لەپیاوانی ئاینیشە ..
مایرهۆڵد چاوی رووەو لێکۆڵەرەکە بەرز کردەوە..نەیدەتوانی لەسەر ئەو لاقانەی بوەستێت کە جاران چەندین سەعات لەسەریان دەوەستا..
– پیاوانی ئاین !!
– ساڵی ١٩١٣ لە مەراسیمی تێپەڕبوونی سێ سەد ساڵ بەسەر دەسەڵات گرتنەدەستی رۆمانۆفدا بەشداریت کردووە.. وایە ؟
مایرهۆڵد بە ترسێکەوە بەسەر ئیشارەی بە بەڵێ دایەوە..
– کەواتە ناوی پیاوێکی تری ئاینی زیاد دەکەین– بە کاوەخۆ بە قەڵەمەکەی دەستی کەوتە نووسین: بابارسکی دەڵێت تۆ و ترۆتسکیی هاوڕێی داکۆکیتان لەو یەسەنینە بێقیمەتە کردووە ؟
– ئاااخ سێریوجا..سێریوجی..ئێرە ئەو شوێنەیە کە جارێکی تریش تیایدا بەیەك گەیشتینەوە.. ئێێێێیی..
مستە قورسەکەی کێشا بە مێزەکەدا..
ئەو مستەکۆڵەیە کاری مەزادکردنی هێنایەوە یاد..بۆچی عەقڵی لەم کاتەدا ئەم وێنەیەی بۆ هێناوەتە گۆڕێ ؟ رەنگە فرۆشتنەکە



بەیعی هاتبێت ! هەموو شتێك فرۆشرا ! هەموو ئەوەی پێش شۆڕش دەردەسەرییان بۆ چەشت. هەموو ئەوەی لەپێناویدا برسی بوون و تەنانەت ژیانیشیان بۆ کردە قوربانی. هەموو شتێك فرۆشرا ! شۆڕش دوایین منداڵەکانی خۆی خوارد..ئیتر کێ دەمێنێتەوە ؟ تەنها ناحەزان..
بەڵێ..وەڵامی خۆی دایەوە..یان رەنگە وەڵامی لێکۆڵەر بووبێت..بەڵام لێکۆڵەر چاوێکی داگرت: هەموو ئەمانەش دەزانیت ؟کەواتە..ئەندامانی رێکخراوەکەتمان پێ بڵێ..کێی تر بەشدارە لە پیلانی رووخاندنی دەسەڵاتدا ؟
– پیلانی رووخانی دەسەڵات ؟! رووخانی دەسەڵات ..
مێشکی شەکەتی نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە روودەدات !!!
هەرایەکی کەم و دەرگاکە کرایەوە..ئەو بوونەوەرە هاتە ژوورێ کە تا رادەی ئازار دەیناسێت..ئەمەیە بە قامچیەکی لاستیك ئەوەندەی کێشاوە بە سەر و جەستەیدا کە پێستی گیانی شەق شەق بووە و کێم و جەراعەتی دەرداوە.. جارێکی تریش ئەشکەنجەی دەدەنەوە ؟ جارێکی تر دەخرێتەوە بن دەستی ئەم پیاوە ؟ دواتر پرسیارەکانی لێکۆڵەر وەك بزماری سوورەوە کراو بەسەریدا باری..

– ئەگەر هەروا سەرسەخت بیت ئەوا دەنێرین ژنەکەت بۆ ماوەیەکی کەم بێتە ئێرە.. کە هێنرا قسەیەکمان لەگەڵیدا دەبێت..ئێرتبۆرگ..باسترناك..فیدین..شستاکۆفیچ..ئایزنشتاین.

لە دەرەوەی سنووری زەمەندا دەنگی ترس لە ناخی مایرهۆڵدا کەوتە بازبازێن..دەنگێکی قەڵب و ناخۆش..وەك زیکە لە دوو لاوە دەیسمێت.. دەنگی لێکۆڵەر لەبەر توندیی ئەو دەنگە دوورتر کەوتەوە..

– خەوە..بێگومان خەوە.. سوپاس بۆ خودا کە خەوە..راکشا و لەسەر شەپۆلەکانی نووست..

وەك منداڵی نێو باوەشی دایکی خۆی رادەژەنی..بەڵام دواتر هەستی نەکرد چۆن کەوتە خوارەوە..لێکۆڵەر رووی پرسیاری کردە خاوەن دوو چاوە بۆشەکە:

– چەندتان پێچووە ؟

– هەژدە سەعات..ئێمە شەش کەس بووین..هەر جارە و یەکێکمان.. ئەم بێقیمەتە هەموومانی ماندوو کرد..بەڵام زۆری نەماوە شێت بێت..

– نەخێر.. هێشتا کەللەی لە ئیشدایە..مۆلۆتۆف هەولێدا هێرش بکاتە سەرمان..ئەم سەگە هێشتا دەستبەرداری نووسین نەبووە..دەستەکانی ببڕین ؟



– ئەم کارە دەکەوێتە سەر بارودۆخەکە ؟ئەگەر پێویستی کرد دەیبڕین. چیی نووسیوە ؟

– سکاڵا..

لێکۆڵەر لە چەکمەجەی مێزەکە پەڕەکاغەزێکی دەرکرد..

– بەڵێ..هەندێ لە بڕگەکانی سکاڵاکەی بە زمانی روسی نەنووسراوە..

چاوی بە نوسینەکەدا خشاند..

ها..ها !

هەندێکی خوێندەوە..

" لە تاو ئازاردا عەورەتی سرووشتم تا رەگوریشە دەرکەوتوە

سەیرێکی بە مانای هاورێکەی کرد و بە گوێیدا چرپاند..

تا کوێ دەرکەوتوە ..؟!!

تا رەگوریشە..تێگەیشتی ؟ دەی با بینێرینەوە بۆ زیندانەکەی..

بەبێ چاوەڕوانی وەڵامەکەی جوولا .

تەنها یەك کاتژمێر و جارێکی تر لەگەڵیدا دەستبەکار بەرەوە..منیش تیانووسەکە ئامادە ئەکەم تا ئیمزای بکات..کار بۆ ئەم پیرەپیاوە ئاسان دەکەین ! بڕوانە تەمەنی شەست و شەش ساڵە و لای ئێمەیش ئەم پیرانە..

بەسەر مێزەکەیا دانەویەوە..

– چی ؟

لێکۆڵەر کەوتە پێکەنین: پیرەپیاوان لای ئێمە بەخێر هاتوون سەرچاو..

شریخەی شکانی شووشەکە خەوێ لێ تێکدا..گوێی هەڵخست..بڵێی سەری لێ تێکچووبێت ؟ جیڕەی دەرگا.. زیکەزیکێك لە ژێریەوە..بە وریایی هەستا..لەودیوی پەنجەرەکەوە سەگێك بەردەوام و بە هەموو گوڕی دەوەڕی..سەیرێکی ئەولای کرد..مانگ چەندە جوانە !جارێکی تر زیکەکەی ژێری لە زەویەکەدا هاتەوە گوێ..چووە لای دەرگای نووسینگەکە و کردیەوە..تەقی بە ڕووی هەردووکیاندا..دوو چاوی بۆش و ترسناك..زینۆچکا ئیدی لە هەموو شتێك تێگەیشت..ئەم دوو دزە بۆ دزینی یەك شت هاتوون..بۆ دزینی ژیانی..بەڵام ناتوانێت لە ئێستادا بمرێت..هەرگیز ! رەنگە لە داهاتوودا ئامادەبێت..بۆیە دەتوانن دواتر بێنەوە..دوای ئەوەی فسیۆفۆچکا لە زیندان ئازاد دەبێت..دوای ئەوەی ئەم رزگاری دەکات..رزگاریشی دەکات..رەنگە ژیانی بۆ بکاتە قوربانی..بەڵام دەیکات..دەمرێت بەڵام دوای ئەوەی خواستەکانی بەدی دێنێت..دەمرێت..زینۆچکا بە دەنگێکی تاساو: فریام کەون..

جیڕەجیڕی مێزەکە و دەنگی شکانی قاپەکان و هەناسەی قورسی بکوژەکان تێکەڵ بە یەکتری بوون و ئاوازێکی ترسناکی مردنیان پێکهێنا.



زینۆچکا هەستی کرد هەناسەی دەبڕێت..جاری دووهەم..سێهەم..دواتر هەستی بەئازار کرد..پێدەچێت ئازارەکە بەزەیی پێدا هاتبێتەوە و یەکڕا شاڵاوی بۆ نەهێنابێ. مەسەلەکە ئاسانە..ئەوە چەندەمین جارە لە ژیانیدا بەو جۆرە بەیەك گەیشتوون..

هاواری لێ هەڵسا..

فریام کەون ! ! کەسێك رزگارم بکات !

بڵێیت بە ڕاست کەسێك گوێی لە هاوارەکەی نەبووبێت ؟ لەم ماڵەدا کەسێك لە ژیاندا مابێت ؟ کەس لەم ماڵەدا نەمابوو..هەموویان لە ترسان مردن.

– بێدەنگی کە..

لە سێ وشە تێگەیشت..

– سەری..سەری.. ببڕە..

– مەبەستیان لەوە..بڵێی باسی ئەم بکەن ؟

– فرییییام...

گوێی لە تاسانی هاوارەکەی خۆی بوو..شتێکی گەرم رژایە سەر سینگی..وردە وردە کەوتە سەر زەوی..هەستی بە پشوویەکی تەواو کرد..بێدەربەستانە چاوی بڕیە زەوی..کەوتە ڕوانین بۆ ئەو پەڵە ڕەشە ترسناکەی وردە وردە کۆ دەبووەوە.

* * *

زۆرجار دەیویست بۆ زگاربوون لە ئازارەكان بخەوێت..تا دواجار چاوەكانی نوقاند..دواجار خەو..ئەو شۆڕەسوارە رزگاركەرە فریای كەوت..

كتوپڕ دەنگێكی هاتە گوێ كە دەیوت" فریام كەون !" تۆقی و راچڵەكی و هەستایە سەر پێ

– زینۆچكا ؟! نازدارەكەم..هەموو شتێك كاتی هاتوە..گوێ بۆ دەنگی مردن رادێرە.

سەری نایە نێوان هەردوو دەستی و لە ژێر لێوەوە دۆعای خوێند..

جێم مەهێڵە..جێم مەهێڵە..

كەسێك بانگی كرد: "مایرهۆڵد" ..دەرگای زیندانەكەیش كرایەوە..

بە گیان داهێزراوی هەستایە سەر پێ..چاوەكانی وشك هەلاتن..لە تاو ئەو ئازارەی لەگەڵ ناخیدا بەشداریی دەكات چاوەكانی نیمچە سپیەكی تەواو داهاتبوون..بەڵام ئێستا وا نەماوە..زینۆچكا توانیی رزگاری بكات..مردنی ئەو رۆحی ئەمی زگار كرد..

بەڵام مەخابن زینۆچكا نەماوە تا بزانێت..

* * *



دەرهێنەر هاتە ژووری لێكۆڵەرەوە.ئەویش بە سەرسامیەوە چاوی هەڵبڕی، زانیی لە ناخی ئەم پیرەپیاوەدا شتێك گۆڕاوە.. ئێستا باڵای بەرزتر و چاوەكانیشی شتێكیان بەسەردا هاتووە..

– بەهێمنی: دەمەوێ یاداشتێك بنووسم..

– دواجار..

ئەم وشەیە لەگەڵ هەناسە هەڵكێشانێكی لێكۆڵەردا هاتە دەر..خێرا پەڕەكاغەز و قەڵەمێكی بۆ هێنا..

لێكۆڵەر دانیشت و كەوتە روانین كە چۆن بە پەرۆشی هەر زوو لاپەڕەكەی پڕ كردەوە..ماندووە..زۆر ماندووە..

"بێگومان ئیشمان زۆرە..بەڵام ئەگەر پێویستی كرد و لە پێناوی خێری وڵاتیشدا بێت. جارێكی تر ئازار كەلەكەی راستی گرتەوە.. دوێنێ شێتانە پەلاماری گۆشتی سوێری بەرازەكەی دا..دایكی لە گوندەوە بۆی ناردبوو..دەبێ سەردانیی بكات..بەڵام كەی ؟ئیش ئەوەندە زۆرە..

مایرهۆڵد دواین خاڵی نووسی و ئیمزای كرد و دایەوە بە لێكۆڵەر..

لێكۆڵەریش دەستێكی نایە ژێرچەنەی راستی و بە بێدەنگی لەسەر مێزەكە كەوتە خوێندنەوەی..

" لەبارەی دان پێدانانەكانی پێشوومەوە لەبارەی ئەو ناوانەی باسم كردوون..بە ئەركی خۆمی دەزانم بەمجۆرە راستیان بكەمەوە..

من به تەواوی دان بەوەدا دەنێم..ئیمزای زۆر تیانووسم کردووە بە پێچەوانەی ویژدانمەوە..هەموو دانپێدانانەکام درۆن..لەسەرخۆم و کەسانی تریش زانیاریم داوە..ئەوەندەیان ئازار و ئەشکەنجە داوم نەمتوانیوە خۆم راگرم..بەڵێ.."

– ئێ..چییتر ؟

لێکۆڵەر کاغەزەکەی لە چاوی نزیك کردەوە..

" دەمەوێ ئەم یاداشتەم بگەێنرێتە دادگا"

– ئاوااا..

لێۆڵەر لەسەر مێزەکە هەڵسا..دەستی خستە گیرفانەکانی.. لە بەرانبەر مایرهۆڵد وەستا و کەوتە خۆڕاژەندن..

کەوتنە تەماشای یەکتری..هەردووکیان بیریان لە هەمان شت دەکردەوە..بەڵام کێ مافی ئەوەی هەیە لە نێو ئەم چوار دیوارەدا قسە بکات ؟!!

– وڕێنەیە..

مایرهۆڵد زەردەخەنەیەکی هاتێ

لێکۆڵەر پەنجەی نا بە دوگمەیەکدا..هاواری بەسەر ئەوەدا کرد کە هاتە ژووری: بیبەن

لە پەنجەرەکە نزیك کەوتەوە و کردیەوە..



سەدای گۆرانیەکەك لە شیعری دۆنایفسکی هاتە نێو ژوورەکەوە: " وڵاتێکی تری وەك ئەم وڵاتە ناناسم..تیایدا مرۆڤ بتوانێت لێرە زیاتر هەوای ئازادی هەڵمژێت"...

لەودیوی پەنجەرەکەیشەوە ژیانێکی نوێ گەیشتبووە پلەی کوڵان..

زینۆچکا دەستە قورسەکانی هەڵبڕی و داڵغەگرتی..چۆن هەروا بە کاوەخۆ ژیانی..دڵۆپ دڵۆپ.. ماڵئاوایی لێدەکات..ئەی دواتر چی ؟

بەڵێ..هاتەوە بیرم..دواتر جیهانی کپی و بێدەنگی..

هێندەی نەبرد هەندێ سیبەری نامۆی بینی لەسەر دیوارەکانی دەوروبەری دەجووڵان..بە دواترین هێز و توانای کە مابووی بە زۆر هەستا و چاوی لەو سێبەرانە ورد کردەوە..

– سێریوجا !!!

سێبەرێکیان وەستا..لە شوێنی خۆی رەق راوەستا و دواتر بەرەو رووی بە راکردن هات..

بە نووزەی کاتی گیانەڵا چرپاندی..بوەستە..هەرئێسسسسس..

لە یەکێك لە سووچە تاریکەکانەوە پیاوێکی رەش دەرکەوت..لەو جەستەیەی سەر زەوی نزیکبووەوە..شەپقە درێژەکەی سەری داگرت..کەمێك وەستا و دواتر لەدەرگاکە چووە دەرێ و لە قادرمەکەوە دابەزی..دوو بکوژەکەیش بە خێرایی بە لایدا تێپەڕین..دوو دەستی بە خوێن سووربوویان

بە دیوارەکەوە مۆر کرد..لە دوورەوە چرپەیەکی نزمی هاتە گوێ..

– خودایە..ئەوە راستە کۆتاییم پێهاتووە ؟

– ئەوە راستە رۆحیشت وەك خۆت لە خوارەوەدایە..؟

پێموایە..پێموایە هێشتا لە دوێنێدا دەژیین..

ئازیزانم..ئازیزانم..

* * *

وێنەگرتن کۆتایی هات..سوپاس بۆ هەمووان..

ئەلوچکا..زۆر جوان بوو..زۆرجوان..وەرە ماچت کەم..

دەرهێنەر دانەویەوە بۆ ئەو ئەکتەرەی لەسەر زەوی کەوتبوو بۆ ئەوەی راستی بکاتەوە: کەس پێینەوتوویت تۆ ئەکتەرێکی مەزنیت؟

بە دەم سەیرکردنی ئاناوە کە بێبڕستانە لەسەر کورسیەك دانیشتبوو بانگی لە هەموویان کرد:

هاورێیان..ئەوەمان ماوە بە دەستی دەرهێنەر چایەکیش بخۆینەوە..

سەیرێکی ئەمی کرد و بەتووڕەییەوە: چیتە ؟

سەیری هەموو ئەوانەی دەوروبەری کرد..

کۆنیاکم بۆ تێکەن..وتم کۆنیاك.. ماوە یان نەماوە..

– ئێستا دەیهێنم..

وێنەگرەکە هات و تەرمۆزێکی بچووکی هێنا..

دەرهێنەرەکە کوپێکی باغەی درێژ کرد



– تێیکە..بۆ وا سیخناخت کرد؟ شێت بوویت؟!!

سەیرێکی ئانای کرد کە بێ جوولە دانیشتبوو و کوپەکەی بۆ درێژکرد

– بخۆرەوە..

بە نەخێر سەری راوەشاند

کوپەکەی لێوەرگرت و بەخێرایی خواردیەوە..دواتر دایەوە دەستی و لەویشەوە بۆ وێنەگرەکە..وێنەگریش کوپەکەی دایە دەستی یەکێك لەوانەی بەلایدا رۆیشتن..ئەویش کەمێك بۆ بیرکردنەوە راوەستا..دواتر ئاخزەجگەرەکەی تێکرد و دایەوە بە وێنەگرەکە..ئەویش خستیە سەر تەلەفزیۆنەکە..

– ئێرە بۆتە شێتخانە؟!!

– ئانا..دەی خێرا..خۆت بگۆڕە..وەرەوە سەر خۆت..ئیتر بەسە!

بە نەرمی بەرەو ژووری ماکیاژی برد و لە تەلەفزیۆنەکە نزیك کەوتەوە..لە راستیدا بلیمەتیەکەی لەوەدا بوو کە داوای کرد وێنەگرتنی دواین دیمەن لێبدرێتەوە..

ئانا..جوانە..زۆرجوان دیمەنەکەت نمایش کرد..تەواو چوویتە نێو کارەکتەرەکەوە..دەی جارێکی تریش..

ئەو پارچە کریستالەی بە پەتی باریك بە بنمیچەکەوە هەڵواسرابوو گڕی مۆمەکانی لێوە دیاربوو..دارعودەکانیش ژوورەکەیان پڕ بۆن و بەرامە کرد و ئیتر هێدی هێدی بەدەم مردنەوە خۆڵەمێشیان

دەخستە سەر مێزە دەستکردەکە.. لە پترۆفکاوە پیاوێك گەیشتە بارەگای هەواڵگری

– بە راستی تۆ جێی سەرسورمانیت..تۆ لێرە..

ئەو پیاوە چاو ژیر و ماندووەی لەبەردەم برۆنسیلافدا دانیشتبوو..بە وریاییەوە کوپە چاکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت..

زەحمەتە ئێستا لە ژیاندا شتێك هەبێت سەرسامم بکات..

برۆنسیلاف بە بایەخەوە تەماشای لێکۆڵەری دەکرد..دواتر پەڕەکاغەزەکانی بەخت خوێندنەوەی هەڵگرت و یەك پەڕەی لێ دەرهێنا و چاوی تێبڕی..بە دەنگێکی نزم چرپاندی: بەڵام هێشتا نەمردووە.

تارمایی سەرسامبوون لەسەر ڕوخساری لێکۆڵەر زیاتر بوو..

– هێشتا لە ژووری بووژانەوەیە..پزیشکەکان تەئکید دەکەنەوە کە هیچ مەترسیەك لەسەر ژیانی نەماوە..

لێکۆڵەر جگەرەیەکی دەرهێنا..بەڵام کە دوکەڵی دارعودەکەی بینی جگەرەکەی لابرد..

بە پێی رووداوەکان دزەکان دوو کەس بوون..لەدەرگای باڵکۆنەکەوە هاتوونەتە نێو شوقەکەیەوە..ئەو نووستبوو..بەڵام پێدەچێت گوێی لە دەنگ بووە و بەرەنگاریان بۆتەوە..ئەوانیش چەند چەقۆیەکیان لەسەر دڵی داوە..دراوسێکانی کە گوێیان لە قیژە و فیزاحی بووە..تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کردووە..



لێکۆڵەر بە هۆی تەماشاکردنی تۆپە بچکۆلەکانی نێو لەپی برۆنسیلافەوە کە دەسووڕانەوە و دەسووڕانەوە..بێدەنگ بوو. بەڵام رزگاریان کرد..لە ڕاستیدا کەسێکی ناسیاوی کە لەوکاتەدا بە ڕێکەوت بەلای ماڵی ئانادا گوزەری کردووە..رزگاری کردووە.

برۆنسیلاف روانیە لێکۆڵەر: کەسێك لە ناسیاوەکانی.. مەبەستت سێرجیە ؟!!

بە زەردەخەنەیەکەوە : سێرجی ؟ بێگومان سێرجی..ڕاستە. لەسەر پەڕەکاغەزی دەرەنجامی نووسینگەکەی خوێندمەوە کە هەفتەیەك بەر لەو رووداوە لای تۆ بووە بۆ قسەکردن لەشتێکی گرنگ..لەسەر پەڕەکاغەزەکە ئەم وشانەم بینی" کوشتن..شوقە..بڕۆم یان نەڕۆم !"..رەنگە تۆ لەمبارەیەوە شتێك بزانیت و پێمان بڵێیت..

برۆنسیلاف بە نیمچە پێکەنینێکەوە: کەواتە هێشتا ماوە..لەو ڕۆژەدا لە بارەی یاریەوە لەگەڵ ئانا قسەم دەکرد..ئەگەر یاریەکەیش یاری نەبێت ئیتر کەسیش ناتوانێت پەردەکە داداتەوە..

* * *

لێکۆڵەر "ماڵە چینیەکە"ی جێهێشت و بەنێو باخچە ئارامەکەی ئارمیتاجدا تێپەڕی.. خۆی لە شەقامی پترۆفسکادا دیتەوە.. لە جامی کراوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەلایدا تێدەپەڕین.. دەنگی موزیك دەهاتە گوێی..

لە شەقامەکەیشدا هاواری ژیانێکی نوێ هەڵسا..

**نووسەر لە چەند دێڕێکدا:**

* ناتاليا ڤيكۆ.. ژنە ئەديبێكی رووسييە و ساڵی ١٩٥٥ لە شاری لەندەن لەدايكبووە..شەش ساڵ لەوێ ژياوە و دواتر بە خێزانەوە چوونەتە ڤيەننا و چوار ساڵيش لوێ ژياون. دواجار لە ساڵی ١٩٦٥ وە تا ئێستا لە مۆسكۆ دەژی..

* ساڵی ١٩٧٧ لە كۆلێژی " ديكۆمێنتە مێژووييەكان" ی سەر بە پەيمانگەی حكومی بەشی "ديكۆمێنت و بەڵگەنامەكان"ی تەواو كردووە..لەو سەردەمەيشدا سيستمی خوێندن لەيەكێتی سۆڤێت دەبوو پەيمانگەكان چەندين كۆلێژ لە خۆ بگرێت..دوای رووخانی يەكێتی سۆڤێتيش ئەو پەيمانگانە بوو بەم زانكۆيانەی ئێستا..دوو ساڵ دواتر ناتاليا لە بەشی " هەيكەلی حكومی و سيستمی كۆمەڵايەتی لە رووسيای بەر لە شۆڕش دا" كە ئێستا بۆتە"زانكۆی رووسيا بۆ زانستە مرۆڤايەتيەكان" دكتۆرای وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨٢ شدا بە كاتێكی پێوانەيی بە نامەی"ميكانيزمەكانی كارگێڕی ناوخۆيی شاری مۆسكۆ لەماوەی ساڵانی ١٩٠٥ – ١٩١٢ بڕوانامەی دكتۆرای بەدەست هێنا.

* لە ساڵی ١٩٧٣ تا ساڵی ٢٠٠٠وە لە خانەی بڵاوكردنەوەی "دائرە المعارف السوفيتيە"ی سەر بە سەنتەری توێژينەوە كولتوريەكانی وەزارەتی رۆشنبيری پێشووی سۆڤێت ئيشی



كردووە..دواتر خۆی بۆ نووسين تەرخان كردووە..لەهەمانكاتدا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە خانەی بڵاوكردنەوەی "الموسوعە الدوليە"دا لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٠ كاری كردووە..لەوخانەيەدا لەسەر بابەتە مێژووييەكان نووسيويەتی، بە تايبەتی لەبارەی ماوەی بەر لە شۆڕشی ١٩١٧ بەلشەفيك..

* جارێكی لە پەيمانگەی خۆرهەڵاتناسی پراكتيكی لە مۆسكۆ كەوتەوە خوێندن و ساڵی ٢٠٠٣ لە "ميسر ناسيدا" بڕوانامەيەكی بەدەست هێنا كە زۆر شەيدای ئيشكردن بووە لەو بوارەدا..

وەرگێڕ بۆ عەرەبی/ عەلی فەهمی عەبدولسەلام
لە بڵاوكراوەكانی (پرۆژەی نەتەوەيی بۆ وەرگێڕان) چاپی يەكەم ٢٠٠٦.